لێکۆڵینەوە

# شوناسی نادیار و سروشتی ڕۆمانی کوردی

صلاح جلال





## ١) پرسیاری کلتور

لەم خاڵەوە لە کەوتنە خوارەوەی پرسیارەوە دەکەوینە نێو یۆتۆپیای کەوتنە خوارەوەی جیهانەوە (..) ئەمەش بە پێناسەی پێکهاتەی مەعریفی نوێ و بەراورد کردنی بە ڕۆمانی کوردیەوە ترسناکی گەورەمان تووش دەبێت! پرسیار لەسەر کەوتنە خوارەوەی پرسیارەکان و واقیع و فەزای کلتور بۆ دروست دەبێت، ئایا چۆن دەست پێبکەین ؟ چی دایەلۆگێکی فیکری بکەینەوە؟! چۆن شوناسی نادیاری ڕۆمان لە کلتوردا بدۆزینەوە؟! چی شوناسێك بە ڕۆمان بدەین؟

لەکاتێکدا پرسیارمان لەسەر ئەو کلتورە بۆ دروست دەبێت ، ئایا چی لە زانستەکان و فەلسەفە و مەعریفە جۆراو جۆرەکانی تێدایە ؟ چۆن ئەم ژانرە بەرجەستە دەکات ؟ ئایا چەمکەکانی توانای ئەوەیان هەیە ئەم ژانرە دابمەزرێنن ؟! تاچەندە لە ئاستی مەعریفە جۆراو جۆرەکاندا لەسەر ئاستی رابردٍ و ئێستا بناغە و پێکهاتەکانی ڕۆمانی دامەزراندوە ؟ یان ڕۆمان وەك هەوڵێکی جیهانبینی بەرەو فەزای ئەو کلتورە هاتووە؟! یان لە ڕابردوودا دەتوانێت زنجیرەیەکمان بداتێ بۆ ئێستا ، تا ئێستا ناز ناوی ڕۆمانی کوردی بەر جەستە بکات و ئێستا لەسەر ئەو ڕابردووە بەرەو ئایندە ببات؟! کە لەم خاڵەشدا پرسیار لەسەر ئیشکردن و پەیوەندییەکانیەتی لەناو چەمکە مەعریفیەکانی ئەو کلتورەدا.

هەر لێرەوە بۆ شوناسی ڕۆمانی کوردی تووشی سەرسامییەکی گەورە دەبین، چۆن ئاست و قۆناغ و چەمك و بونیادەکانی شی بکەینەوە؟ لە کاتێکدا کە زۆربەی پانتاییەکانی چۆڵن و جگە لە چەند هەوڵێکی نووسینی ڕۆمان بەڵگەنامەی تر نادۆزینەوە هەتا شوناسی ڕۆمانی پێ بەرجەستە بکەین، لە کاتێکدا ڕۆمان بەشداری و ناوەندێتی فرە مەعریفی و مەعریفە جۆرا و جۆرەکانە، هەوڵدانی گەیشتن دەدات بە مەعریفە کۆنو نوێیەکان ، بەڵگەنامە مێژووییەکان لە زانستی مێژوو وەردەگرێت، هەروەها پەیوەندی بە زانستی ڕەوشت و زانستەکانی تر و فەلسەفە

( گوتارەکەی لە زانستی کۆمەڵایەتی و مێژوو و زانستی دەروونزانی و ئەفسانەکان وەردەگرێت بۆ گەیشتن بە فیزیای نوێ ، لەبەر ئەمە ڕۆمان زیاتر ژانرێکی ئەدەبی گەنجە لە نێوان ژانرەکانی تردا (١) ل١٨) بەم جۆرەش ڕۆمان بەشدار بێت لە کایە مەعریفییەکان و نوێ کردنەوەی دایەلۆژی فیکری و بەشداری فرە زمانی ئاسۆیی ببێت و لە هەوڵدانی باڵادەستی دا بێت لە ناو ژانرەکانی تری ئەدەبدا، ببێتە ژانرێکی دینامیکی سەرسوڕهێنەر و مەعریفی.. هتد چۆن لە کلتوری ئێمەدا شوناسی بۆ بدۆزینەوە؟ لە کاتێکدا کە لە ڕووی زانستەکان و فەلسەفەوە هیچی نییە و پرسیار لەسەر پانتاییە بەتاڵەکانی ئەو کلتورە دروستدەبن، کە نەتوانراوە پڕ بکرێنەوە و قەیرانێکی سەرتاسەری فەزای ئەو کلتورەی گرتووە. هەر بۆیەش دەیەها پرسیاری گرنگ لە منداڵدانی پرسیاری تردا دروست دەبن و بۆ گەڕان بۆ ڕەگ و ڕیشاڵی ئەم ژانرە لە کلتوردا تووشی سەرسامیمان دەکات ، شوناسی ئەم ژانرە





ئەدەبییە باڵایە نادیارەو جگە لە چەند دەقێکی ڕۆمان لە سەدان لایەنی گرنگی ڕۆمان خۆی هیچی ترمان نییە. بۆیەش بۆ کردنەوەی دایەلۆژی فیکری لەسەر ئەم ژانرە ئەدەبییە پێویستی بە دەیان باس و لێکۆڵینەوە و مشتومڕی کۆمەڵی هەیە.

چونکە کاتێك کە سەیری ڕۆمانی کوردی دەکەین لە ئاستی جیهانیدا ، وەکو سەیر کردنی کەسێکە لە نیوە شەوانی پڕ لە ئەستێرەدا سەیری درەوشانەوەی ئاسمان بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ناچارین دایەلۆژی ئەم ژانرە بکەینەوە و هەوڵبدەین لە ئێستاوە بەرەو ئایندە بچین ، وەکو چەند سەدە لەسەر یەك لە دایەلۆژی فرە زمانی ئەم ژانرە ئەدەبییە بێبەش بووین ، با ئیتر زەمەنی تری نەچێتە سەر و زەمەنێکمان بۆ دەستپێکردنی ڕۆمان هەبێت ، ئەویش بەرەو پرسیارەکانمان دەبات.

ئایا ئەم قەیرانە ئێستایە یا ڕابردوو ؟ تێکستە یان ڕەخنە؟ کلتورە یان ناسنامە؟ تێۆرە یان ڕاڤە و لێکۆڵینەوە؟ کە هەر جارەی پێگەیەك یان کەسێك چاو پێکەوتنی لەسەر دەکات ، کە زۆریان ناتوانن هۆکارەکان شیبکەنەوە، قۆناغ و ئاست و پەیوەندی ئامادەبونی زەمەنی خوێندنەوەیە یان نوسین؟ چۆنایەتی تێکستەکانە یان نەبونیان ؟ یان نەبونی ڕاڤە و تیۆر و ڕەخنەیە، چونکە پێویستە بۆ ئەم گەڕانە واقعیی ئێمە بخوێنرێتەوە، هاو کێشە کردنی ڕۆمانی کوردی بە ڕۆمانی عەرەبی و ئەوروپی خۆی لە خۆیدا ترسناکیەکە بۆ دۆزینەوەی ناسنامە، ئایا ئەم ناسنامەیە بە تەنیا تێکستە یا خود تیوری ڕۆمانە بە گشتی ؟ کە ئەمەش خوێندنەوەیەکی سەرتا سەری دەوێت ، چونکە ڕۆمانی کوردی لە چەند بەشێکدا گەشەی کردوە کە هەر بەشەی کارتێکەری کلتوری

نەتەوەیەکی جیاوازە.لە لایەکی تر هیچ پیشەیەکی تیوریمان نییە بۆی.
هەر بۆیە ناسنامەی ڕۆمانی کوردی تۆێژینەوەی قوڵی دەوێت، ئایا بۆ دۆزینەوەی ئەم ناسنامەیە نابێت جیهانە بەر فراوانەکەی ڕۆمان ڕاڤە بکرێت و پێکهاتەکانی تری شیبکرێتەوە لە ڕوی زانستەکان و فەلسەفە و هونەر و ژانرەکانی تری ئەدەب ؟ کەلای (باختین) ڕۆمان ژانرێك نیە لە نێوان ژانرەکانی دیدا لەبەر ئەوەی تاکە لەنێوان وێنا کردنی ژانرەکانی دیدا، بەژانرێکی دینامیکی سەرسوڕهێنەری دەزانێت ، لەبەر ئەوەی بەردەوام لە دروست بوندایە، لە پاش پەرەسەندنیەوە لە هەموو زەمەنە نوێکاندا، ئەمەش لەبەر ئەوەی بەردەوام ڕەخنە لە ژانرەکانی تری ئەدەب دەگرێت. چونکە زەمەنی ڕۆمان زەمەنی دایەلۆژی مەعریفە جۆراو جۆرەکانە. ژانرێکە لە توانای دا هەیە بە جۆرەکانی مەعریفە و زانستی دەروون ناسی و کۆمەلأیەتی و پێکهاتەی فەلسەفە و لەگەڵ ئەوەشدا بە ئەفسانە و چیرۆك و ئاینەکان بگات.

بەم پێیەش ناسنامەی ڕۆمانی کوردی گەڕانێکی زۆری دەوێت، ئایا ئەمە بەرپرسی ڕۆژنامەگەری کۆتایی دێت ؟ لە کاتێکدا کە پێویستی بەدەیەها لێکۆڵینەوەی جیا جیا هەیە. لە کاتێکدا ئەو ڕاپرسیانە کە ڕوبەڕوی کەسێکی وەکو (هایدیگەر) یان (فۆکۆ) و (جابری) ..... هتد کراونەتەوە بۆ ئەوە بووە تیشك بخەنە سەر ئەو پرۆژە فیکری و فەلسەفی و زانستیانەی کە هەیانبووە، هەتا خاڵە ئاڵۆز و تاریکەکان لە فیکری ئەو بیرمەندانەدا بدۆزنەوە، هەر لێرەوە کێشەی ڕۆمانی کوردی دەردەکەوێت ، کە کێشەی ڕاڤە نەکردن و نەبوونی کەسی بیرمەندە چ لە ڕووی تێور و ڕەخنە و ئاستە جیا جیاکانی تری ، چونکە زۆر لەو





خویندنەوە سەرەتاییانەی بۆ ڕۆمانی کوردی کراوە زۆربەیان جێگەی سەرسوڕمانن ، چونکە ناتوانن ئیش بە مێتۆد بکەن و هیچ سەرخستن و داهێنانێکیان نییە، بەڵکو ئەوشتە باوانە لە کتێبی تر وەردەگرن ، زۆر بەیان ناکۆکن ، کە ئەمە کێشەی ڕۆشنبیری کوردییە، زۆر بەیان کە ناتوانن بەرهەم هێنان بکەن ڕاستەو خۆ لە لاپەڕەی کتێبەوە دەگوێزرێنەوە و زۆریان ئاڵۆز و ناکۆکن، چونکە لە یەك کاتدا لە هایدیگەر و هابرماس و فۆکۆ و دۆلۆزی وەرگرتووە.بە تێکەڵییەکی وا کەمانای تێگەیشتنیان نییە، ئەمانەش سود بە ڕۆشنبیری کوردی ناگەیەنن ، کلتوری ئێمەش بە کلتوری ئەوروپی هاوکێشە دەبێت ، کە کلتوری ئەوان پاپەندی ژیاری مێژوویی خۆیانە.

هەر بۆیە شیکردنەوەی ڕۆمانی کوردی و دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشاڵی بەدوا گەڕانێکی زۆری دەوێت لە چرکەکانی ئێستادا ، چونکە کاتێك کە کلتور شیدەکەینەوە لەگەڵ ئاست و پێکهاتەکانی ڕۆمان دەبینین ئەم ژانرە لەو کلتورە مەحروم بووە و کلتور لە توانایدا نەبووە ئەم ژانرەش وەکو ژانرە ئەدەبییەکانی تر بەرجەستەبکات بەو ناز ناوەی کە ئێستا شوناسی ژانرەکانی تری ئەدەبن ، هەربۆیەش پێویستە بپرسین ئایا ئێستا تواناو ئامادەکارییەکانی هەیە بۆ ئەوەی ئەم ژانرە ئەدەبیە ڕەگ و ڕیشاڵی خۆی لەو کلتورەدا بەرجەستەبکات ، یان چۆن شوناسێك بۆ ئەم ژانرە دیاری دەکات ؟ ئایا دەتوانین لە گەڕانەوەیەك بۆ ڕابردوو خوێندنەوەی ئەو پێکهاتە گشتگیرییەی ڕۆمان بکەین کە پێکهاتەکانی سەدان لایەنی گرنگە، دەتوانین لەسەر چەمکە تەقلیدیەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی ئەوروپی لە ئێستای ئێمەدا ڕۆمان لەسەر چەمکە

کۆنەکان دابمەزرێنین ؟ یاخود دەبێت لە ئێستادا بەجیهان بینین و لەناو چەمکە مەعریفییە نوێکاندا نەشو نوما بکات؟! یا خود دەبێت لە ئێستایەکدا گڕو گاڵ لەسەر دایەلۆژی ڕۆمان بکەین کە بیریارانی ئەوروپی بەیەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی پێشکەوتنی هەموو ئەوروپای دادەنێن و ڕۆمان پانتاییە ڕۆشنیرییەکانی جیهانی داگیرکردووە. ( کۆلن وڵسن ) ڕۆڵی گرنگی ڕۆمان لە گۆڕانی کۆمەڵگەی ئەوروپی بە زیاتر لە هەوڵی (مارکس و فرۆید و نیچە) دادەنێت. هەر بۆیەش لەم ساتەوەختەدا چۆن بگەڕێینەوە بۆ چەمکە تەقلیدییەکانی ڕابردوو ؟ لە کاتێکدا کە هیچ بابەتێکی بەکەڵکمان نیە بۆ پێکهاتنی ڕۆمان ، پرسیارەکەش لەوەدا بەرجەستە دەبێت چۆن شوناسی ڕۆمان بدۆزینەوە؟! لە کوێوە پەیوەندییەکانی کلتور بزانین ، کەمێژووی ڕۆمانی ئەوروپی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (١٨) ئێمەش ئێستا لە کاتێکدا گەڕانەوە بۆ کلتوری کوردی کەلەڕووی زانستەکان و فەلسەفەوە هیچی نییە و نەگەیشتۆتە زەمەنی سەرەتاییش. بەم پێیەش دوورە لە فەلسەفەی ئیستاتیکی ، پێویستە ئەو پەیوەندییانەی ئێستاش بە ڕابوودوو بزانین ، کە پرسیاری جەوهەری ئەوەیە ئێستا ئەو شتانە لە ڕابوردوو وەردەگرێت و دەخوازێت کە دەیەوێت چونکە ڕۆمان سەرەتا بە خودی مرۆڤێکی سەربەست دێت کە لە دوایەوە زەمەنی گشتی داخراوەکان هاتووە، بۆ ئەوەی ببێتە زەمەنی تایبەتمەندێتی کراوە.

بۆیە پێویستە بپرسین ڕۆمانی کوردی کەی گەشەی کردووە؟ لە کوێوە سەری هەڵداوە؟چیمان دەوێت و چیمان هەیە لە ڕابردوو هەتا بۆ ئێستا





بیخوازین ؟ ئایا لە ناو چەمکەکانی ئێستادا خۆی دادەمەزرێنێت یاخود بە گەڕانەوە بۆ کلتور ؟ ئایا توانیویەتی پەیوەندیەکانی لەسەر ئاستی ڕابردوو جیا بێتەوەو ئێستا بەرجەستە بکات یا خود نوقمی ڕابردووە؟.. یا خاوەنی ناسنامەیەکە لە ئێستادا ؟ یا چ پەیوەندیەکی لەگەڵ ڕابردوو هەیە ؟ کە ڕۆمان خۆی تیۆرێکی ئەوروپییە، لای باختین دەزگایەکی جێگرە.

هەرلێرەوە پرسیار بۆ ئەم ژانرە ئەدەبیە زۆرە، ئایا لەو پەیوەندی و گەڕانەوەیەدا دەچینەوە بۆ بنەڕەتی تیۆری ڕۆمان ، یان فەلسەفە و زانستەکان ، یا جێماوە میللیەکان ؟.. هتد ئایا ڕۆمانی کوردی توانیویەتی لە تیۆری ئەوروپی دابڕێت یان بەشێکە لێی ؟! ئایا ئەو ڕۆڵە تیۆری و ڕاڤەییە چییە، کە ڕۆمانی کوردی گەشەی پێکردووە؟ کامەیە ئاست و قۆناغ و بونیاد و چەمکە تەقلیدیەکانی ؟ ئایا چۆن ڕۆمانی کوردی خۆی دادەمەزرێنێ ؟ دەبێت ئاستەکانی تیۆر و تێکست و کلتور شیبکرێتەوە، هەتا ڕایەخێك بۆ ڕۆمانی کوردی دەستە بەر بکەین.

ئەگەر لێرەوە باس لە شوناسێك بۆ ڕۆمانی کوردی بکەین ، یان ئەو جیاوازیانە بزانین کە ڕۆمانی کوردی بە ڕۆمانی ئەوروپییەوە هەیەتی، ئەوا ئەو جیاوازیانە لە بابەت و ئەزمون و هۆکارەکانی تەکنیکدایە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ خاڵی دامەزراندن و ناسنامە و پڕ کردنەوەی ژوورە بەتاڵەکانی کلتوری ئێمە چۆن دەبێت ؟ چونکە کلتور ئامار نیە، وە ئەوەش بە باری ڕۆشنبیری کوردی ناکرێت ، لە کاتێکدا ڕۆمان دەتوانێت لەناو چەمکەکانی ئێستادا کار بکات و خۆی دابمەزرێنێت ،

لێرەوە ڕێچکەیەك بۆ ڕۆمانی کوردی دروست دەبێت کە خوێندنەوەی جدی تێکستەکان بکرێت ، ئەوسا پەیوەندیەکانی بە کلتورەوە دەردەکەون ، ئەمەش ئاستی ڕۆمانی کوردی و پەیوەندیەکانی بەرز دەکاتەوە کە دەبێت ئەوەش بزانین گۆڕینی ئەو واقیعە باوە ئەرکێکی قورسە و ڕاڤە کردنێکی زۆری دەوێت ، چونکە پێویستی بە کەسی بیرمەند و پێگەی گۆڕان هەیە، پێگەیەك لە توانایدا هەبێت واقعێکی فیکری دروست بکات ، ئەمەش پێویستی بەهەمە ئاهەنگی گەورە هەیە، چونکە تا ئێستاش زۆر لە پێگە ڕۆشنیریەکانی ئێمە دیکتا تۆریەتی تاکە کەسی بەڕێوەی دەبەن ، لە کاتێکدا پێویستە بە ڕووی جیهانی فیکردا بکرێینەوە، چونکە ئەرکی بیرمەند ئەوەیە کە هەڵدەستێت بە گۆڕینی نمونەیی فیکر و پراکتیکی نوێ ، دیالۆگی فیکری نوێ دەکاتەوە، وەکو (عەلی حەرب) ئاماژەی پێ دەکات: بیرمەند ئەو کەسەیە کە داڕشتنەوەی شێوەکانی پەیوەندی بە حەقیقەتەوە بکاتەوە.

ئەگەر لێرەوە گەڕانێك بۆ دواوە بکەین ، بۆ ئەوەی بزانین لە ساتەوەختی پرسیاردا ئەگەر ڕیشەیەکمان بۆ پێکهاتە و بنچینە و بوون و سەرچاوە و مێژووی ڕۆمان و چەمك و بونیادەکانی هەبووایە ئەوا ئێستا پرسیارە کانمان شێوازیکی تری وەردەگرت.

ئێمە لە ئێستادا پاشماوەی باپیرانین .. نەوە بە نەوە ئێمەیان بە جێهێشتووە، ئێمەی بێشوناس لەم ساتە وەختەدا.

بێشوناسی ئێمە هی باپیرانە ئەوان دیکارتیان نەبووە بڵێ: ( من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم ) لۆکاتشی لە دوا بەجێ نەماوە کە لەم





هزرەوە بیری پاڵەوانی گرفت ئامێز وەربگرێت ، شێوەی ڕۆمانی لەسەر دابمەزرێنێت ، کە فەردی نامۆ شێوەی ڕۆمان دیاری بکات . هەروەها یۆتۆپیای کۆماری ئەفلاتونی نەبووە و بەشداریی گۆڕانە فیکری و فەلسەفی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی جیهانی نەکردوە، بۆیە باپیران لە جوگرافیایەکی داخراو و گەلێکی دابڕاو لە جیهان بەبێ شوناسی هاتن و ئێمەشیان بێشوناس کرد، لەم چەرخی ڕونا کبیریەدا. هەر بۆیە پێویستە ئێمە لە ئێستادا دایەلۆژی فیکری بکەینەوە، لە کاتێکدا کە جیاوازی ئێمە و باپیران بێ سنوورە لە ساتێکدا کە تەکنەلۆژیا هەموو ئاسانکارییەکی لە پەیوەندییە جیهانییەکان سازاندووە، لە بواری فرە زمانی و فرە ڕۆشنبیری و فرە ئاسۆیی و پەیوەندییە نێو نەتەوەییەکاندا کەوتۆتە ئاستێکی باڵا.

هەرلێرەوە گرفتی ئێمە لە قەیرانێکی سەرتاسەریدا لە سەر ئاستی ئێستا و ڕابردو و ئایندەدا دەردەکەوێت ، چۆن ئەو کێشەیە چا رەسەر دەکرێت ؟ دەکرێت زەمەن سفر بکەین ، بگەڕێینەوە بۆ ئەفلاتون و پرۆژەکانی ئێستا بخەینەوە بەردەمی باپیران هەتا نەوە بە نەوە هاوبەشی گۆڕانەکانی جیهان بکەن ؟ یان ئێستا لە سەر شەترەنجێکی یۆتۆپی هەموویان دروست بکەین ؟ یان ئێستا بە گرنگ و بەر پرسیارێتی وەربگرین ، سود لە کلتوری جیهان وەربگرین و بەرهەم هێنان لەسەر ئاستە جیا جیاکاندا بکەین ، هێڵێکی ئاسۆیی بۆ ئایندە بکێشین ؟! بەم جۆرەش ڕێچکەیەك بۆ پانتاییە بەتاڵەکانمان دەکێشین.

## ٢) پرسیاری بەرهەم هێنان

لێرەوە کە دێینە سەر پرسیاری بەرهەم هێنان ڕوو بەڕووی قەیرانی ڕۆشنبیری کوردی دەبینەوە، ئایا تا چەند توانای بەرهەم هێنانی هەیە؟ کامەیە خستنە سەر و داهێنانەکانی ؟ کە دیارە ئەمەش پرسیارە لە سەر بوونی بیرمەندەکانیەتی کە تاچەند دەتوانن لە پرۆژە فیکریەکاندا بە فیکرەکەیان ئێمە و جیهان بگۆڕن ؟ چونکە بیرمەند ئێمە و شوناس دەگوێزێتەوە بۆ زەویەك کە بیری نوێی تێدا دەڕوێت ، هەر لێرەشدا پێویستە ڕۆڵەکانی ڕۆشنبیر لەگەڵ بیرمەند لەبەر چاو بگرین ، وەکو ( عەلی حەرب ) ئاماژەی پێدەکات : ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە دەنگی بەرز دەکاتەوە یان قەڵەمەکەی بۆ پاریزگاریی لە سەر بەستی بەکار دەهێنێت.. بەڵام بیرمەند بۆ سەربەستی بیرکردنەوە داوا ناکات بەقەد ئەوەی هزرەکەی بە سەربەستی پیادە دەکات بە ئیشکردنی لەسەر خودی خۆی ، هەر بۆیەش پێویستە کەسانی بیرمەند بتوانن بە فیکرەکەیان دایەلۆژی فیکری ئێمە بکەنەوە، پانتاییە بەتاڵەکان بەداهێنان پڕبکەنەوە.. چونکە کە باس لە کلتور و پڕ بوونەوەی پانتاییەکانی دەکەین مەبەست لەوە نیە کلتور وەکو ئامار و گەنجینە پڕ بکرێتەوە، بەڵکو مەبەست لە کایە مەعریفییە جۆرا و جۆرەکان و چەمك و بونیادەکانە، پێویستە هەر تیۆر و مێتود و فیکرێکی جیهانی کە دەهێنرێت نەبێتە کار کردنی ئامێری وەکو (حەرب) ئاماژەی پێدەکات :





( ئەوەی لەسەر عیلمانیەت دەگوترێت ، هەمان شتە کە لەسەر دیموکراتی و عەقلانیەت و نوێخوازی دەگوترێت ، کە ئەم هزرانە ئامێر نین بیانگوێزینەوە و بەکاریان بهێنین ، بەڵکو ئەوانە ئەزمونێکن گرنگییان لە ناواخنی تاکڕەوی و داهێنانەوە بەرجەستە بووە ٢ لا٢٧ .

(حەرب ) نموونەی ( فۆکۆ ) دەهێنێتەوە کە خوێندنەوەی بەرداری بۆ (دیکارت و ئەفلاتون) کردووە و کە لەو دوو بیریارەدا مەعریفەی نوێ کردۆتەوە و لە هەمان کاتدا هزری نوێ کردۆتەوە. هەر بۆیەش ئاماژە بە نوێ کردنەوەی هزر دەدات ، بەم جۆرەش باس لە ئیشکردن دەکات لە نوێخوازیدا

( بەڵکو بۆ ئەوەی دەرچونێك دەربچین کە زیاتر دەوڵەمەند و خاوەن مەعریفە و هێز و ئامادەبوون بێ لە پەیوەندیەکانمان بە جیهان و شتەکانەوە (٣) لا ٣٧ .

لێرەوە گرنگی هەموو فیکر و تیۆر و میتۆدێکی جیهانی دەردەکەوێت، کە پێویستە دووبارە کردنەوەی بەرهەم هێنان و تەشکیل کردنەوەی بێت و کار کردن بێ لەگەڵ چەمك و بونیادەکاندا.. نەوەك هەر لە خۆوە لاپەڕە ڕەش بکرێتەوە و بیری بیریارێکی ڕۆژئاوا بگوێزرێتەوە سەر لاپەڕەی کوردی ، بەبێ ئەوەی داڕشتنەوەیەکی نوێ لەخۆی بگرێت.
کێشە و قەیرانی ڕۆشنبیریی ئێمە لەوەدایە، کە ئەگەر شارەزاکانمان تایبەتمەند بونایە بە داهێنان ، دەبوو هەرچی کێشەی ڕۆشنبیری ئێمە هەیە کۆتاییان پێبهێنایە، بەڵام بەداخەوە پرۆژەکانی فیکر و بەرهەم هێنانیشیان کوشتووە. چونکە داهێنان پێویستی بەتایبەتمەندێتی

هەیە، لە بوارە جیا جیاکان و ئاستە بەر بڵاوەکانی ڕۆشنبیریدا، توانا بوونی کار کردنە بە میتۆد و تیۆر و فیکری بیریاران لەناو چەمك و بونیاد و پانتاییە بەتاڵ و لاوازەکانماندا.. دووبارە کردنەوەی واقیع و بەرهەم هێنانە، هەڵوەشاندنەوەی شتە باوەکان و دامەزراندنی چەمکی نوێ یە.. هتد. کێشەی ڕۆمانیش بەوە کۆتایی دێت کە خوێندنەوەی خۆمان بکەین ، نەوەك بەو ڕا پرسیانەی کە زۆریان بەلای چەمك و بونیادەکانی ڕۆماندا ناچن و ناتوانن مێژوی ئێمە و ڕۆمان بخوێننەوە یاخود داهێنان لەپانتاییەکدا بکەن.

لەبەر ئەوەی ئەو ڕاپرسیانە زۆریان لە ماڵەوە لەبەر نووسینی بیرمەندەکانی تردا دەنوسرێنەوە و لەسەر ڕۆمانی کوردی دەبنە دەرزی ڕشانەوە و تاعون ، کە ئەو بیرمەندە لەسەر کێشەی ڕۆمانی نەتەوەکەی خۆی نووسیویەتی ، کە ئاست و زەمەنی ڕۆمانی ئێمە و ئەو، چەند سەدەیەکی تەواو جیاوازی هەیە، لە گەشەو پێکهاتە و کلتوردا. هەر بۆیەش زۆر لەو نووسینانە بۆشاییەك ( لەو ژوورە بەتاڵانەی کۆشکی کلتوری ئێمە پڕ ناکەنەوە).

هەر بۆیە قسەکردن لە سەر قەیرانی ڕۆمانی کوردی دەبێت لەو خاڵانەوە دەستپێبکات کە لە ئێستادا بوونی هەیە، ڕەخنە لە واقیعی ئێستا بگیرێت ، ئەو شتانەی کە لە کلتوری ئێمە دا بوونیان هەیە، ئەمەش لە واقیعی ڕۆمانی کوردیەوە سەیری بکەین نەك واقیعێکی تر. پێویستە لێرەدا جیاوازی لە نێوان کەسی بیرمەند و کەسێك کە حەرفێکی لە فیکر نەبێ بکەین. چونکە کەسی بیرمەند ڕق وقین و سانسۆری ( ناو ) ی لانییە، کەسێکە بە فیکر چەمکەکانی جیهان





دەگوێزێتەوە، چونکە کەسێکە بەرهەم هێنەرە بۆ فیکر و بەر لە هەموو کەسێك کێشەی لەگەڵ فیکری خۆیدایە و لە ڕێگەی فیکرەوە بە ڕووی جیهانی فیکردا دەکرێتەوە. وەکو (عەلی حەرب) ئاماژەی پێدەکات نەوەك بفەلسەفێنی و وڕێنە بکات. بەڵکو دەبێت دایەلۆژی فیکری ئێمە بکاتەوە، لەگەڵ جیهانی فیکر و دایەلۆژەکانی فیکری نوێدابن.. بە تایبەتیش قسەکردن لەسەر ژانرێکی وەکو ڕۆمان کە هەڵگری دەیەها خوێندنەوەی جۆراو جۆرە.. دەستکەوتەی هونەرەکانە بە گشتی و گەورەترین هەستداریێتی لە بەهاو کۆی توخمە هونەرییە جیاوازەکاندا هەیە، هەروەها وێنە و مۆزیکا و کار تێکەرە دەنگییەکان و مێژو و ئەو پێشبینیانەی بە ڕووداوەکانی دوا ڕۆژەوە پەیوەستن. هەر بۆیە بۆ ئەوەی ناسنامەیەك بۆ ڕۆمانی کوردی بدۆزینەوە پێویستە بەرەو پانتاییەکانی فیکر و نوێً بوونەوە و دایەلۆژ بچین ، نەوەك بەرەو دۆگمایەکمان ببەن لە نووسینی نەتەوەیەکی تر و ڕای بیریارێکی ئەوروپی لەسەر زەمەنی ڕۆمانی نەتەوەکەی.

ئەگەر تەنیا کێشەی ڕۆشنبیری بریتی بێت لە نووسینەوەی بیری بیریاران ئەوە تەنیا کاری وەرگێڕانە، کلتوری ئێمەش بەوە پڕ نابێتەوە کەڕای ئەوانە بە ڕووتی بهێنرێت، بەڵکو دەبێت خوێندنەوە بێت بۆ ئێمە و بۆ جیهانبین و ڕوانین و جارێکی تر وێنامان بکاتەوە، چونکە ئەو شێوازە کە لە کاری بیرمەندێك چووە دەر.. کەسێك لەسەر واقیعێکی وەکو ڕۆشنبیری کوردی نارەوا خۆی کردە بیریار، بەبێ پاشخانی فیکر و مەعریفە چی کارەساتێك بۆ ئایندە دەخوڵقێنێت ؟

ئەو شێوازانە بەشێکن لە وڕێنە کە لەسەر ئاستی فیکردا ترسناکی لە ڕادەبەدەرە. هەر بۆیە لێرەوە پێویستە بپرسین: چۆن هاوبەشی گۆڕانەکانی جیهان بکەین ؟! چۆن لە پەیوەندییە نێو نەتەوەییە ڕۆشنبیریەکاندا بەشداربین ، پانتایی و کایە مەعریفیەکانمان پڕ بکەینەوە؟! چۆن دایەلۆژی فیکری بکەینەوە؟! بە وڕێنەی ( ئەهلی گێژەڵۆکە ) [٤] ؟ یان بە دایەلۆژی ڕۆشنبیری ؟ کە دیارە هەنگاو بۆ ئەم پرۆژە فیکریە پێویستی بە گۆڕان هەیە ، لە سەرجەم پێگە ڕۆشنبیریەکانی ئێمەدا کە ئەم قەیرانە ترسناکەیان لە واقعیی کلتوری ئێمەدا سازاندووە.

هەر لێرەوە پێویستە بەرەو واقیعێکی نوێ بچین و دامەزراندنەوەی چەمکەکانمان بکەین.. کلتوری کوردی لە ئێستادا پێویستی بە گۆڕانێکی گەورە هەیە، کە لەو مەنگییەی ڕزگاری بکات ، کە ئەمەش دەبێت کەسانی تایبەتمەند بە بوارەکانی فیکر و داهێنان کاری تیادا بکەن نەوەک (ئەهلی گێژەڵۆکە)، چونکە بەر لە هەموو شتێک دەبێت ئەوە بزانین کە کلتوری کوردی لەئاستی جیهانیدا دواکەوتووە لە هەموو بوارەکاندا، هەر بۆیەش هاو کێشە و بەراورد کردنی بە کلتوری جیهانیەوە کارێکی زۆر زۆر ترسناکە و تایبەتمەندێتی فیکری دەوێت ، چونکە کلتوری ئەوان پابەندی ژیاری کۆمەڵگەی ئەوروپیە بە هەموو گۆڕانە فیکری و فەلسەفی و زانستی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانەوە.. بەڵێ سنوور بۆ ڕۆشنبیری نییە، بەڵام هەمیشە تایبەتمەندێتی و جیاوازیی لەبەر چاو گیراوە، ئەمەش لەوەوە دێت کە کلتوری خۆمان بە کلتوری ئەوروپا پێوانە نەکەین ، وەکو ( جابری )





ئاماژەی پێدەکات لەسەرئەقلی عەرەبی/ (بروانە . نحن والتراپ )، لێرەش کردەی بەرهەم هینان دەردەکەوێت کە پێویستی ئێمەیە چونکە تایبەتمەندێتی لە ڕۆشنبیریدا نیە وەکو (حەرب) ئاماژەبە (دیکارت) دەکات کە فەلسەفەی ئەوروپایی نوێکردبێتەوە، ئەمەی لە پێناوی فەڕەنسیەکاندا نەکردوە بەڵکو ئەو پانتاییەکی نوێی بۆ بیرکردنەوە کردۆتەوە ئەویش پانتایی( خودێتی ) یان ( من ) ە، چونکە ئەو تەنیا خۆی بە بیریارێک دەزانێت بەم پێیەش کارەکەی تایبەت مەندە بە هەموو کەسێکی بیرکەرەوە( من بیردەکەمەوە: کەواتە من هەم ) هەموومانی سەر قاڵ کردووە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی ، عەرەبی و ئەوڕپی لا ٢٨٤ .٢٨٣ ( ٥ )

لێرەشدا ئەوە دەردەکەوێت کە سنوور بۆ فیکر نییە.بۆیە (حەرب) ئاماژەی پێدەکات:

( من وای دانانێم کە دیکارت و کانت یان هایدگەر و فۆکۆ، هەروەها ئەرستۆ ئەوەندەی تایبەتمەندن بەڕوناکبیری ڕۆژئاوایی یەوە ئەوەندە تایبەتمەند نین بە منەوە ( ٦ ) لا ١٦).

هەر لێرەوە ئەو ترسناکیە لە پرۆژەی کار کردنی ئێمەدا دەردەکەوێت، چونکە دەبێت جیاوازی و تایبەتمەندێتی لەبەر چاو بگرین ، لەسەر ئاستی پرسیار و داهێنان ، تایبەتمەندێتی لەبەر هەمهێنان کە بتوانین داهێنان لە پانتایەکانماندا بکەین ، لەبەر ئەو تیۆرەی کە لەجیهاندا هەیە، پرسیارەکانی ( رۆب گریێ ) جیاوازە لە پرسیارەکانی کەسێک لەسەر ڕۆمانی کوردی کە شوناسی دیار نی یە. بۆیە ئەم شێوە کار کردنە لای کەسانی بیرمەند و ئەوانەی لە

مەجالەکانی فیکردا کار دەکەن دەبێتە داهێنان و لای ( ئەهلیش دەبێتە کارەسات )!! چونکە پرۆژە فیکریەکان بە وڕینە لەسەر بیریارانی جیهان تەواو نا بن.. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە داخراو بین . بەڵکو مانای کرانەوەمانە بەڕووی جیهاندا، بەڵام کرانەوەیەکی فیکری کە بتوانین چەمکە کۆن و بێ کەڵکە کانمان بە چەمکی نوێ بگۆڕین و داڕشتنەوەی نوێ بە حەقیقەتەوە بکەینەوە.

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بێ شوناسی ئێمە تەنیا لەسەر ئاستی ڕۆمان و پێکهاتەکانیدا نییە، بە قەد ئەوەی زۆربەی پانتاییەکانی ئێمە بەتاڵن ، ئێمە نەمان توانیوە داڕشتنەوەی خۆمان بکەین لە ئامادەکاریەکانی زەمەندا و چۆن ئێستا بۆ ئایندە بەرجەستە بکەین ؟ کامەیە پەیوەندییەکان کە زنجیرەی ڕابردووە؟ بۆیە پێویستە لە هەموو بوارەکاندا داڕشتنەوەیەکی نوێ بکەین، ،کلتوور پێویستی بە ڕاڤە و خوێندنەوە و داڕشتنەوە هەیە لە پەیوەندی ئەندامێتی یان.. لە ئاست و پلە و قۆناغەکانیان.. بە وێنەی ئەنتۆلۆژی نەوەك بە وێنەی ئایدۆلۆژی وەکو (حەرب) ئاماژەی پێدەکات.

پرسیارەکانمان بۆ شوناسی ڕۆمان ، بۆ داڕشتنەوەی پەیوەندییەکانمان و پەیوەندییەکانی ئەم ژانرە بەرجەستە دەبێت ، کە ڕۆمان خۆی ژانرێکی مەعریفییە و بەردەوام لە هەوڵی نوێ بوونەوەدایە و بەشدارە لە دیالۆژی فرە ڕۆشنبیری و فرە زمانیدا و پێویستە بە دیدو جیهانبینییەکی نوێ و لەسەر ڕوانینی نوێ بۆ شوناسی ئەم ژانرە سەر سوڕهێنەرە بچین ، هەوڵی خوێندنەوە و بەرجەستەکردنی بدەین لە ئاستە جیا جیاکاندا ، هەتا خۆمان لەسەر ئاست و پەیوەندی و قۆناغە





جیاوازەکاندا بخوێنینەوە، چونکە ڕۆمان لە ساتەوەختی ئێستایدا هەموو ئەو قۆناغانەی بڕیووە کە هەوڵ بدەین لەسەر بنەما شەفەوی و گەلییەکان لەناو کلتوری ئێمەدا شوناسی بدەینێ ، چونکە ئەو هەوڵی گەیشتن دەدات بە فیزیای نوێ ، لە پەیوەندی کار کردندایە لە بوارە مەعریفییە جیاوازەکان ، لەسەر ئاستی زانستەکان و فەلسەفە.

## ٣) پرسیاری شوناس

هەر لەم ناو نیشانە ترسناکەوە دەکەوینە نێو پرسیاری سەرسوڕهێنەر، ئەوەش پرسیاری شوناسە بۆ ڕۆمانی کوردی ، ئەمەش پابەندی ئەو پرسیارانەیە، کە لە فراوانی ئەو پرسیارانەی ترەوە بەر جەستەیە، چونکە کەباس لە شوناس دەکەین کۆمەڵێك نیشانەی هاوبەش هەیە، ئەمەش پێویستی بە دیالۆگ و مشت ومڕی هاوبەش هەیە، چونکە شوناس جیا کردنەوەی کۆمەڵێکی دیاریکراوە لەوانی تر، یاخود ژانرێك لە ژانرەکانی تر، یا ناو نانی ئەزموونی کوردی بە ڕۆمان و شوناسێك بەو ناو نانەی ڕۆمانی کوردی! کە دیارە شوناس جیاوازی هەیە لە شێوازەکانیدا ، کە باسیش لەم شوناسە دەکەین تەواو هەموو ئەو پرسیارەکانمان بەر جەستە دەبنەوە، چونکە پرسیاری کلتور و خود و نەتەوە و زمان.. هتد دروست دەبن. هەروەها ڕۆمان پابەندی تیئور و ڕاڤەو خویندنەوەیە، ناکرێت بەبێ دارشتەی تیئۆر باس لە شوناسی بکرێت ، کە ئەویش ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕیشەی تیئورەکەی ئەوروپییە، داهێنانی "هێجل ومارکس و فروید و لۆتکاشە و دوایی باختین بە داهێنانی شەخسی خۆی گەشەی پێدا ، ئەمەش بۆ ئێمە زۆر پرسیار و گومان دروست دەکات ، لە کاتێکدا ئێمە بۆشوناسی نەتەوە تووشی مشتو مڕێکی زۆر دەبین ، نازانین چۆن باس لە شوناسی بکەین ؟ ئیتر چۆن شوناسی ڕۆمان دیاری بکەین ، ترسناکی لێرەوەیە.





زۆر لە بیرمەندانی عەرەب بوونی شوناسی خۆیان لە زمانی عەرەبی و ئاینی ئیسلامەوە بەر جەستە دەکەن ( د. هاشم الملاح ) شوناسی ڕۆشنبیری عەرەبی لە دەرکەوتنی ئاینی ئیسلامەوە دیاری دەکات، کە توانی عەرەب یەك بخات لە بواری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری لە چوار چێوەی یەك نەتەوە و یەك دەوڵەتدا. بەم پێیەش ئیسلام لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە پەیامێك بووە بـــۆ عەرەب ، بۆ خەڵکەکەی . کە دیارە بیر و بڕوای جیاوازیشیان هەیە.

بەمجۆرەش ئێمە چۆن باس لە شوناسی ڕۆشنبیری و نەتەوە بکەین ؟ کە بە درێژایی مێژوو هیچ شۆڕش و ئاین ودەسەلاتێك نەبووە کورد یەکبخات ، هەمیشە لە پارچە پارچە بووندا بووە.

( د. هـاشم ) پێناسەکـــردنی بۆ شوناس لە پەیوەندی ئەندامێتی و ڕۆشنبیری و نەتەوەدا دەردەخات ، کە ڕۆشنبیری بەتوخمە جـــــۆر بە جۆرەکانی یەوە یارمەتی دەری پێك هاتنی نەتەوەیە و تایبەت مەندێتی جیاوازی دەداتێ ، کە ئەویش لە شوناس و کەسێتی نەتەوەییدا نواندنی دەکات، هەر بۆیە دەڵێ: (هیچ نەتەوەیەك بەبێ ڕۆشنبیرییەکی تایبەتی نابێت و هیچ ڕۆشنبیرییەکیش بەبێ نەتەوە بونی نابێت /٧ ل ٤٤

ئەمەش لە بەراوورد کردنی بە ئاستی ڕۆشنبیری و نەتەوەدا دەردەکەوێت ، کە کۆمەڵگەی ئێمە لەبەر داکەوتوویی لە بواری ڕۆشنبیریدا نەیتوانیوە خۆی ڕێکبخات ، لە بـەر ئەوەی شـــونـاس کـــــۆمەڵ جیادەکـــاتەوە بە سیفەتەکانی خۆیەوە لەوانی تر، ئەمەش دەبێتە بابەت بۆ ناکۆکی.

بەم پێیەش شوناسی ئێمە ترسناکە، ئەمەش لەوەدایە بەیەك نووسین و ڕایەك ناتوانین بگەینە ڕایەکی ڕەها لەسەری , چونکە پێویستی بەکرانەوە هەیە لە فیکر و دایەلۆگەکاندا. لەبەر ئەوەی واقیعی ئێمە شێوێندراوە، چۆن ئێمەش شوناس دیاری بکەین ؟ بگەڕێینەوە بۆ زەرادەشت کە بە هۆی ڕۆمی بێزەنتیی هەموو شوێنەوارێکیان کاول بوو ئەو پێشکەوتنەی کە هەیبوو لە زەمەنی خۆیدا کوژایەوە، دوای ئەوەش هەتا پێخستنەوەی کورد لەسەردەمە نوێکانی داکیرکەری نەهاتە ناو بواری پێشکەوتن ، لە لایەکی تر نەتەوە لە سایەی دەسەڵا تەوە یەك گرتووە نەبووە، هەتا ئێستاش ئێمە شیرازە پچڕاوین لە ڕووی نەتەوایەتی و چینایەتییەوە، هەر بۆیە شـــوناسی ئێمە ئـــاڵۆزە لەبەر ئەوەی زۆر لە بیریاران لایان وایە کە لەم دوو چەرخەی دووایی دا ئەم چەمکە دەرکـــــەوتوە، زاناکـــــانی کۆمەڵایەتی و ئەنترپۆلۆژیا ڕۆڵی کاریگەریان بۆ گێڕاوە کە ( د . هاشم ) شوناس لەسەر ئاستی ڕابردوو و ئێستا بەوە پێناسە دەکات، کە لە ڕابردوودا چەمکێکی میسالی جێگری هەبووە، بەڵام لە چەرخی نوێ دا سروشتێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ڕێژەیی هەیە گواستنەوە و گۆڕانی هەیە، لەگەڵ بزووتنەوەی مێژوو گۆڕانکارییە ڕیشەییەکانی ، هەر بۆیەش ئەو بەرفراوانبونەی داگیرکـــــەری کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دژی وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی کردوویانە، بەشاردنەوەی سیماکانی دەزانێت

(هەوڵدانی ئەم دەوڵەتانە بۆ سڕینەوەی سیماکانی ڕۆشنبیری و شارستانی ڕۆڵەکانی ئەم دەوڵەتە ژێر دەستانە ئەمە وای کرد , کە





هەستی نەتەوەییان تیادا زیندوو کردۆتەوە و پاڵیان پێوە دەنێت کە زیاتر پێ لەسەر ڕۆشـــــنبیری و شوناسی شارستانیانەی ناوازە دابگرن/ ٨ ل٤٣

دیارە بە درێژایی مێژوو ئێمە سیما و بوون و خاك و جوگرافیا و زمان و ...هتد سڕدراوەتەوە، هەمیشە لە ململانێی مانەوەدا بووین ، کە ئەمەش د. هاشم بە تاقی کردنەوەیەکی چارەنوس سازی دادەنێت

( لەم بوارەدا ئەمە تاقی کردنەوەیەکی چارەنوس سازە کە پەیوەندی بەتاقی بونەوەی ڕۆشنبیری و شارستانییەوە هەیە ئەویش ئەوەیە هەبێت یان نەبێت.) ٩ل٤٣).

ئەم ترسناکییەش لە سەردەمی نوێ دا لە شۆڕشی زانیارییەکانەوە دەبینێت لە زاڵ بوونی ئەم دەوڵەتانەوە لەسەر تۆڕە زانیارییەکان لە جیهاندا لەڕێگەی مانگی دەستکرد و تۆڕی تەلەفزیۆن و ئەنتەرنێت و دەزگاکانی هەواڵ و ڕۆژنامە و ڕۆڵی بڵاوکردنەوە، ئەمەش وای کردووە، کە دەوڵەتانی دواکەوتوو هەوڵی پاریزگاری شوناسی ڕۆشنبیری بدەن ، تا لە مەرگ ڕزگاری بکەن ، چونکە لای وایە کە مەرگی بایۆلۆژی کۆمەڵگە ناکوژێت.

( لەبەر ئەوەی نەتەوەکان لە ڕێگەی مەرگی بایۆلۆژی یەوە لە ناوناچن ، بەڵکو لە ڕێگای شیکاری کردنی ڕۆشنبیری یەکـــــانی و پوکانەوە و ئاوێتە بوونی نەوەکانیەتی بە ڕۆشنبیری نەوەکانی تر ١٠ ل٤٣) ئەم ڕایەش ئەوە ناگەیەنێت کە دابڕان و ڕای دۆگمایی هەبێت ، بەڵکو ئەو داوای دایەلۆژی ڕۆشنبیری و شارستانی دەکات لە نێوان نەتەوەکاندا لە پێگەی یەکسانی و ئاڵو گۆڕ کردنی ڕێزەوە، نەکو لە

پێگەی بێهێزییەوە، وەکو لاپەڕەی مێژووی ئێمە دەریدەخات کە هەمیشە بوون ومێژووی پوکێنراوەتەوە و هەمیشە دابڕاویان کردووە لە دایەلۆژی شارستانی و پەیووەندییەکان ، سیمایان شاردوٚتەوە و بەرەو مەرگیان بردووە، مامەڵەی دراوسێکان لەگەڵ کورد هەمیشە مەرگەسات بووە، تەنیا چەکیان نیشانداوەو لەو بوارەدا چاوی کراوەتەوە و لەلایەنەکانی تر دابڕاویان کردووە لەجیهان ، هەروەك " د، هاشم " لای وایە: ئێمە لە جیهانێکدا دەژین ڕێگە بە دابڕان نادات ، هەموو هۆکارەکانی پەیوەندی ئاڵو گۆڕی ڕۆشنبیری و شارستانییەوە بەرەو پێگەیشتن و دایەلۆژمان دەبەن ، ئەمەش دەخاتە ئەستۆی پیاوەکانی فیکر و ڕۆشنبیری و مامۆستاکانی دانیشگا و دوای ئەوانیش ڕۆڵی پیاوانی ڕامیاری و دەسەلآت ، هەتا ڕامیاری گشتی هەڵبژێرن بۆ گەشەی کۆمەڵ و پەرەسەندنی . لێرەدا ئاستی ڕۆشنبیری ئێمە تەواو دەردەکەوێت ، لە پێگەی بەرهەمهێنان و پرسیارەکانمان دەربارەی شوناسێك کە" حەرب" بە مینێکی چێنراوی دەزانێت و زۆر لە تێئۆریستەکانی جیهان بە سامنا کی لێی دەڕوانن.

ئیتر لە کوێوە بۆ شوناسێك بۆ ڕۆمانی کوردی بگەڕێین ، لە کاتێکدا ئەم ڕۆمانە لەسەر ئاستی تاقیکردنەوەی دەقی ڕۆماندا لە چوار پارچەی جیاوازەوە گەشەی کردووە، کە هەر یەکە پابەندی کلتوری نەتەوەیەکی جیاوازە، کە ئەوانیش دیسان تیئوری ڕۆمانیان لە ئەورووپاوە وەرگرتووە، کە ئەمە یەکێکە لەو کێشە ترسناکانە!! لێرەدا لە نیشانەی دەقەکانەوە دەتوانین ئەو ناونانە بکەین یا نا ؟! یان پێویستە بگەڕێین بۆ ئاستی خوێندنەوەیەکی بەرهەم هێن ، چونکە شوناسی ئێمە نادیارە





و لەناو گەرداوەکانی زەمەندا وونە ، ئایا لە چی زەمەنێکدا لە ئایندە بوونی هەیە ؟ چونکە ئێستا باس کردنی شوناس بۆ ئێمە ترسنا کییەکی گەورەیە، هەروەکو (عەلی حەرب) لە دواگەڕانی خۆیدا بۆ شوناس دەکەوێتە گەرداوی دوودڵی

(من لە نێوان شوناسە جیاوازەکاندا دوو دڵم ، لە پشتی چەند دەمامکێکی بێ شومارەوە خۆم دەشارمەوە [11] ص ١٠٦)

هەر بۆیەش دۆزینەوەی شوناسی من سەختە، چونکە بە درێژایی مێژوو لەناو گێژەنگی کارەساتەکاندا بووە، لە بنەڕەتدا بزرکراوە، لە کاتێکدا شوناسی نەتەوە و جوگرافیا و خاکم دزراوە، ئیتر چۆن بۆ شوناس بگەڕێم ؟ وەکو( حەرب ) ببمە فەرەنسی ، لەبەر ئەوەی بە ڕۆشنبریان ڕۆشنبیر بووم ، یان ببمە بودی و مەسیحی و ئەغریقی یان تەماهی لەگەڵ بکوژەکەمدا بکەم ؟! ئەی کەواتە چۆن بتوانم شوناسێکی نامۆ هەڵبژێرم کە هیچ نەبێت وەك مرۆڤێك جێگەی قاچم لەسەر زەوی ببێتەوە.

( بەم جۆرەش شوناسی من فراوان دەبێتەوە، تا سنورێك کە بێزم لە خودی خۆم ببێتەوە، وای دادەنێم کەمتر بم لە بەردێك [12] ل ١٠٦ )

بەم شێوەیەش ئێمە لە قەیرانی گشتگیری خۆماندا چۆن خۆمان بۆ شوناس ببینینەوە؟! لە کاتێکدا ئێمە لە ئاوێنە بەندی ژوورێکەوە سەدان تیشك لە چاومان دەدات.. لەوێوە جەستەمان بۆ شوناس دەبینینەوە.. کە دیل و بارمتەی بکوژەکەمم ، من لەگەڵ کێ تەماهی بکەم ؟ چۆن بوونی خۆم بدۆزمەوە ؟کامەیە ڕیشە و ڕەگەزی بوون و پەیوەندییەکانم ؟

ئیتر لە کوێوە لەناو جیهانی سەدان لایەنەکەی ڕۆمانەوە خۆمان بۆ شوناس ببینینەوە؟ لە کلتورێکی هەژار ، پڕ لە قەیرانی جۆراو جۆر، هەر بۆیەش ئەم هۆکارانە لە گومان و دوو دڵی بەرامبەر شوناسی پێکهاتەیی و شوناسی بوارەکانی تر بۆ ڕۆمانیش سەرسامیمان دەکات!

ئەوەشی کە زیاتر دوو دڵمان دەکات ئەو پرسیارەیە، کە ئایا ڕۆمانی کوردی شوناسێکی لە ڕابردودا هەیە؟! رەگ و ریشاڵ و چەمك و بونیادەکانی لەو کلتورەدا چییە؟! ئایا دەتوانین ئەم شوناسە لە ڕابردوودا بەر جەستە بکەین ؟! یاخود ئێستا شوناسێکی وەرگرتووە؟! یاخود لە گەردەلوولی مێژووی ئێمەدا بێشوناسی هەڵبژێرین و بەرەو ئایندە بۆ شوناس و دۆزینەوەی بچین.. چونکە شوناس نیشانەی هاو بەشی هەیە و بۆ شوناسی ڕۆمانیش دێینەوە ناو کلتور، لێرەشدا پێویستی بە ڕای کۆمەڵ و وتووێژی چڕ و پڕ هەیە. هەروەها شوناس گۆڕان و پەرەسەندنی هەیە، ئەمەش پەیوەستی چەمکەکانی تر دەبێت. چونکە ئامادەبوونی ئێمەیە بۆ داهێنان .. بۆ داڕشتنی جیهانێکی نوێ ، بۆ ناسینەوەی ئاستەکانمان، بۆ دەرخستنی جیاوازی و دا هێنان ، هێڵی پەیوەندییەکانی ڕابردو و ئێستا و ئایندە. بەرهەم هێنانی ئاستە جیا جیاکانە بەرەو زەمەنی ئایندە. هەر بۆیە شوناس واتایەکی ترسناکی هەیە، لەو پرسیارانەدا گێژمان دەکات کە ئێمە زمانمان گۆ ناکات.. کە ئێمە زەلیلین لە بەردەمی داهێنان بۆ کردنەوەی دایەلۆگی فیکری.

( وام لێهاتووە کە پرسیارکردن دەربارەی شوناس پرسیارێکی مین ڕێژکراوە.. ئامانجی بە کێشکردنە بۆ ئەوەی بکەومە داوەکەوە، چونکە





ئەو دەیەوێت کە ببمە بارمتەی شوناسەکەی خۆم ، دیلی بیر و بڕوا و نەریت و ئاکارە جێگرەکان یان بیرۆکەیەك ببم کە من هەڵم نەبژاردووە [١٣] لا ١٠٥)

ئەمەش مانای خۆ دۆزینەوەیەکە کە لەڕێی داهێنان و دەرخستنی جیاوازی و بەرهەم هێنان و ڕوانین و ئەزموون و زمانەوە ، نەکو شوناێکی سەپاو.

هەر بۆیە گەڕانی ئێمە بۆ شوناس زۆر زۆر سەختە، چونکە هەروا بە سانایی نانوسرێت..لەبەر ئەوەی نەمانتوانیوە لە جیاوازییەکاندا خۆمان بدۆزینەوە، شوناسیش لەڕێی پەیوەندییەکانیەوە بەر جەستە دەبێت کە پێکهاتەی نیشانەی مادی و مەعنەوین و لەیەك سیستەمدا بەر جەستە دەبنەوە، شوناسی ئێمەش بە هۆی قەیرانی ڕۆشنبیرییەوە، هیچ نیشانەیەکی لە ڕاڤەو توێژینەوەدا ئەو چەمکەمان بەواتای خۆی نیشان نادات.. بۆیەش بە دوای نادیاردا پەلکێشمان دەکات.. کە دیارە لەسەر ئاستی ڕۆمان و پێکهاتەکانی دەکەوینە نێو پانتاییەکی ترسناکەوە ( ڕابردوو ، ئێستا ، ئایندە ، زانستەکان ، فەلسەفە، ئەدەب ، هونەر ، خود ، ئەو ، ئەوان .. هتد).

سەرەتا لە گەڕانەوەی ڕابردوو ئەوا گەڕانە بە دوای گیای نەمریی ، یان بەشێکە لە شێتی ، چونکە ڕۆمان ئێستا لەو ئاستەدا نەماوە کە بگەڕێین بۆ مەعریفەی گشتی یان چەمکی سواو و لە کەڵك کەوتوو بۆ ئەوەی ئێمە لەم چرکەیەدا شوناسێکی بۆ ڕۆمان تیا دا بەرجەستە بکەین ، ئێستاش هەمان چرکەمانە کە لە پەیوەندیی ڕابردوودا ئەو ئامانجەی هەیە، بەرەو ئاییندەش ئەوا چرکەکانی ئێستامان ئەو

نیشانەیە دەردەخەن ، ئایا دەتوانین فراوانی کرانەوە بە هەموو پانتاییەکان ببەخشین و داهێنان بکەین ، ئایا لە تواناماندا هەیە دایەلۆگی فیکری نوێ بکەینەوە؟! ئایا دەتوانین پسپۆڕە فەیلەقیەکانی ڕۆشنبیری کوردی بجولێنین هەتا لەبەر خاتری سورەتی ( ن. و القلم ) بکەونە نوسین و داهێنان ئێمەش دیکارت و فۆکۆ تەنیا بە فەرەنسی نەناسین ، بتوانین ڕاڤەی تیۆری جیهانی بکەین ؟ چونکە ئێمە کە ئاستی ئێستای خۆمان و ئاستی ڕۆمان دەبینین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ، کە لە ئێستادا چ شوناسێك بدەین بەم ژانرە، لە کاتێکدا ئەو شتانەی کە لە ڕابردوماندا هەن هیچ زنجیرەیەکمان نادەنێ ، کە کۆمەڵێك ئاماژە یان شێوازی پەیوەندیە هەتا ئێمە لە ئێستای فیزیای نوێدا ڕۆمانی کوردی تیا دابمەزرێنین ، هەروەها کێشەی دامەزراندن و شوناس لە ئێستادا بۆ ئێمە ( کەوتنە خوارەوەی خودی جیهان ) خۆیەتی ، لـــە کاتێکدا کتێبخانەی ڕۆمـــانی کوردی ئاستێکی تەواو خراپی هەیە.

هەر لێرەوە ئێمە لە گەڕانێکی وا دا تووشی ئالۆزیی دەبین ، چونکە کێشەی بێ شوناسی ئێمە تەنیا ڕۆمان نییە، من خودێکی بێ شوناسم ، یان شوناسم بزر بووە.. یان گۆڕاوە).. هتد لە کوێوە بۆ شوناس بچم ؟ بە زنجیرەی زنجیرەکاندا شۆڕببمەوە بۆ رابردوو، بەرە و بنەڕەت ، یان لە ئێستادا پرسیار بکەم ، یاخود زەمەن سفر بکەم ، چەرخی ٢٢ بکەمە زەمەنی پرسیار ؟ چونکە شوناس لە بەر جەستە بوونی داهێنان و جیاوازیە کاندایە، لە فراوانبونی پانتا ییەکانی فیکر و دۆزینەوەی پەنجەرەی نوێ دایە.





( بەڵام من وای نابینمەوە کە شوناسێکی پێشترم هەبێت ، بەڵکو من هەمیشە شوناسی خۆم نەك تەنیا بە جیاواز ییەکەم لەگەڵ ئەوی دیدا دەبێت ، بەڵکو بە جیاوازیم لەگەڵ ئەوەی کە پێشتربووم ، هەروەها بە کردنەوەم بە رووی ئەو شتانەی کە لای ( ئەو ) ن ، بە گشتی من لە کاتی سەرقاڵ بوونم لە سەر دەقەکان پێم خۆشە، کە هەڵوەشاندنەوەیەك بکەم بۆ شتە قێزە ونەکان و نەفرەت لێکراوەکان پلە و پایەی هەرچی یەك بێت [١٤] لا ١٠٨ )

( حەرب) نیشانەی جیاوازی لە ڕۆشنبیریدا دەکات ، ڕۆشنبیریەك کە داخراوە زیاتر سروشتێکی دۆگمایی هەیە، بەم جۆرەش دیارییکراو جیا دەکاتەوە و دەبێتە مایەی شانازی بۆیان.

لێرەشدا گرنگی بیرمەند بەوە دیاری دەکات کە پێویستە پانتاییەك بۆ بیرکردنەوە بکاتەوە یان کەشێك بۆ تێگەیشتن، ئەمەش ئێمە دەخاتە بەر پرسیار و گومان ، گومان لە هەموو شتێك ، تەنانەت لە خودی خۆمان.. لە هەناسەکانمان! چونکە شوناس کردنەوەیە، فراوان بوون و جیهان بینیە! داهێنانە، تەنیا لە لایەنێکـــەوە سەیری ناکرێت. بەڵکو شوناس بە نیشانە مـــــادی و مەعنەویەکـــــانیەوە لەیەك سیستەمدا بەر جەستە دەبێت. بۆیە ئێمەش بۆ دۆزینەوەی شوناس پێویستە بە دوای پرسیارەکاندا بچین و داهێنان بکەین.. چونکە شوناس تەنیا ڕەهەندێکی نییە.

( دیسان هیچ شوناسێك نییە کە یەك ڕەهەند و یەك ڕوو بێ ، بەڵکو شوناسێکی ئاوێتەیە زیاتر لە ڕوویەکی هەیە و بە ڕووی زیاتر لەجیهانێکدا دەکرێتەوە [١٥] لا ١٠٦ )

لێرەوە پەیوەندییە جیاوازەکان دەردەکـــەون. لـــە ئاستە جیاوازەکان و فراوان بووندا ، کە دێینە سەر شوناسێك بۆ ناز ناوی ڕۆمانی کوردی پێویستە شوناسی زمان بدۆزینەوە، زمان لە چوار پارچەی بەشکراودا ، پێویستە پرسیاربکەین ؟ شوناسی کلتور بدۆزینەوە، پێویستە نیشانەکانی گۆڕان و پەرەسەندن و داهێنان بزانین، ئەمانەش دەمانگێڕێنەوە بۆ بنەڕەت. کە بنەڕەتی ڕۆمانی کوردیش ئەو ناز ناوەیە کە هەیەتی ، چەند دەقێکە لە فەزای ڕۆشنبیری کوردیدا بەرز دەبنەوە.. جگە لە چەند هەوڵێکی سەرەتاییانەی ڕەخنەیی چەند دڵسۆزێك ئیتر ڕەخنەیەکی تایبەتی نییە هەتا بزانین چەندیان ڕۆمانن یان نا ؟ یاخود چی یان لە پەیوەندییەکانی ئێمە و ئاستەکانی ئایندەدا کردووە؟!یاخود ئەو جیاوازیانەیان چییە کە کردویانە لە ڕووی داهێنان لە زمان و شێواز و بواری هونەری و...هتد.
هەر بۆیە لەو پرسیارەدا بەر جەستە دەبینەوە" کە ئایا دەتوانین بەم شێوازە ناز ناوی ڕۆمانی کوردی دیاری بکەین ؟!

هەر لێرەوە ئاست و قۆناغەکانی ڕۆمانو بنەڕەت و چەمکەکانی ڕابردوو بۆ ڕۆمانی کوردی دەردەکەوێت.. چونکە بنەڕەتیش پابەندی کێشەی شوناسە، چونکە ڕۆمان تیۆرێکی کوردی نییە، پێکهاتەکانیشی دەبنە دەیان پرسیاری تر. هەروەها پەیوەندیەکانیشی بە ژانرەکانی تری ئەدەب و هونەر و.. هتد.

هەر بۆیە لێرەوە دەکەوینە نێو گەڕان بۆ نادیار، بۆ ئایندە.. پێویستە ئێمەش پرسیارەکانمان بۆ جیهانێتی بۆ فراوان بوون و کرانەوە ببەین ( حەرب ) کە پرسیارەکانی گەشە پێدەدات نموونەی سەردەمی





عەباسییەکان دەهێنێتەوە، کە لە سەردەمی خۆیدا شارستانیەتی مرۆڤایەتی بووە. هەر بۆیەش ڕۆژئاوای ئێستا بە شارستانیەتی مرۆڤایەتی ناو دەبات. هەر بەم جۆرەش ئێمە لە ئێستادا پێویستە جیهان بە جیهانی مرۆڤایەتی و شارستانییەتی مرۆڤایەتی بزانین ، بتوانین کەلێن و پانتاییەکانمان پڕ بکەینەوە کە ئاسایی دەچینە ناو ڕۆشنبیری جیهانەوە بە گشتی ، گرنگ ئەوەیە ئێمە ببینە خاوەنی بیرمەند و کەسانی تایبەتمەند بە بوارە جیا جیاکان . ئەمەش بە شۆڕشێکی ڕۆشنبیری دەکرێت ، کە بتوانێت جیهانێکی نوێمان بۆ دروست بکات ، هەر بۆیەش ئێمە لە ئێستاوە بەرەو ئایندە دەچینە ناو هێڵەکانی میتا زەمەنەوە بۆ ئەوەی ئاستێك لە ئێستاوە بۆ ئایندە وەربگرین.

## بنەڕە تی ڕۆمان

پێویستە بۆ زانینی بنەڕەت ، ئاست و قۆناغی گەشەسەندنی ڕۆمان بزانین هەرچەندە بیریارانی ڕۆژ ئاوا و جیهان لەسەر بنەڕەتێکی تەواو بۆ ڕۆمان تەبا نین ، تویژینەوەی جیاوازیان لەسەر بنەڕەتی ڕۆمان هەیە.

ئاشکرایە کە ڕۆمان خۆی تیۆرێکی ئەورووپیە، گەڕانەوەش بۆ بنەڕەت جێگیر نییە، ئایا سەدەی ١٨ی دەدرێتە پاڵ کە ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبیی باڵا دەرکەوت، کە مرۆڤ گەیشتە ئەوەی هەست بە بوون و چارەنووسی خۆی بکات ، هەمیشە پرسیار لەسەر باری مرۆڤایەتیدا بەگشتی بکات و لە ڕۆماندا خۆی بدۆزێتەوە. یان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەموو ئەو جۆرە ئەدەبیانەی بەپێی قۆناغی خۆیان لە سەرەتاییەوە هاتوون ، تا ئەو ساتەی کە ڕۆمان توانیی ببێتە ژانرێکی جیاواز و باڵا لە ناو ژانرەکانی تری ئەدەبدا.( میخایل باختین ) بۆ مێژوو بنەڕەتی ڕۆمان شیکردنەوەی قوڵ دەکات ، لای وایە کە گەشەی ڕۆمان هاو کاتە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوە ( تفسخ ) ی زمانی ڕۆشنبیریی دایکی ( یۆنانی یان لاتینی ) بۆ زمانەکان و شێوە زمانە گەلییەکان ، ئەمەش لەسەردەمی ( هلنستی ) و سەردەمی ڕۆمان و گرنگی ڕاپەڕینی ئەورووپیدا بەیەکەوە هاو کات دەکات ، کە زمانە نەتەوەییە ئەورووپییەکان یەکەم گەشەیان تیادا کرد ، هەر بەم شێوەیەش ڕەگ و ڕیشاڵی ڕۆمان لە سەرەتاوە شی دەکاتەوە، هەر لە سەردەمی





سوکراتەوە بە گفت و گۆکانیەوە هەتا درەختی ڕۆمانی لەسەر ڕواند لە سەردەمی نوێدا، هەر بۆیەش گەڕانەوەی بۆ ئەو سەردەمانە بۆ ئەوەیە کە هەموو جۆرە ئەدەبیەکانی پابەند بە کاریگەریی بۆ پێکهاتنی ئەم ژانرە بوونیان هەبووە بدۆزرێتەوە. بۆیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاماژەکانی( سۆفرۆن ) کە لە سەدەی پێنجەمی پ . ز نوسیوونی و هەموو شیعرێکی مەی خواردنەوە و ئەو نموونە هاتوانەی سەر زمانی ئاژەڵان و هەوڵدانە سەرەتاییەکانی ( ایون ) بۆ بیرەوەریی لە دورگەی ( خیوس ) نوسیوونی هەروەها تێرامانی ( کریتیاس ) و مەقالاتە داشۆرینەکانی ، هەروەها گفت و گۆکانی ( سوکرات) کە جۆرێکی ئەدەبیی بوون کە پابەند دەبن بە داشۆرینی پتەو لە ڕۆمانی ( لوسیلیوس و هۆراسیوس و پرۆسیوس و جوڤینال ) وە، ئەدەبی مەیخواردنەوەی گەورە، کە بە داشورینی ( المینسیبی ) پەیوەند دەبنەوە، کە لە سەدەی سێدا بە یۆنانی نووسیوونی ، کە جۆرێکی ئەدەبییە، گفت و گۆکانی بە گفت و گۆی ( لۆقیانووس ) دەشوبهێن و دەکرێت هەموو ئەو جۆرە ئەدەبییانە لە گوتراوی داشۆرینی پتەودا پۆلین بکرێن ، کە توخمێکی ڕاستەقینەن پێش ڕۆمانیان داوەتەوە و هەموو جۆرێك لە جۆرەکانی داشۆرینی پتەو کە بە شێوەیەکی تایبەتی لە گفت و گۆی سوکراتیدا پیادە دەبن دەتوانین بە ڕۆمانەکانی ئەو سەردەمە ناویان ببەین ، کە ئەم جۆرە داشۆرینە کە لە فۆلکلۆرەوە ئاو دراون ( پێکەنینی گەلی ) بەو پێیە پێکەنین ئەو پانتاییە مەلحەمییە لادەبات و هەموو پانتاییەکی بە دوایەکدا هاتووش بە شێوەیەکی گشتی لادەبات ، چونکە پێکەنین کاریگەرییەکی گرنگە بۆ

بەدەستهێنانی ترس ، هەر بۆیەش زۆر لەمانە بە جۆرە ئەدەبییەکان دەزانرێت کە ڕەوتی ڕۆمانیان تێدایە و ڕۆمانی ئەورووپییان پاکژ کردۆتەوە و ڕۆحی ڕاستەقینەیان بۆ ڕۆمانی یۆنانی تێدایە کە کاریگەریی تەواوی لەسەر ڕۆمانی ئەورووپی هەبووە و هەروەها لە سەردەمی باروکیدا کە تیۆری ڕۆمان دەرکەوت بە پێکهاتەی شوناسی باوکێتی ( الاب هویە ) هەر بۆیە باختین ئاماژە بە ڕۆمانی باروکی و ڕۆمانی سۆزداری لای ( ریچاردسۆن ) دەکات کە ڕۆمان لێرەدا بە شێوەیەکی هۆشمەندانە و ڕوو بەڕوو هات ، کە جۆرێکی ئەدەبیی ڕەخنەییە و ڕەخنە لە خۆی دەگرێت.

هەر بەم پێیەش ئاماژە بە سەدەی ١٣ دەکات بۆ ڕۆمانی سوار چاکیی و ڕۆمانی باروکی بۆ شوانەکان ، یان بۆ ڕۆمانی سۆزداری لای ( فلیدینغ ) کە ئەمانە بە سەرەتایەك و بە جۆرێکی ئەدەبیی دادەنێ بۆ پەرەسەندن و بۆ پێکهاتنی ڕۆمان و ئاماژە بە هەموو ئەو قوتابخانانە دەکات کە گرنگییەکی گەورەیان بۆ گەشەسەندنی ڕۆمان هەبووە لە ڕابوردودا و بۆ پێگەیشتن لە سروشتی ئەم جۆرە ئەدەبییەدا ، بەڵام ڕۆمان هەموو ئەو پێویستی و توانایانەی لە جیهانی نوێدا هەیەتی لە ڕابوردودا نەیبووە، هەروەها ئاماژە بە بناغەی ڕۆمان دەکات کە وەکو جۆرێکی ئەدەبیی گەشەی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە توخمەکانی ئامادەن و لە زەمەنێکی درێژەوە ڕیشەیان لە فولکلۆردا داناوە، بەڵام ڕابردوی ڕەها ، یان ئەفسانەی نەتەوایەتی ، یان نامۆیی بە دوایەکدا هاتوو هیچ ڕۆڵێکیان لە پێگەیاندنیدا نەگێڕا، کە جۆرێك بێت و ئەو ڕۆڵە ئامادەییەشیان نەگێڕا تەنیا لە کاتی دیاریکردنیدا نەبێت ، لە





پەرەسەندنی ڕۆماندا کاتێك کە شێوەیەکی لە شێوەکانی مەلحەمە وەرگرت ، وەکو لە ڕۆمانی باروکیدا، دیسان ڕۆمان لەناو ڕێڕەوی بۆگەنکردن و نامۆیی مەلحەمیدا گەشەی کرد و لەناو ڕێڕەوی بە مێکردنی جیهان دا بەهۆی پێکەنینەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا بیرمەندی گەورەی ئەدەب ( باختین ) ڕۆمان بە ژانرێك دەزانێت کە لەناو ژانرەکانی تری ئەدەبیدا بۆ بالادەستی دەجەنگێت و بە ژانرێکی دینامیکی سەرسوڕهێنەری دەزانێت ، کە هەمیشە بەرەو کرانەوەو نوێبوونەوە دەڕوات و کار لەزەمەنی ئایندە دەکات و بە ژانرێکی مەعریفی دەزانێت ، کە نێوەندێتی دەکات لە نێوان مەعریفە جۆرا و جۆرەکان و زانستەکاندا.

ئەمە پوختەیەکی ئەو مێژوو بنەڕەتەیە کە (باختین) ئاماژەی پێدەکات ، لە لای بیرمەندانی ڕۆژئاوا پۆلێنکاری و ڕای جیاوازیان لە سەری هەیە، زۆریان ڕەوانبێژیی بە بنەڕەت دادەنێن بۆ ڕۆمان و زۆریش بە گومانن بۆ دۆزینەوەی بنەڕەتێك بۆی ، زۆریشیان گەشە و پێشکەوتنی ڕۆمان بە پێشکەوتنی چینەکان دەزانن لە زەمەنی لە دایکبوونی ڕۆماندا ئەوەش مشت و مڕێکی زۆری لای ( هێگڵ و مارکس و لوکاتش و باختین و گۆڵدمان و فرۆید و هەتا هیدجر و بۆل دی مان و.. هتد) ناوەتەوە. زۆریش ئەم زەمەنە دەگێڕنەوە بۆ یۆتۆپیا ، ئەگەر لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ لای ( محمد کامل [١٦-] ) بچینەوە سەر یۆتۆپیای ڕۆمان کە لای ئەو گەشەکردنی ڕۆمان و یۆتۆپیا دەگێڕیتەوە بۆ هەڵکشانی نوسینی پەخشان بەرامبەر بە زمانی شیعر ، کە زمانی ئەدەبیی و شانۆیی بووە، کە زمانی پەخشان بە زمانی ڕۆژانەی گەل

دادەنێ و ئەدای دەربڕینەکانی بووە. بەو هۆیەش ڕۆمان و یۆتۆپیا بە زمانی پەخشان نووسراون ، کە زمانی هەڵکشانی گەلە بۆ جێگەیەك لە پێشەوەی مێژوودا. هەر بۆیەش ڕۆمان و یۆتوپیا خواستیان بۆ دروستبوونی شوێنکاتی ئەوانی تر و واقیعێکی دەرەبەگایەتی هەبووە لە ئەوروپادا. ئەم هاوکێشەیەش لە دۆزینەوەی ئەمریکاوە لەلایەن ( کۆلۆمبس )ەوەو لە ٤٩٢ ز سەیر دەکات. کە نیوەی ونبووی گۆی زەوی دۆزرایەوە، هەر بۆیەش لای وایە، کە ڕۆمان و جێگە و زەمان و مرۆڤ هەموو ئەمانە لە چینی پەیوەندیدا وێنا کراون ، کە جێگەیەکی خەیاڵییە و یۆتۆپیاش خەیاڵە، هەر بۆیەش یۆتۆپیا و ڕۆمان گەیشتنە ئەو سنوورە.

بەم پێیەش ماوەی گەشەی ڕۆمان کە هەڵکشانی بۆرژوازیەتە لەگەڵ یۆتۆپیادا بەراور دەکات و ڕۆمان و یۆتۆپیا شیدەکاتەوە بۆ مرۆڤایەتی، لەلایەکی تریشەوە دەلالەتی جۆرا و جۆر، لەسەر ئەو گەشتەی کۆلۆمبس دەخوێنێتەوە کە لای مێژوو نووسان سەر کێشییە و لای زانایەکی دەرونزانی باوەڕ بوونە بە خود و بە خەونێکی گەورە و ڕووداوێکی دابڕاوی دەزانن لە مێژووی نوێدا. لای لاهوتییەك دەلالەتی ئایینی هەیە، لای ئابووریی ناسێك بناغەی سامانی ئەوروپییە کە بوو بە بێشکەی شۆڕشی زانستی و پیشەسازیی و یەکێکە لەو هۆکار و کاریگەرییانەی باڵا دەستی ڕۆژئاوا بەسەر جیهاندا ، هەربۆیەش دەرکەوتنی ڕۆمانو یۆتۆپیا و زانست و بۆرژوازی بە دەرکەوتنی گەل دەزانێت لە سەر شانۆی مێژووی ڕووداوی ئەوروپی دا.





هەر بەم شێوەیەش دەبینین دیاریکردنی مێژوویەك بۆ بنەڕەتی ڕۆمان کارێکی زۆر سەختە، بە دوادا گەڕانی زۆری دەوێت ، چونکە بیرمەندانی ڕۆژئاوا و جیهان ڕای جیاوازیان لەسەری هەیە، لەلای ( لۆسیان گۆڵدمان ) ڕۆمانی مەلحەمی پەخشانی لەگەڵ هەڵکشانی بۆرژوازیەتدا هەڵکشا، لەبەر ئەوەی ڕۆمان هونەرێکە هەڵگری دەربڕینی وشە و وتەکانی چینی بۆرژوازیەتە، لە ماوەی گەشەکردنی شۆڕشگێڕیدا سەرەتای ئەمانەش دەگێڕێتەوە بۆ سەدەی ١٦و ١٧ کە ئەم ڕایەش لە بەرجەستەکردنیەوە دێت بۆ ( لۆکاتش ) کە ئەویش لە ڕوانگەی ( هیگڵ )ەوە زۆر لە بیرەکانی لەسەر ڕۆمان لە تیۆری ئەوەوە داڕشت، کە ئەویش لای وایە، بوونی ڕۆمان پابەندە بە گواستنەوە لە دەرەبەگایەتییەوە کە هونەری مەلحەمی گەشەی پێکردووە بۆ سەرمایەداری کە هونەری ڕۆمان لێرەدا خۆی دۆزییەوە.

هێگڵ لە کتێبی (علم الجمال ) دا بایەخێکی گەورە دەدات بە گواستنەوەی ڕۆمان لە مەلحەمەوە، بەوە پۆلینکاری ڕۆمان دەکات کە لق لێبوونەوەیەکی لاوەکییە لەو لق لێبوونەوانەی مەلحەمە، ئەم جیاوازیەش لەزمانی شیعرییەوە سەیردەکات لە لایەك لە مەلحەمەدا و لە لایەکی تر زمانی پەخشان لە ڕۆماندا ، لای وایە ئەو واقیعەی کە ڕۆمان چارەسەری دەکات دەرچوونە لە شیعری پابەند بە سۆز و داماڵران لێی بۆ گەیشتن بەپەخشان [١٧].

لۆکاتش ئەو پێکەوە بەستنە ئەندامییانەی لە نێوان گەشەی ڕۆمان و هەڵکشانی بۆرژوازیدا بەوە دەزانێت ، کە ڕۆمان جۆرێکی ئەدەبییە کە بۆرژوازیەت تەعبیریان لە واقیعێکی نوێ پێکردووە، بەڵام بیرمەندی

گەورەی ئەدەب (میخایل  باختین ) كە بە داهێنانی خۆیەوە توانی بناغەیەك بۆ ڕۆمان دابڕێژێت ، كە بە پێچەوانەی ئەوەوە بیر دەكاتەوە، بەستنەوەی ڕۆمان و چینی بۆرژوازی لەسەر و چینی ناوەندەوە لە پۆلینكاری كۆمەڵایەتی كۆندا دەزانێ و لای وایە ڕۆمان نواندنی جۆرێكی ئەدەبیی خوارەوەییە كە بەناوی چینەكانی جیهانەوە قسەدەكات ، گەشەی ڕۆمان هاوكات دەكات بە هەڵوەشاندنەوەی زمانی ڕۆشنبیریی دایكی یۆنانی یان لاتینی بۆ زمانەكان و دیلیكتە گەلییەكان ئەمەش لەسەردەمی هێلنستی و سەردەمی زمان و گرنگی ڕاپەڕینی ئەوروپییەوە كە زمانی سەرەتایی گەلانی ئەوروپی گەشەیان تیادا كردووە.

( باختین ) لەبەرپەرچدانەوەی (علم الاجتماع الادبی )  لۆكاتش دا بەلێكۆڵینەوەیەك لەسەر ( دۆستۆیڤسكی ) تووشی كێشە هات ، ئەو كتێبە قەدەغەكراو خۆیشی بۆ سیبریا گوێزرایەوە.

ئەم جیاوازیەش لەنێوان ( لوكاتش و باختین ) لەوەدایە كە ( لوكاتش ) لای وایە گواستنەوە لە مەلحەمەوە بۆ رۆمان گواستنەوەیە لە پەرەسەندنی كۆمەڵایەتییەوە سەرەتا بە دەرەبەگایەتی ئۆرستۆكراتی و لە سەردەمی ڕاپەڕینی ئەوروپیدا كە بەرزبوونەوەی بۆرژوازیە، بەڵام ( باختین ) لای وایە كە مەلحەمە سروودی یەك دەنگییە، بەڵام ڕۆمان فرە دەنگییە، ئەم فرە دەنگیەش پابەندە بە گەلەوە، بە چینەكانی جیهان یان خەڵكە گشتییەكە، بەم پێیەش نابێت ڕۆمان لقێك بێ لە لقەكانی مەلحەمە، چونكە مەلحەمە پابەندە بە زاڵبوونی ئەرستۆكراتی و لە كەشی ئەفسانەییدا خۆی دروست دەكات ، لە سەرەتادا پابەندە بە





خورافەوە دوور لە زەمەنی ژیانی ژیاو ، بەڵام ڕۆمان لە زەمەنی ئامادەوە دەردەچێت و زەمەنی چینەكانی جیهان بۆیە جۆرێكی ئەدەبیی دیاریكراو نییە، بەردەوام لە پەرەسەندندایە و ئەو داخستن و گرتنەخۆییە لادەبات.

(باختین) لەگەڵ ( گرامشی ) دا یەكدەگرێتەوە كە هاوكاتییەكی ڕوون لە نێوان ژیانەوەی ڕۆمان و دەركەوتنی هێزی دیموكراتی گەلی نیشتمانی لە هەموو ئەوروپادا دەبینن ، كە تێگەیشتن لەم هێزە ئەوەیە كە بەچینی ژێرەوەی ئاستی كۆمەڵایەتی دادەنرێت كە لە ڕۆماندا شێوەیەكی تەعبیرییان دۆزیەوە.

بۆیە( باختین) بەردەوام ڕۆمان بە كرانەوەیەكی دیاری نەكراو و دەوڵەمەند دادەنێ كە هێزێكی گەورەی دیارینەكراوی هەیە. بەم جۆرەش ڕۆمان كلێشەو شێوەی هونەری تاك هەڵنا گرێت و هەمیشە لە ژیانەوە و چالاكیی بەردەوامدایە و هەمیشە گەنجە.

ئەم جیاوازییانە لە بیرمەندێكەوە بۆ یەكێكی تر دەگۆڕێت ، دەبینین لای ( فرۆید) لە زەمەنی منالیی پێكدێت لە خەونێكی ئازاراویدا ، ئەمەش بە دوو قۆناغدا دابەشدەكات و ڕۆمانی یەكەم ڕۆمانی منالی دۆزراوەیە ( الابن اللقیگ ) كە ئەمە تەمەنی لە سێ ساڵ زیاتر نییە و جیاوازیی لە نێوان نێر و مێدا ناكات و دووەم منالی ناشەرعییە ( الابن غیر شرعی ) كە تەمەنی لەنێوان ٣-٥  ساڵدایە و جیاوازیی لە نێوان نێر و مێدا دەكات و هەست بە داوێنپیسی دایكیشی دەكات[١٨]

لەم دوو قوناغەوە ڕۆمان لە سەرەتای هۆشمەندییەوە دەستپێدەكات.

بەم پێیەش گەڕانەوە بۆ بنەڕەتی ڕۆمان گەڕانەوەیە بۆ گەردەلولی هۆش، لەناو گۆڕانە جۆرا و جۆر و بالاَكانی ئەوروپا و جیهاندا ، چۆن بنەڕەتێك بۆ ڕۆمان دیاری بكرێت هەروەكو باختین ئاماژە بە باشترین كتێبی ( ایروین رود ) دەكات لە سەر مێژووی ڕۆمان كە قسە لەسەر مێژووی ڕۆمان ناكات ، بەو پێیەی كە قسە لەسەر چۆنیەتی هەڵوەشاندنەوەی دەكات.

بەم پێیەش( باختین ) لای وایە رۆمان جۆرێكی ئەدەبیی تاكە، تا ئێستاش لە هەوڵی پێكهاتندایە، كە تا ئێستاش تەواو دروست نەبووە، بەلاَم بوونی ئەم جۆرە ئەدەبییە بەردەوام پێویستی بەزەمەنێكی درێژ هەیە، هەتا بە شێوەیەكی كۆتایی تیایدا دابمەزرێت، بەلاَم شێوەكانی تری ئەدەبیی كە دەیانناسین بە پێی خۆیان دروستبوون.





## بنەڕە تی ڕۆمانی كوردی

لەم ناونیشانەوە دەچینە سەر ئەو پرسیارەی لە كوێوە دەستپێبكەین ؟! یاخود چۆن پانتاییە ترسناكەكانی خۆمان بدوێنین ؟ بە تایبەتیش ڕۆمان ، لە كاتێكدا چەمكی بنەڕەت ترسناكییەكی گەورەی هەیە، لای بیرمەندان زۆر ڕای جیاوازیان لە سەری هەیە

( هیجل ، ماركس ، فروید ، لوكاتش ، پۆل دیمان ، هیدجر ، فۆكۆ، باختین ، گۆڵدمان ، غرامشی ، هتد..)

بنەڕەت لە شێوازی بیركردنەوە و ڕێڕەوی نووسین و خودی بنەڕەت و شێوازەكانیدا جیاوازی هەیە، چونكە بنەڕەتی هەر جۆرێكی ئەدەبی یان فەلسەفی و زانستی و مەعریفی .. هتد، جیاوازیان هەیە لەگەڵ یەكتریدا ، هەر بۆیەش گەڕانەوە بۆ بنەڕەت قورسە بە تایبەتی ئەو شتانەی كە پەیوەندییان لە قولاَیی مێژووی ڕابردوودا هەیە، ڕەنگە لە ئێستاوە ئەو شتانەی كە تازە دروست بوون بە هۆی ژیاری و چركەی تۆمار بوون و ئاشكرا بوون بە هۆی پێشكەوتنەوە بۆ ئاییندە قورس نەبێت ، بەلاَم ڕابردووی قوڵی جۆر و شێوازەكان بۆ ئێستا ڕابردوو قورس و گران بوون ، ئەمەش جیاوازی نەتەوەیەك لەگەڵ یەكێكی تردا هەیە، ئەوەش لە بەر جەستە بوونی هۆشیارییەوە لە بوارەكاندا دەردەكەوێت، بەهۆی كلتوری هەژار یان دەوڵەمەند.. بە تایبەتیش چەمكی بنەڕەت بۆ ئێمە، بۆ ڕۆمان ، ئاڵۆزییەكی زۆر زۆری هەیە،

چونکە ڕۆمان وەکو جۆرەکانی تری ئەدەب نییە و سەدان لایەنی گرنگی هەیە.. مێژووی سەر هەڵدانیشی لە ئاستی جیهانیدا چەند سەدەیەکی لە سەر یەك جیاوازی هەیە لەم کاتەدا کە تازە ڕۆمان لە لای ئێمە بۆتە بابەتی گرو گاڵ بە خاڵی سەرەکی و کاریگەری گۆڕان لە سەر باری شارستانی ئەوروپا دا دەنرێت ، ئێمەش جگە لە چەند هەوڵێکی نووسینی دەقی ڕۆمان لە هەموو لایەنە گرنگەکانی ئەم ژانرە گرنگە بێ بەشین ؟! ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ باری ڕۆشنبیری کوردی کە پاش ئەوەی نزیکەی نیو سەدە بەسەر دەقی ڕۆماندا نەیتوانیوە ئەم لایەنە گرنگە بەرەو پێشەوە ببات و دایەلۆگی فیکرییان لەسەر بکاتەوە.

ئەم هۆیانە گاریگەر بوون لە سەرەتای لە دایك بوونی ڕۆمانی ئەورپیشدا بۆ ئێمە، ئەگەر ئەو کاتە چەند دەقێکمان بوو بێ لە بابەت مەلحەمە و تراژیدیا.. ئەوا چونکە بواری نوسەر و نوسینەوە بە پێگەی ڕۆشنبیری و هۆکاری گەیاندنی گشتی نەبووە ئەوە نەیتوانیوە بێتە ناو بواری ڕۆشنبیری و دابڕاو و داخراو بووە و بۆیەش ئێمە لەم ژانرە گرنگە بێ بەش بووین ، چونکە ئەگەر ئەو هۆکارە گرنگانە نەبوونایە ئەوا بە پێی زەمەن و گۆڕانەکان گۆڕان بەسەر ئەزمون و تاقیکردنەوەکاندا دەهات و گەشەیان دەکرد لەئێستادا.

هەربۆیەش لەم سەردەمە جەنجاڵەدا ئەو دەقانەی کە لە سەرەتاوە تا ئێستاش نموونەی ( ژانی گەل یان پێشمەرگە ) و چەند دەقێکی تری بەدوا یەکدا هاتوو ئەگەر خوێندنەوەی جدی و بایەخی گرنگیان پێبدرایە، ئەوا بواری ئێمە زیاتر پێشدەکەوت ، چونکە ئێمە تەمەنێکی





کورتی دەقی ڕۆمانمان هەیە، کە هاوشان نییە بەڕەخنە و لێکۆڵینەوە، چونکە ڕەنگە تازە ئەو پانتاییە بەرەو سەرەتایی بچێت.

(ماشادۆ دەئەسیس) لە ڕۆمانی دۆن کازمۆرۆ دا کە لە ساڵی ١٨٩٩ چاپکرا توانی لە ڕێگەی ئەفسانەی ئەژیهایەکەوە و کوشتنی ئەم ئەژدیهایە ئەو واقیعە سیحریەی ئەمریکای لاتینی بڕەخسێنێ کە تا ئێستاش توێژینەوەی قوڵی لە سەر دەکرێت. ( بروانە الاسگورە و الادب ) بەڵام ڕەخنەی کوردی توانای ئەو توێژینەوەیەی نەبووە چونکە تا ئێستا ڕەخنەیەکی تایبەت و پیشەی کەسانی تایبەتمەندنین و ڕەخنە توانای دەرخستنی ئاستی دەقەکانی نەبووە، هەتا دواندنیان بکات ، لێکدانەوەیان بۆبکات و بیانخوێنێتەوە ببێتە زمانی دووەم. بەڵکو ڕەخنە نەمیتیۆدیەت و نەتایبەتمەندێتی هەبووە، کارەساتی ئێمەش لە هەموو ئەو کەلەبەرە گەورانەوە دەستپێدەکات ، هەربۆیەش باسکردنی بنەڕەت بۆ ئێمە ئاڵۆزیەکی زۆرە، چونکە شوناسی ڕۆمان لە چەند دەقێك پێکدێت ، کە ئێستا نموونەی (ماسی لە دەریا دا ) ن یا خود لە چەند پەیوەندی و بوارێکی میللی و فولکلۆر.. چونکە لەم چەرخە پڕ بایەخەدا لەم چرکە ساتە پێشبڕکێیەی ڕۆماندا ئێمە چۆن شوناس و بنەڕەتی بدۆزینەوە ؟.چونکە گەڕانەوە بۆ بنەڕەت قورسە، چونکە تا ئێستاش ڕۆشنبیری کوردی توانای ئەوەی نەبووە ئەو دەقانە بخوێنێتەوە و توشی قەیرانێکی سەر تاسەری بووە.. ڕەخنەی ڕۆمانیش کە یەکێك لە گرنگترین پێویستیەکانی ئێمەیە جگە لە چەند هەوڵێکی دڵسۆزانەی چەند کەسێك ئیتر زۆربەی هەرە زۆریان نموونەی مۆری تەندروستین ، هەر بۆیەش ڕۆشنبیری کوردی نەیتوانیوە ڕاڤەی

ئەو دەقانە بکات و لە ئاستی پەنجەکانی دەستدان! ئیتر لە کوێوە بچینەوە بۆ بنەڕەت ؟ لە کاتێکدا کە لەو بوارە سەدان لایەنەی ڕۆماندا ڕۆشنبیری کوردی نەیتوانیوە پانتاییە بە تاڵەکانی پڕ بکاتەوە. لە کاتێکدا کە ڕۆمان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لوتکە هەڵدەکشێ و دەچێتە ناو چەمك و بونیادەکانی ئایندە، ئیتر ئێمە بۆ چ ڕابردوویەك بگەڕێینەوە؟ کە ڕۆمان بەردەوام لە تازە بوونەوە و هەنگاوی نوێخوازی و هەڵوەشاندنەوەدایە. چونکە ڕۆمان ئەمڕۆ ئەو زەمەنانەی بڕیوە کە مەلحەمە و داشۆرینی پتەو یان پێکەنینی گەلی و گفتوگۆ و زۆر شتی تر لە نموونەی ڕۆمانی ئەوروپیدا یا خود لە مێژووی نەتەوەدا ببنە بناغەیەك بۆ ڕۆمانی کوردی . بیرمەندانی ئەوروپی کە کێشەیان لە سەر بنەڕەت یان مێژووی ڕۆمان ، سەرهەڵدانی.. هتد بووە ئەوا ئەوان گەڕاونەتەوە بۆ ئەوەی لە زەمەنی هاوکات سەرهەڵدانی ڕۆمانەوە کاریان بۆ پێکهاتەکانی ڕۆمان کردووە. ئەوان لە مێژووی ژیاری خۆیانەوە توانیویانە هەموو ڕەگ و ریشاڵ و پەیوەندی و کار تێکەری و پێشکەوتنی ئەم ژانرە، بدۆزنەوە و بەرەو ئایندە بچن. هەر بۆیەش وەکو ژانرێکی سەرسوڕهێنەر ، مەعریفی ، سەربەخۆ پێناسەی دەکەن ، هەر بۆیەش ڕۆمان لەو ئاستە تێپەڕی کرد، کە لە ناو چەمکەکانی ڕابردوودا کار بکات و ئێستا ژانرێکە بۆ باڵا دەستی لە ناو ژانرەکانی تری ئەدەبدا لە هەوڵدایە، هەر بۆیەش هەموو ئەو پەیوەندییانەی کە لە ڕابردوو دا لە لای ئێمە بوونیان هەبوو بێت یان کەسێکی دواکەوتوو دوایی بەنموونە بۆ منی بهێنێتەوە ئەوا ڕۆمان لەو ئاستانە تێپەڕی کرد ، ئێستا ژانرێکە لە توانایدا نییە لەسەر ئەو بنەما ڕابردووییە کار بکات





، بەڵکو ئەو پەیوەندییانە ئەگەر هەشبێت ئەوا تەنیا ڕەنگە بۆ ئاستی ئاشنایی خوێنەران بۆ ڕۆمان ناویان ببەین، چونکە سەرسوڕمان لەوەوەیە کە ئێمە نەماتوانیووە ئەو شتانە، ئەو پەیوەندیانە بهێنینە بواری نوسینەوە لە سەردەمی خۆیدا، دیسان سەرسوڕمانمان لێرەدایە کە دیسان ئێستاش ئەو چەند دەقەی کە هەمانە توانای خوێندنەوەیانمان نەبووە! ئەمەش لە سەر ئاستی ڕابردوو جێگەی لێبوردنە بەو هۆکارانەی پێگەی ڕۆشنبیری و هۆکاری گەیاندن و پەیوەندی گەلان و تەنانەت ناوچەییش ئەستەم بووە. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا بە هەموو مەرجێکی ڕۆشنبیری ( بەرپرسیارێتی گەورەی مێژووییە ) هەر بۆیەش ئەگەر نیشانەیەکی ڕابردوویی بوو بێت ئەوا هیچ سودێکی بە ئێستای ئێمە نەگەیاندووە.. چونکە ئێمە ناز ناو و ناوەڕۆك و شێوازی ڕۆمان لە جیهانەوە فێر بووین نەوەکو لە کلتوری خۆمانەوە! ئەوەش ئاستی جیهانبینی نووسەرەکان جیاوازیان هەبووە لەسەر ئاستی شێوازی دەقەکان!! چونکە مێژووی ئێمە مێژوویەکی سەرەتاییە بۆ ڕۆمان لە ئێستادا و لە ڕابردووشدا جوگرافیای نەتەوەیەکی داخراو بووە لە پەیوەندییە نێو نەتەوەیی و جیهانیەکان ، بۆیەش ڕۆمان لەو هەموو سەدە یەك بەدوا یەکانەدا لەم سەردەمە جەنجاڵەدا بە ئێمە گەیشت ، لە ساتێکدا کە ڕوو بە ڕووی پرسیارەکانی ئەم ڕۆژگارە بوینەتەوە. لە کاتێکدا کە ڕۆمان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لوتکە هەڵدەکشێ بۆ باڵا دەستی ئیتر چۆن بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو ؟ کام ڕابردوو ئەگەر هەبێ چی سودێك بە ئێستا دەگەیەنێت ؟

بۆ ئەوەی زیاتر باسەکەمان ڕۆشن ببێتەوە دەگەڕێینەوە بۆ لای ( میخائیل باختین) [١٤] کە ئەو وەکو ژانرێکی بالا دەیەوێت ڕۆمان پاکژ بکاتەوە لەو خەسڵەتانەی ڕابردوو، لای وایە کە مەلحەمە و هەموو جۆرێك لە جۆرەکانی یان توخمە بنەڕەتیەکان کۆنترن لە نووسین و تا ئێستاش بە سروشتی شەفەوی پارێزگاریان لێدەکرێت، لە ناو ئەوانەدا تەنیا ڕۆمانە کە جۆرێکی ئەدەبی تاکە، هاو شانی ئەندامی شێوە نوێیەکانە بۆ پێشوازی و بێدەنگی لاهوتی یان بۆ خوێندنەوە. بەڵام ڕووداوی بنەڕەتی ئەوەیە کە ڕۆمان بە پێچەوانەی جۆرەکانی ترەوە هەڵگری یاسای تایبەت نییەو پێکدێت لە کۆمەڵێك نموونەی ڕۆماننووس و شیکردنەوەی ڕۆمان بە لێکۆڵینەوەی زمانی زیندوو هاو کێشە دەکات بە تایبەتی زمانی زیندووی گەنج ، بە جۆرێکی تاکی دەزانێت کە لە سەردەمی نوێدا لە مێژووی جیهانیدا لە دایکبوو، هەر بە تاکی دەزانێت کە بە قوڵی کار لەم سەردەمەدا دەکات بۆ بالا دەستی خۆی لە ناو ئەدەبدا.

هەر لێرەوە گەڕانەوەی ئێمە و ئاوڕدانەوە لە مەلحەمە بۆ شێوە شەفەویەکی ئێستایی ئەوا دەکەوینەوە ناو تۆڕی سەدەی ١٧ هەم. لەبەر ئەوەی لە سەردەمی هاو کاتی ڕۆماندا ڕاڤەی نەکراوە، هەتا بەردەوامی بگرێت ، ئەو کاتە لەبری ئێستا سەدەی ١٩دەبوو بە چەرخی لە دایکبوونی ڕۆمانی کوردی و ئێمەش ئێستا وەکو میللەتانی تر کلتورێکی دەوڵەمەندمان دەبوو ، بەڵام پاش ئەوەی کە ئەو خوێندنەوەیە لەلای ئێمە نەبووە، ئێستا چۆن بگەڕێینەوە بۆی لە کاتێکدا کە مەلحەمە سەردەمی بەسەرچووە؟ (باختین) لای وایە کە





ڕۆمان نابێت شاعیری بێ بەو واتایەی کە لە جۆرەکانی تری ئەدەبدا پێویستە، نابێت پاڵەوان بە واتای مەلحەمی و تراژیدی پاڵەوان بێت. بەڵکو دەبێت سیفاتەکانی چاك و خراپ لە خۆیدا کۆبکاتەوە، ئەمیش وەکو سیفەتی کۆمیدیای سامی ، کە دەبێت گەورەیی و بچوکی لە خۆی بگرێت.. پێویستە لەسەر پاڵەوان وەکو مرۆڤێك لە گەشە سەندن و پەروەردەیی ژیاندا بێ ، هەر بەم پێیەش تراژیدیا و مەلحەمە و هەموو ئەو شتانەی تر ناتوانن لە ئێستادا ببنە بناغەیەك بۆ ڕۆمانی کوردی ، چونکە زەمەنی ڕۆمان ئێستا جیاوازە لە زەمەنی نەشو نومای سەرەتایی بۆ ڕۆمان. هەر بۆیەش ڕۆمان لە ئێستادا خۆی دەتوانێت لە بوارەکانی ڕاڤە و خوێندنەوەی جیاوازەوە تیشك بخاتە سەر ڕابردوو و ئێستا و ئاییندە.

هەر لەم خاڵەوە ئێستامان لە پێشبڕکێی گۆڕانە چرکەییەکاندایە، ئەوەندەی بە شداریی لە جیهانبینی و هۆکارەکانی پێشکەوتنە ئەوەندە ناگەڕێتەوە بۆ دواوە، چونکە لە چرکە و زەمەنێکدایە ئەم دایەلۆگانە دەکرێتەوە کە وەکو شۆفێری ئۆتۆمبێلەکەی (هۆسرل) ئاییندە ئەو شەپۆلانەیە کە دەیبڕێت و ئێستا ناو ئۆتۆمبێلەکە و ڕابردوو سەیر کردنە لە ئاوێنەکەوە ، هەر بۆیەش ئێستای ڕۆمان پەیوەندییە فرە زمانی و فرە دەنگی و فرە ڕۆشنبیری و فرە ئاسۆییەکانە ، پەیوەندی فرە مەعریفییە، ئیتر پرسیارمان لەم ئێستایە ئەوەیە کە چۆن بەشداریی گۆڕانەکانی جیهان دەکات ؟! کە ئێستای ڕۆمان لە گەشە کردنێکدایە کۆمەڵگە بە گشتی دەگۆڕێت نەوەکو بگەڕێینەوە بۆ ئەو پەیوەندی و نیشانە و خاڵانەی کە ئەمڕۆ هیچ هێزێکیان بۆ ڕۆمان تیادا نییە. کە

باختین گرنگی ڕۆمان بە جۆرێکی ئەدەبی تر ناو دەبات.. جیاوازیەکانی نێوان مەلحەمە و ڕۆمان ئەوەیە کە ناکۆکیان لە لایەك ئەوەیە کە ڕۆمان قۆناغێك بێت لە قۆناغەکانی ڕەخنەی جۆرەکانی تری ئەدەب و مەلحەمە شێوەیەك بێ بۆ دوورخستنەوەی پاڵەوان لە مەلحەمەدا هەربۆیە لای وایە، کە ڕۆمان بە شێوەیەکی ڕوو بە ڕوو بەشداری کردووە کە شێوەیەکی هۆشمەندە و جۆرێکی ئەدەبی ڕەخنەییە و هەڵدەستێت بە ڕەخنە گرتن لە خود و پێویستە بناغەی ئەدەبێکی پەخشانی و شیعری زاڵبوو دابمەزرێنێت ، ئەویش بە پراکتیك کردنی بەو تیۆرەی کە پابەندە پێوەی. هەر بۆ ئەم مەبەستەش سێ شێوەی تایبەتی دیاری دەکات بۆ دەرخستنی جیاوازیەکان و سیفاتە هاو چەرخییەکانی ڕۆمان ئەو سێ تایبەتمەندێتییەش کە ڕێڕەوی پەرەسەندنی تایبەتی ڕۆمانن و ڕۆمان لە هەموو جۆرەکانی تری ئەدەب جیادەکەنەوە:

١- داڕشتنی درۆ شاخدارەکان بۆ ڕۆمان ، کە پابەندن بەهۆشمەندی فرە زمانی کە تیایدا ئەنجام دەدرێت.

٢- پەیوەندییە زەمەنییە باوەکان لە وێنەی هەبوو لە ناو ڕۆماندا.

٣- ناوچەیەکی نوێ لە ڕۆماندا بۆ بینای وێنەی ئەدەبی بە واتا ناوچەی بە یەك گەیشتنی ترۆپکی بە ئێستای هاو چەرخەوە، بەو پێیەی کە تا ئێستا تەواو نەبووە. [٢٠].

ئەم تایبەتمەندێتییانە کۆمەڵگەی ئەوروپی لە مێژووی خۆیدا دەستی کەوتووە وەکو، گواستنەوە لە بارو دۆخێکی تایبەتیە وە بۆ جیهانێکی داخراو و هێمن و بارێکی نوێ لە دەرکەوتنی پەیوەندی نێو دەوڵەتی.. لە کۆمەڵێك لە زمانەکان و ڕۆشنبیریەکان و سەردەمە جیاوازەکاندا.



شوناسی نادیار و سروشتی ڕۆمانی کوردی    صلاح جلال

هەر بۆیەش لێرەدا خەسڵەتە تایبەتیەکانی ڕۆمانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لەجۆرەکانی تری ئەدەب جیای دەکاتەوەو لێرەشدا ئاستی ڕابردووی خۆمان و کاریگەری و ئاستی ڕۆمانیش لە هەوڵەکانمدا دیارن، پانتاییە بە تاڵەکانیشمان ئاشکران هەر بۆیەش بۆ شوناس یان بنەڕەتی ڕۆمان.. چی بکەین ؟ لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەی ئێمە لە ڕابردوودا لە سەر ئاستی جیهانێتی و پەیوەندیەکان و فرە زمانی و فرە دەنگی و فرە ڕۆشنبیریدا داخراو بووە.

## ئێستا و ڕابرد و ئاینده و پرسیارەکانی سەردەم

هەر لەو پرسیارەوە دەستپێدەکەین ، ئایا بۆچی پاش چەند سەدە ڕۆمانی کوردی لە جیهانی بەجێما ؟ چۆن باسی لە دایك بوونی بکەین ؟ ئایا ئەمە تەنیا پابەندی ئەوەیە کە ڕۆمان نوسمان نەبووە و ڕۆمانمان بۆ بەرهەم نەهاتووە ؟ یاخود ئەمەش پابەندی دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردی بووە لە هەموو بوارەکاندا کە بەم ژانرە ئاشنا نەبووە، تاهەوڵی بۆ بدات ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەژاری کلتووری کوردی لە ئاست جیهانیدا ، کە دیارە کلتوریش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارە داخراویەی کە کۆمەڵگەی کوردی بە پێی قۆناغەکانی مێژوو تێیکەوتووە، نەیتوانیوە پێشکەوتن بەدی بهێنێت.بۆیەش لە بواری نوسین و نوسینەوە و بڵاو بوونەوە دواکەوتووە، ئیتر چۆن هەوڵی ڕۆمان بدات ؟

ئێمە لە ئارکیۆلۆژیای شانۆی کوردی و کوردستان جوگرافیا و دەسەڵاتدا ئەو پشکنینەمان لەسەر ڕابردووی ئێمە و مێژوو جوگرافیا کردووە، بۆیە لێرەدا بەکورتی دەستنیشانیان دەکەمەوە [٢١].

دیارە بەهۆی باری جوگرافی کوردستان کە هەڵکەوتەیەکی دووری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە و ناوچەیەکی سەخت و شاخاوی بووە، خاکەکەی لە لایەك لە ناوەوە سەخت و لە لایەکی تر ستراتیژی نەبووە بۆ هاتو چۆی گەلان ، بەم هۆیەش لە





پەیوەندی جیهان دابڕاوە و داگیرکەران نەهاتونەتە ناوی ، ئەگەر سەیر بکەین زەینەفونی یۆنانی لە ٤٨٠ پ . ز بەهۆی شەڕی ئێرانەوە لەم خاکەوە گەڕاوەتەوە، دەوڵەتی ڕۆمی بێزەنتیش تەنیا دەسەڵاتی ساسانیەکانی ڕوخاند و سنووری لێ تەنین ، لە دوای ساسانیەوە ڕۆژ بە ڕۆژ سنووری بەرەو بچوك بونەوە هاتووە، بۆیەش هەست بە کەم و کورتی جوگرافیای دەکرێت کە خراوەتە سەر دراوسێکانی. بەو هۆیەی کە دەسەڵاتی نەماوە لە دەریا دوور کەوتوەتەوە، ئەو زانیاریانەیشی لە دەست داوە کە بەهۆی ئاینی زەرادەشتەوە فێری بووە، دوای ئەویش بە داخراوی ماوەتەوە، بۆیەش لە سەردەمانی کۆندا لە داگیرکەرەوە فێری شارستانی نەبووە و سوودی لێ نەبینیووە، کە ئێمەش وەکو زۆر لە گەلانی جیهان بە هۆی داگیر کەرەوە فێری پێشکەوتن ببین ، ئاسایی تا ئێستاش میسر شانازی بەو داگیر کردنەیەوە دەکات لە لایەن ناپلیۆنەوە کە فێری شارستانی بوون لێوەی ، بەڵام کوردستان لە زۆر هێرشی گەورە بێبەش بووە بەهۆی نەبوونی دەریا ، لە وانەش ئەسکەندەری مەکدۆنی کە تەنیا لە سنووری کوردستانی تورکیاوە بە هۆی نزیکی لە ئاوەوە تێپەڕ بووە، بۆیە زۆربەی ئیمپراتۆرەکانی تر کوردستانی نەگرتۆتەوە، هەر بۆیە داگیرکەران بە هۆی سەختی و هۆکاری جوگرافی لە کوردستاندا نەماونەتەوە و نەبۆتە جێگەی تەماعیان ، تەنیا لە لایەن دراوسێکانەوە بچوك بۆتەوە و گەمارۆیان داوە. ئەمەش هۆکاری ئەوەبووە کە لەلایەك لە سنووری دەریایی ستراتیژ دابڕاوە و لە لایەکی تر لە نێوان دەوڵەتانی ناوچەدا سنووری زەمینی لێ

داخراوە و ئەوەی هەیبووە سوتاندویانە، داگیر کەرانی ئێمە زیاتر دراوسێکان بووە کە بەردەوام تواندویانەتەوە، بوون و سیمایان سڕیوەتەوە، داگیر کەری هیچ گەلێکی تر وەك ئێمە نەبوون کە بڵێن : دەبێت زمانیشتان بگۆڕن، هەمیشەش لەسەر کوشت و بڕی کورد یەکبوون ، دیارە کوردستانیش خاکێکی سەخت و چڕ و شاخاوی ، ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ نەبوون و کەمی هاتوو چۆی نێوان ناوچەکانی ناو خۆیشی نەك دەرەوە، هەر دەسەڵاتێکی ناوچەییش دروست بوو بێت بەو هۆیەوە نەیتوانیووە گەشە بکات ، چونکە پەیوەندی لە سەدەکانی ڕابردوو بێ سنوور سەخت بووە، بە هۆی نەبوونی پرد و سەرما و شاخ و بەرزایی و زۆر هۆکاری تر ، بۆیە زیاتر لەوەی هەوڵی گوند نشینی داوە ئەوەندە نەیتوانیووە هەوڵی شارستانی بدات . هەر بەم هۆکارانە لە بواری بازرگانی و پەیوەندی نەتەوەکاندا دواکەوتووە، چونکە هیچ ڕێگایەکی دەریایی نەبووە، کە ئەمە هۆکارێکی گرنگە لە بواری بازرگانی و سەربازی و بوارەکانی تر دابڕاو بووە لە جیهان. چونکە دراوسێیەکی نەبووە خاکی کوردستانی تیا دابەش نەبوو بێت بۆیەش هەمیشە لەسەر کێشەی کورد یەك بوون و زەوی و ئاو و ئاسمانیان لێ داخستووە، هەر بۆیەش بازاڕێکی ئابوریی هاوبەشی نەبووە و توانای ڕێکخستنی شیرازەی چینایەتی نەبووە و بەشیرازە پچڕاوی ماوەتەوە، بەردەوامیش دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و بەردەوامی نەبووە، بۆیە کۆمەڵگەی کوردی لەسەر ئاستی توانای دەرەبەگایەتی وخێلایەتی خۆی ڕێکخستووە نەك دەوڵەت.





ئەگەر ئێمە لێرەوە لە زەمەنی پرسیارەوە بگەڕێینەوە بۆ دواوە، بزانین بۆچی کورد بە درێژایی مێژوو نەیتوانیوە پێکهاتەی خۆی بکات ؟ کە دیارە لێرەشدا باسکردنە لە پەیوەندیەکانی ( دەسەڵات و مەعریفە ) کە لەم سەرسوڕماویەدا زۆر گۆڕانی گەورە بدۆزینەوە کە لە مێژووی ئێمەدا هەبوون ، ئەویش خوێندنەوەی نیتچەی ئەڵمانیە لەم چەرخەدا بۆ زاردەشتێك کە پێگەی بوونی کوردستان بووە، ئێمە نەمان توانیووە بیخوێنینەوە، کە ئەو هۆکارە دەتوانین لە ڕابردوودا دەستنیشان بکەین کە بە هۆی چڕی و سەختی و ئاڵۆزی و کورد نشینی و چیا نشینی کورد لە لایەك و بە هۆی ڕووخاندنی ساسا نیەکان لە لایەن ڕۆمی بێزەنتینیەوە کە گەورەترین کارەساتی مێژوویی ئێمەبووە، چونکە خوێندنەوەی هەموو شێوازێکی ساسانی لە جێگە و ناو و ڕەوشت و ئاکار وئاین و هەموو شتێکی ترەوە ئەوە دەسەلمێنن کە کورد بوون بەبێ گومان ، مێژووی کلێسا لە کوردستان کە لە بەر ڕۆشنایی پتر لە سەد سەرچاوەی مەسیحی باوەڕ پێکراو نوسراوە ئەوە ڕوون دەکەنەوە.

چونکە ئەو کاتە ئاینی مەسیحیش تەواو گەشەی سەندووە و زوربەی شارەزایان و پیاوە گەورەکانی مەسیحی بە هۆی چەوساندنەوەوە هاتوونەتە کوردستان و تیایدا نیشتەجێ بوون . بەم پێیەش ئەو کاتە زۆر پێشکەوتوو بووە بەڵام لێرەدا پرسیارمان لەو پاشماوە فیکری و شارستانیەتەی کە لە سەردەمی زەرادەشت و دوای ئەوا هەبووە نەخوێنراوەتەوە و کاریگەرییەکەی نەماوە، بۆ ؟ پرسیارێکی قورسە ؟ چونکە دوای ئەوەش ئاینی ئیسلامیش لە

دوایەوە هاتووە، جگە لەنەمانی ساسانی ، دیارە ئەویش پەیامی خۆی گەیاندووە و ڕابردووی سڕیوەتەوە.

ئەمانە و زۆر هۆکاری تر دەبنە ڕێگریی ئەو کارتێکەریەی زەرادەشت کە ئێمەش نەتوانین وەکو عەرەب کە شوناسی خۆیان لە هاتنی ئاینی ئیسلامەوە دیاری دەکەن ، ئێمەش لە زاردەشتەوە دیاریمان بکردایە چونکە لەو سەردەمەدا کوردستان لە زۆربەی گەلانی تری ناوچە پێشکەوتوو تر بووە، ، بەڵام جێگەی داخە کە لەدوایانەوە پاشماوەیەك بەجێ نەما، کە دیارە دوای هاتنی ئاینی ئیسلام کە کورد وەك عەرەب هاوبەش بووە لە پەیڕەو کردنیدا، بەڵام چونکە لە ڕووی زمانەوە جیاوازی گوتاری کوردی و عەرەبی هەیە ، ناتوانرێت بۆ ئێمە شوناسی خۆمانی لێوە دیاری بکەین ، بەڵام پرسیاری تر سەر هەڵدەدات کە کاریگەری ئاینی ئیسلام نکۆڵی لێناکرێت و ئێمە لە ڕێگەی ئیسلامەوە فێری خوێندنەوە و خوێندەواری بووین هەروەها یاسا کۆمەڵایەتیەکان لەوەوە داڕێژرا ، بۆچی نەتوانراوە خۆمان دروست بکەین کە دیارە ئەمەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵانەی کە دیاریمان کردن کە گەلی کورد نەیتوانیووە دەسەڵاتێك پێك بهێنێت کە بەر فراوان و تەمەن درێژ بوو بێت هەتا بتوانێت ئەو خاڵانە چارەسەر بکات کە بوونەتە ڕێگری و پێش نەکەوتنی و توانای خوێندنەوەی خۆی و بەرهەمهێنانی نەبووە، بەم پێیەش چۆن باس لە پەیوەندیەکانی مەعریفە و دەسەڵات بکەین ؟! ئایا دەکرێت لەم سەردەمەدا





خوێندنەوەیەك بۆ ئێمە و ئەو و ئەوان و ئەوانی دواتر بکەن ؟ ئەمەو دەیەها پرسیاری تر لە بێدەنگی کارەساتەکاندا گێژمان دەکات .

دەکرێت لێرەدا پرسیار بکەین کە ئایا ئێمە پاش ئەوەی تا ئێستا نەمان توانیووە ڕاڤەی هیچ تیۆر و فەلسەفەیەکی جیهانی بکەین ، توانانی بەرهەمهێنانمان نەبووە چۆن باس لە پەیوەندیەکانی ( دەسەڵات و مەعریفە ) بکەین ؟ کە ئایا لەسەر ئاستی ڕابردوو و بەر لە داگیرکەری کۆلۆنیالی و هاتنی حیزب ، ئایا دەشێت بڵێین لە مەعریفەوە بۆ دەسەڵات هاتووین کە مەعریفەی ئێمە دیارە مەعریفەیەکی گشتی بووە و مەعریفەیەکی زانستیمان نەبووە، کە ئەگەر لە مەعریفەوە بۆ دەسەڵات چوو بین کامەیە ئەو مەعریفەیەی کە توانیبێتی بنەماکانی دەسەڵات دابمەزرێنێت ، کە دیارە زمانمان هەبووە بەڵام ئەم زمانە بوارێکی زانستی ڕاستەقینەی نەگرتووە، وە هەروەها جوگرافیا و مێژوو و ئایین و ئاکار و شارستانی و کۆمەڵایەتی ، کە ئایا توانراوە شێوەیەکی زانستی بگرن ؟ بەمجۆرەش دەکرێت بۆ پرسیارێکی تر بچین کە ئایا دەکرێت لە دەسەڵاتەوە بۆ مەعریفە هاتبین کە دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتی خێڵ و ناوچەگەرێتی بووە، دەسەڵاتێك نەتوانێت باری شارستانی لە هەموو ڕوویەکەوە پێش بخات و نەتوانێت چەمکی دەسەڵات بە واتای خۆی بەر جەستە بکات. ئەمەو دەیان پرسیاری تر لەسەر دەسەڵات دروست دەبن ، ئەی دەبێت ئێمە گێژببین وەکو" جۆرج بۆڵتێزر" بە دوای ( هێلکە لە مریشکە یان مریشك لە هێلکەیە ) دا بچین ، دەبێت لە کامیانەوە بۆ کامیان هاتبین یان چوو

بین ؟ لە کاتێکدا لە ڕووی زانستەکان و فەلسەفەوە زەمەنی سەرەتایشمان نی یە، بەم پێیەش دەکرێت پرسیاری دەسەڵات و مەعریفە بۆ ئێمە گێژاوێکی گەورە بنێتەوە ئەگەر لە دەسەڵاتەوە بۆ مەعریفە چوو بین ئایا توانیوویەتی مەعریفە بەرهەم بهێنێت یان مەعریفە گوتاری دەسەڵاتی بەر جەستە کردووە یان ئەو دەسەڵاتە لەدوای خۆی چ شوێنەوارێکی بەجێهێشتووە ؟ بۆیە دەکرێت لە ئێستادا بۆ زەمەنی ئایندە بتوانین خوێندنەوەیەکی قوڵی ئاسۆیی بکەین کە توێژینەوەی قوڵی پسپۆڕانی دەوێت چونکە ئەگەر بڵێین لە دەسەڵاتەوە بۆ مەعریفە هاتووین ئەوە دیارە کە دەسەڵاتێکی هەڕەمەکی بووە، کە هەر ئەم شێوە دەسەڵاتەش لە خێڵەوە لەسەردەمی داگیرکەریدا هاتە ناو حیزب ، واتە خێڵی ناوچە بوو بە خێڵی حیزب و گەورە بوو، ئەگەر نا کامەیە ئەو چەمک و بونیادە جیا کاریانەی کە حیزب لە خێڵ جیا دەکاتەوە، کوا ئەو دیموکراتیەی کە کاری بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کرد بێت ؟ کام فیکر و فەلسەفەیەی ڕاڤە کردووە و ئایا توانیویەتی لەناو کۆمەڵگەی کوردستان چینەکان ڕێك بخات و کۆمەڵگە بکاتە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ، کامەیە جیاوازیەکانی سەنتەریالیزمی دیموکراتی ؟ کامەیە ئەو بنەما مەعریفیەی کە دەسەڵاتی کوردی لە سەری دامەزراوە، کام بەرهەمهێنانی لەسەر ئاستەکانی فیکر کرد، کام خوێندنەوەیەی بۆ شوێنەوارە مەعریفیەکان کراوەو کام پرۆژەی گرنگ لە بواری بەرهەمهێنانی فیکردا کراوە؟ چی پەیامێك بۆ پێکهاتنی ئەم دەسەڵاتە هەیە کە بتوانێت خوێندنەوەی خودی خۆی بکات





بەشێوەیەکی مەعریفی ؟ کامەیە جیاوازی و ئاماژەکانی گوتاری دەسەلا ت و مەعریفە؟جگە لەوەی کە خێڵی جارانی هێناوەتەوە ناو خێڵی حیزب و فۆتۆی یاسای دەسەڵاتەکانی پێشووی خۆی وەرگرتووە، پرسیاری جەوهەریش ئەوەیەکە دەسەڵاتی کوردی چی بەرهەمهێنانێکی فیکریی هەیە ؟ ئێمە جگە لە بیری کوردایەتی کە هیچ تیۆریزەیەکی فیکریی بۆ نەکراوە ئیتر چ فیکرێکی داهێنەرانەمان هەیە ؟ چی لە دوای ڕووداوەکانەوە گۆڕاوە؟ گۆڕانەکان بە خۆڕسکی هاتوون سەرەڕای ئەوەی ڕابردوویەکی سەخت و داخراو لە دوای زەمەنی پرسیارەوە هەیە و ئێستایەکی داخراویش دەبینرێت ئەوەشی کە پرسیاری جەوهەریە ئەوەیە، ئەگەر لە دەسەڵاتەوە بۆ مەعریفە چوو بین یان بە پێچەوانەوە گرنگ ئەوەیە دەسەڵات توانای بەرهەمێنانی مەعریفەی نەبووە و مەعریفەش نەیتوانیوە گوتاری دەسەلات بە مانای خۆی بەر جەستە بکات ، گرنگ ئەوەیە ئێمە پانتاییەکانمان بە تاڵە دەبێت کار بۆ نەوەی ئایندە و زەمەنی نویێ بکەین . چونکە ڕابردووی ئیمە زۆر تاڵە زەمەنێکی زۆری بە بیێ بەر هەمهێنان ڕۆیشتووە.

بە هۆی ئەو بارە ئاڵۆزەوە کورد لە بواری ڕۆشنبیری دوا کەوتوو بووە لە سەرەتای هاتنی ئیسلامە وە ئەم ئاینەی پیێ گەیشتووە، بواری خوێندەواری تەنیا لە ڕێگەی حوجرەکانەوە بووە، چونکە هاتوچۆ سەخت بووە و هۆکاری پێگەی ڕۆشنبیری و هۆکاری گەیاندنی نەبووە، بۆیە شێوەی زمانی کرمانجی سەر و خوار و یەکی نەگرتووە و لە لایەکی تر ، نەیتوانیوە زمانێکی ڕۆشنبیری بەر

جەستە بکات چونکە بواری نوسین و نوسینەوە و نوسەری نەبووە، ئەو لقە ئەدەبیانەی کە پێی گەیشتووە لە ڕێی نوسینەوە و لە بەرکردنی فەقێکانەوە بووە نەوەکو قوتابخانە و پێگەی ڕۆشنبیری ، کە دیارە ئەو بوارە دەستەیەکی کەمی گرتۆتەوە چونکە بڵاو کردنەوە و پێگەی گەیاندنی نەبووە، ئەم هۆکارانە بوونەتە بەر بەستی ئەوەی کە بواری ڕۆشنبیری پێك نەهێنێت ، بە هۆی ئەو سەختیەشەوە کۆمەڵێك شێوە زمانی قورسی پێکهێناوە، کە دیارە هەر کۆمەڵگەیەك کە خاوەنی کۆمەڵە شێوازێکی زمان بێ ئەوا کار دەکاتە سەر قورسی بواری ڕۆشنبیری و زمان تیایدا وەکو" دی سوسێر "ئەماژەی پێدەکات ، هەر بۆیەش ئەو هەموو شێوە زمانەی لە ناوچەی سەخت وشاخاوی وەك کوردستان چۆن ببێتە زمانێکی یەکگرتوو ، لە کاتێکدا زمان تەنیا لە ئا کاری ڕۆژانەی جووتیاری و بەرگریدا دەربڕدراوە، زمانی ڕۆشنبیری و پیشەسازی بوارەکانی تر نەبووە. چونکە زمانی کوردی نەیتوانیووە بە شداری فرە زمانی و فرە ڕۆشنبیری بکات هەر بۆیە لە ڕابردوودا داخراو بووە.. چونکە هەمیشە بەرەو گوند بچوك بۆتەوە، بەرەو شاخ و سەختی.

ئەو چاو هەڵهێنانەی لە سەدەی بیستەمدا بوو کە بە هۆی هۆکار و پێگەی ڕۆشنبیری و فراوان بوونی بواری شارستانی و کردنەوەی فێرگە و فراوان بوونی هاتوچۆی گوندو ناوچەکان و ڕۆڵی ئۆتۆمبیل توانی ئەو داخراوییەی لە بواری کۆمەڵایەتیدا هەبوو لە ناوخۆدا نەیهێڵێت.. دواتریش بە هۆی تەکنەلۆژیاوە توانی پەیوەندیە جیهانیەکان ببینێ و بەشداریان تیادا بکات، ئەو ڕاستیەش





لە بەر چاو بگرین کە چاو هەڵهێنانی کۆمەڵگە لەم سەدەیەدا بە دیلی بووە، هەموو ئەو پێگەو کەناڵانە لە ژێر سانسۆردا بوون ، هەرچی ئەو شتانەی کە پێگەی ڕۆشنبیری و پێگەیاندن بوون ، سانسۆری دەسەڵاتیان لە سەر بووە، چونکە ئەم کۆمەڵگەیە دابەشکراو جوگرافیای تێکچوو، هەر بەشەی لە ژێر کارتێکەری کلتورێکی جیاوازدا بووە.کاتێك کە تیشکی پێش کەوتنی گەلان بۆ کوردستان دەهات، داگیر کەران بەپێی پەیمانەکانی (ئەرز ڕۆم، سایکس بیکۆ، سێڤەر ،.....هتد ) خاکەکەیان دابەش کرد ، ئەمەش کاری کردە سەر بواری ڕۆشنبیری و شارستانی و نەتەوەیی و بوارەکانی تر، لەگەڵ ئەوەشدا سەردەمی کۆلۆنیالی و داگیرکەری لەم سەدانەی دووایی دا هات ، ئەوەش بە هۆی هەردوو جەنگە جیهانیەکەوە و دۆزینەوەی نەوت بایەخ درا بە کوردستان ئێمە لە ئینگلیزەوە زۆر پێشکەوتنی شارستانیمان بە دەست هێنا، ئەگەر پێشتر بوایە ئەوا کورد زووتر چاوی هەڵدەهێنا ، چونکە چارەنوسی هەموو گەلێکی داگیر کراو فێر بوون بووە لە داگیر کەرو دووایی ڕزگاری بووە.

ئەو هۆکارانە و زۆر هۆکاری تر کە پێویستیان بە باسی تایبەتی جۆراو جۆر هەیە، کاریان لە سەر ئەوە هەبووە کە بواری ڕۆشنبیری ئێمە لە هەوڵی گرو گاڵدا بووە و کتو پڕ نەیتوانیووە پەل بۆ هەموو بوارەکان بهاوێت ، بە تایبەتیش ڕۆمان کە ژانرێکی مەعریفی سەرسوڕهێنەرە، ئەوا پێویستی بە هەڵکشانێکی فراوان هەیە، هەڵکشانێك لە بوارەکانی تر و ژانرەکانی تر و پانتاییە

مەعریفییەکان، لەبەرز بوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە. ( لەگەڵ ئەوەی باختین ڕیشەیەکی دووری بۆ ڕۆمان پەیداکردووە، هیچ لە دایك بوویەك نییە بەبێ پێشینە ونەکان بۆی ، بەم پێیەش ڕۆمان نابێتە دیاردەی نوسراوەیی تەنیا لە سەردەمە نوێکاندا نەبێت).[٢٢] ل٣٦٥

هەر بەم پێیەش ڕۆمان لە ناو ئەو داخراویەی مێژوودا نەیتوانی سەرهەڵبهێنێت و بنەماکانیشی لە دایك نەبوون ، ڕەنگە زۆرجار لەملا و لا دەق نوسرابێت ، بەڵام چونکە بواری خوێندنەوەو پەیوەندی ڕۆشنبیریی نەبووە ئەوا تەنیا لە حوجرەکاندا خوێندراونەتەوە، کە ئەوەش هیچ سوودێك بە ڕۆمان ناگەیەنێت لە ئێستادا. هەر بۆیەش هەتا ساڵانی دوایی سەرەتاکانی ئەم سەدەیە ڕۆمان لە دایك نەبووە، ئێستا کتێبخانەی کوردی لەو هەژاریەدایە کە دەبینرێت ، کە دیارە پرسیار لەسەر لە دایك بوونی ڕۆمان لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆرە لە سەر هەموو ئاستەکان، فەیصەڵ دراج ڕۆمانی عەرەبی بەکەم ئەندام دەزانێت لە کاتی لەدایك بوونیدا کە هەڵکشانی ڕۆمانی ئەوروپی بە سەدەی نۆزدە هاوکات دەکات بە هەڵکشانی زانستی مێژوو لێرەدا ڕۆمان لەگەڵ مرۆڤی جیهانیدا مامەڵەی کرد لەگەڵ فرە چینەکاندا ، ئەمەش لە شۆڕشەکانی زانستی و بۆرژوازی ونە تەوەییەوە دەبینێتەوە کە بە کۆمەڵگەی نوێ کۆتایی پێدێت کە باوەڕی بە سەربەستی و یەکسانی و داد پەروەری هەیە، بەم پێیەش ڕۆمانی عەرەبی لەگەڵ سەرەتاکانی سەدەی بیستدا دادەنێت بەبێ ئەوەی





لەگەڵ زانستی مێژوودا لەگەڵ هەڵکشانی ڕۆماندا هاوکات بوو بێت ، یان لەگەڵ زانستەکانی تر ، وەلای وایە بۆرژوازیەتی عەرەبیش شۆڕشی بە دەست نەهێناوە و واقیعیەتی عەرەبیش شۆڕشی ڕیشەیی نەکردووە لەبەر ئەوە لە دایکبوونی ڕۆمانی عەرەبی بە کەمئەندام دەزانێت لە کۆمەڵگەیەکی پابەندبوودا ( بڕوانە الروایە و تأویل ). ئیتر ئێمە چۆن بڕوانینە لە دایك بوونی ڕۆمانی کوردی دەبێت چاو خشانێك بە هاوکات بوونی ڕۆمان بکەین بەو شۆڕشانە ، هەر بۆیە ناچارین لە ئێستایەك کە ئێستای پرسیارەکانمانە بتوانین بە سوود وەرگرتن لە ڕۆشنبیریی جیهان خۆمان دابمەزرێنین کە ئەو میتۆدانە میتۆدی شارستانین و بتوانین بە ڕاڤە و خوێندنەوەی قوڵەوە داهێنانیان لەسەر بکەین. بەتایبەتیش ڕۆمان کە" مارت ڕوبیر" دەڵێت :

( هیچ ڕۆمانێك بەبێ دیموکراتی وە هیچ دیموکراتیەکیش بەبێ ڕۆمان نی یە ) بڕوانە الروایە و تاویل .

بەم جۆرەش کە ئێمە دیمو کراتیە تمان نە بووە ئیتر لە کوێوە ڕۆما نمان هەبێت ؟

هەر لێرەوە لە سەدەی ڕابردوو واتا سەدەی بیست و ئێستا گۆڕانێکی زۆر لە بواری کۆمەڵگەی کوردیدا ڕوویدا ، هەتا ئێستا گەیشتۆتە ڕادەیەك کە تیشکی پێشکەوتن گرتییەوە، بە هۆی ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەرو فەزایی و دەیان شتی تری مۆدێرن لە تەکنەلۆژیا دەتوانیت لەیەك چرکەدا پەیوەندی بە جیهانەوە بکەیت .. هەر بۆیەش ئێستا لە کەموکوڕیەکان بەر پرسیارین ،

که ئەمەش چییه ؟ بۆ ؟ کێیه ؟ ئەوه دیار و ئاشکرایه ، دەبێت بپرسین بەو هەموو هۆکاره مۆدێرنەی ئێستا بۆ ڕۆشنبیری ئێمه کەلاوەیەکه ؟ دەتوانین بپرسین لەو پسپۆڕانەی دامەزراون له جێگه هەره ترسناکەکانی ڕۆشنبیریی چیان بۆ زمانی کوردی و زانستێتی ئەم زمانه و کرانەوەی لەو فره دێلێکتیکه هەژاره بەرەو زمانێکی زانستی کردووه؟ که دیاره ڕۆشنبیریی لەناو حیزبەکاندا تواوەتەوه و قوت دراوه، کامەیه ئەو بواره ڕۆشنبیریه و پانتاییه داهێنانەکانی له دەرەوەی حیزبییەکان ، دیاره که ڕۆشنبیر خرایه ناو حیزبەوه ئیتر دەبێته ڕۆشنبیری حیزبی، بۆیەش دەتوانین پرسیار له سەر پێگەو دام و دەزگاکان بکەین که کامیان له دەرەوەی حیزبه ؟ دەتوانین له ئاستەکانی ڕۆشنبیریی بپرسین و پرسیاری خۆناسینەوه بکەین به جیاوازی ڕۆشنبیریی له نێوان حیزب و نەتەوه؟ بەم پێودانگەش هەموو سەرمایەکانی ئێمه بۆ حیزبەکان تەرخان کراوه. بۆیه دەتوانین له ئێستایەك بپرسین ، چی پرسیارێکی فیکریان خولْقاند ؟ کام دایەلۆگی فیکرییان کردەوه؟! چی گۆڕانێکیان له بواری ڕۆشنبیری ئێمەدا دروستکرد؟

ئەگەر لەسەر ئەم خاڵه بکۆڵینەوه زۆر بابەتی گرنگی دەوێت .بەر پرسیارێتی مێژوویی قورسیش دێته پێشەوه، هەر بۆیەش ڕۆشنبیری ئێمه توشی قەیران هاتووه و کەلاوەیەکه که دەبینرێت . پێویسته له ڕۆشنبیریی حیزب جیا بکرێتەوه و پانتاییەکانی ڕۆشنبیریی دەربکەون ، چونکه له زەمەنی پرسیاردا دەتوانین بڵێین : کوا ئاستی فیکری و ئەو پانتاییه فیکریانەی که ئیشیان لەسەر کردووه ؟





کوا ئەو پرۆژه جدیانەی بۆ ڕۆشنبیری کوردی کرا ؟ دیاره ڕۆشنبیری کوردی ئێستا به هۆی ڕۆشنبیرانەوه تووشی قەیران هاتووه، ئاشکرایه ڕۆشنبیری کوردی ئێستا له نێوان حیزبەکاندا ترسناکتر له کۆرپەی دوو دایکەکەی لێهاتووه،چۆن ئەفسانەی دوو لەت نەکردنی دەکرێت که بگەڕێتەوه بۆ دایکه حەقیقیەکەی که نەتەوەی کورده.

هەر لێرەوه هەموو ئەو هۆکارانه و دەیان هۆکاری تر کاریگەر وون لەسەر پێشکەوتنی ئەم کۆمەڵگەیه له هەموو بوارێکەوه، بۆیەش لەسەر ئاستی جیهان دواکەوتوو بووین ، لەسەر ئاستی ئێستاش ئەوه قەیرانەکه قەیرانێکی تره.. بۆیەش توانای بەرهەم هێنانی ڕۆمانی نەبووه، ئێستاش قەیرانەکانی ئەم ژانره ئەدەبییه گرنگه له ئێستادا دەمانخاته بەردەم پرسیاری سەرسوڕهێنەر!

## فره دەنگی و فره زمانی

لێرەوە دەچینە ناو پانتاییەکی فراوان ، کە ئەویش بەر جەستەکردنی ڕۆمان و جیاکردنەوەیەتی لە ڕابردووی ڕەها، لە داخراوی رابردوو ، کە ئاستی فره ئاسۆیی پێکدەهێنی و شوناسی پێشڕەوایەتی بە ڕۆمان دەدات ئەویش فره زمانی و فره دەنگییە.کە رابردووی ئێمە لێی بێبەش بووە،بە هۆی داخراوییەوە،فرەدەنگی و فره زمانی بۆ بەرهەم نە هاتووە بەهۆ ی نەبوونی بواری خوێندنەوە و نوسینەوەی بەر بڵاو و نەبونی پەیوەندی ناوخۆ و دەرەوە و پێگەی رۆشنبیری و بەشداری نەکردنی لە بواری پیشەسازی و بازرگانی و سەربازی و زانست و زۆر بواری تر، بۆیەش هەمیشە لە یەك دەنگی و زمانێکی تەنیای ئاڵۆزدا بووە کەلەسەر ئاستی زمانی کوردیشدا یەکگرتوو هاوکار نەبووە و دابراو بووە، دێلێکتە کوردییەکان بە تەنیایی ناوچەگەرێتی بەکار براون ، نەهاتوونەتە ناو نیشانەو ئاماژەی هاو بەشەوە و لە زمانی ئەدەبی بەر بڵاودا نەبوون ،هەر بۆیەش ئەگەر شیعرێك نوسرابێت نەگەیشتۆتە ئاستی نوسراوەیی و خوێندنەوە ئیتر بەچی دەسەلاتێکی ئەدەبی دەکرێنە رۆمان لەم سەردەمەدا؟ ئەگەرنمونەی ئەو دەقانەی کە بەبێ ڕاڤە بە رۆمان دادە نرین لە لایەن کەسانێك بەبێ ڕاڤە و توێژینەوە،بەبێ نیشاندانی هونەری ڕۆمان ، دەیکەنە موڵکی رۆمانی کوردی و بە بناغەی دادەنێن،کە نازانن هیچ توێژینەوەیەکی بەراییش بکەن کە بڵێن: ئەمە رۆمانە،یاخود کامەیە سیفاتەکانی بە رۆمانبونیان؟ بەچی مەرجێك دەبنە رۆمان؟ یان چۆن پاش ئەو هەموو گۆرانە گەورانەی لە جیهانی رۆماندا کرا تازە ئێمە بگێرنەوە بۆ مەلحەمە؟ کە جیاوازیەکانی رۆمان و مەلحەمە بە قەد جیاوازییەکانی زەوی و ئاسمانە،چۆن ئەو ئاماژانە بو بناغەی رۆمانی کوردی دەکەن,لە کاتێکدا رۆمان لە جەنگە مەعریفیە بالا کاندایە و بالا





دەستە،لە نێوان مەعریفە جۆرا و جۆرەکاندا کار بۆ باڵا دەستی دەکات لە ناو ئەدەبدا و لە هەوڵدایە بۆگەیشتن بە فیزیای نوێ .

ئیتر چۆن دەقێکی چەند سەدە لەوە بەر کە بە زمانی شیعر نوسراوە دەکرێتە ڕۆمان؟ لە کاتێکدا ئێمە دەگێرێتەوە بۆ زەمەنی داخران،ئەی بەچی یاسایەك ئەم ڕایانە دە کرێنە موڵکی ڕۆمانی کوردی کە تا ئێستاش ئێمە ناتوانین باس لە شوناسی بکەین لەبەر ئەوەی ریشەیەکی تیئوریمان بۆی نییە، بۆیە تەنیا باس لەوە دەکەین کە چۆن ئاستێك وەربگرێت ، بۆیەش قسە کردن لە سەر رۆمانی کوردی قسە کردنە لە سەر مێژووی خوێندراوەی ئێمە و جیهانبینینی ئێستا، ئەمەش بە داهێنان دەکرێت لە بوارە جیا جیاکاندا . چونکە رۆمان بەشێکە لە یادەوەری کۆمەڵی پێویستە لە حەقیقەتی جێگیر تێبپەرێت ، دەبێت رۆمان نووس لە تاك هۆشیاری بۆ فرە هۆشیاری بچێت . ئەمەش دەبێت بو فرە دەنگی و فرە زمانی بچێت و بگاتە ڕاستییەکانی دوای مێژوو ، ئەو کۆمەڵە راستییەی کە لەناو مێژوودا بە نهێنی و خەففەیی ماونەتەوە،لە ڕۆماندا دەربکەون ،ئەوانەی کە مێژووو نووس نەیگووتوون،هەمووی ئەوانە لە بواری رامیاری و کۆمەلایەتی و بیری تەسك و بوارەکانی تردا ڕاستەوخو بەرەو ڕۆمان دەچن و لە سیستەمی ڕۆماندا گەشە دەکەن، نەکو ئەو نوسراوە مێژووییانەی بە بێ ڕاڤە کردن کراونەتە باشترین ڕۆمانی کوردی کە لە مێژوەودا خنکاون، ،چونکە ڕۆمان هونەری پرسیارکردنە،هەرگیز ناوەستێت.ڕۆمان بەیەکگەیشتنی نەوەکانی نوێیە،کۆبوونەوە ی جیهانە لە پانتاییەکدا،بۆیە زوڵمێکە بێ پاساو کە جارێکی تر بمانخەنەوە ناو داخراوییەکی ترەوە.

هەر لێرەشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پێویستە جیاکارییەك لە نێوان هەردوو ئاستی تیوری رۆمان و دەقدا بکەین،کە لە ڕووی تیورییەوە هیچ ڕیشەیەکمان نییە و ڕۆمان خۆی تیورێکی ئەوروپییە،ئێمە کە باس لە ڕۆمان دەکەین بەم شێوەیە پێویستە ئەوە بزانین مادام ڕۆمان تیوری خۆمان نییە،ئەوا هەر نوسینێکی دەقی ڕۆمان لە ڕووی ڕیشەی تیوورەکەیەوە سروشێکی ئەوروپی وەردەگرێت

،ترسناکی لێرەدایە چۆن جیاوازی بکەین ؟ چۆن بەرهەم هێنان بکەین هەتا جیاوازییەك وەربگرێت ؟ کە ئەوەش لە پرسیارە سەرسوڕ هێنەرەکاندایە، جیاوازی لە بوارەکانی ئەزموون و زمان وتەکنیك و پرسیارەکاندایە . کەواتە چۆن بڕوانینە ڕۆمانی کوردی؟ لە کاتێکدا کە تەنیا کۆمەڵە دەقێکمان هەیە کە پێویستیان بە ڕاڤە کردن هەیە کە زۆریان بە پێی باری کورد هەر نوسینەوەی مێژوون و لەناو مێژوودا خنکاون و توانای ئەوەیان نەبووە کە لە ڕابردوویەکی ڕەها دەربچن ، کە دیارە زۆربەی هەرە زۆری ئەدەبی ئێمە توانای پرسیار و کار کردنیان لەسەر ئایندە و جیاکاریە کانی زەمەندا نەبووە و گوتاری ئیستاتیکیان بەرهەم نەهێناوە ، بۆیەش زۆر لە ڕۆمانەکان هەر دەنگی مێژوون ، وەك ئەو دەقە کۆنانەی کە ناتایبەتمەندانی بواری ڕۆمان بە زۆر بەڕۆمان ناویان دەبەن ،یان زۆرلەو دەقانەی سالآنی دوایی کە لە بواری ڕۆماندا نەیانتوانیووە هیچ نوێکارییەك بکەن،یاخود باس کردن لەو دەقانەی  کە زۆر کۆنن کە ئەگەر مەلحەمە و جۆرەکانی لە ڕابردووی ئێمەشدا بوو بێت ، مادام رۆمانی کوردی هاوشانی جیهانی سەری هەڵنەداوە لە ئێستادا هیچ سودێك بە پێکهاتن‌و بنەڕەتی رۆمان ناگەیەنن . چونکە ئێمە نوسینی رۆمان لە مەلحەمە و پرۆژەی تیور و رەخنەوە فێر نەبوین .وە هەروەها هیچ تیئورێزەیەکی رابردوومان نەبووە کە لە کلتوری ئێمەدا ببێتە پاشخانێك ، بڵێین: ئەمە لە رابردووی ئێمەدا هەیە،ئەی بە چی پێوەرێك خوێندنەوەی شیعرێکی چەند سەدە لە مەوبەر دەکرێتە بناغە بۆ کورد ؟ ئەوانە ناتوانن راڤەی کلتور و رۆمان بکەن بۆیە شتی بیستراو و سواو دەڵێنەوە،

، هەر بۆیەش پێویستە پرسیار بەرەو ئایندە بکەین.. ئایا رۆمانی کوردی توانیوێتی پۆلێنکاریەکی خۆی بکات لە پاکژ بوونەوەی لە ئاستەکاندا و ئاستێکی نویَ بۆ رێرەوی کار کردنی دیار بکات؟ یا خود دەتوانێت ئاستەکانی فرە دەنگی فرە زمانی بەر جەستە بکات , دیارە رۆمانی کوردی لە ئێستادا تەنیا پەیوەندی بەج یهانبینی رۆماننوسەکانەوە هەیە ، رۆمانووس خۆی چەندە رۆشنبیرە و





هۆشیاری ئاستە نوێیەکانی رۆمانە یاخود چەندە نەخوێندەوارە و نازانێت یەك مەقالی گچەکەش لەسەر رۆمان بنووسێت .

ئایا دەکرێت بەو پێوەرانەکورد روٚمان نووس دروست بکات ؟ یاخود بە پێی خەیاڵ پلاًوی مەلحەمە سەدەکانی رابردوو پربکاتەوە؟یا کۆمەڵگەی کوردی بە جووتیاری ببەستنەوە ،لە کاتێکدا لە ڕابردوود و کورد دەڕبرینی جووتیارانە بووە نەکو ئێستا،بەو زوڵمەکورد ببەسترێتەوە بە جوتیاری ، توانای روٚمان نوسینی کورد بخەنە پاڵ  جوتیاری ،لە کاتێکدا کورد ئەمروٚ ئەو زەمەنانەی بریووە و هاتوٚتە ناو بواری شارستانی و زیاتر لە وەی گوند نشین بێت شار نشین و شارستانییە,هەرچەندە لەبەر نەبوونی خاڵی گوٚڕان بوٚ تەکنەلوٚجیا بوٚ کوٚمەڵگەیەکی    پیشەسازی نەگویزراوەتەوە و ناشتوانین بڵێین: جوتیاریە لەبەر ئەوەی زانستی کشتوکاڵی نییە. بەلام لەوە دەرچووە کە وەکو زمان و ئاکار و ڕوانین  هەر لە پراکتیکی جوتیارانەدا بێت ، ئەمروٚ هاتوٚتە ناو پانتاییەکانی  ئەدەب و روٚشنبیری و بوارەکانی تر،ئەمەش لە رابردوودو زیانی ئەوەی لێداوە کەنەیهێشتوە   فرە دەنکی و فرە زمانی بەر جەستەبکات.لە لایەکی تر زوٚربەی ولاًتانی جیهان جووتیاریش بوون و بەلاًم ڕوٚمانیان هەبووە ، گرنگ ئەوەیە توٚ لە بوارەکانی تردا پێشکەوتوو بیت ، هەر بوٚیەش ئەو ڕایانەلەم ڕوٚ ژ گارەی ئەمڕوٚدا بوونیان نییە.

جگە لەوەش باس لەوە کراوە کە بیانەوێت روٚماننووسی ئامێری بە پارە دروست بکەن ، کە روٚمان نووس خوٚی خودێکە کێشەی لەگەڵ خودی خوٚیدایە و ئێمەو جیهان دەگوێزێتەوە بوٚ جیهانی لە دایك بوونی بیری نویٚ ، بوٚ شەپوٚلەکانی ئایندە و روٚژگاری نەوەکانی نوێمان پیٚ دەخوێنێتەوە . چونکە ڕوٚمان ئەمڕوٚ بەرەو گەردوونییەت دەڕوات و پێویستە روٚمان نوس جیهانمان بوٚ بکاتە گوندێکی گەردوونی.

پێویستە ئەوە بزانین کە ئێمە ڕابردوویەکی داخراو و ئێستایەکی هاو شێوەمان هەیە،کە دەبێت لەم زەمەنە چەق بەستوانەوە بەرەو زەمەنی پرسیار بچین ، چونکە ڕوٚمان هەوڵی داهێنانی ئەوروپییەلە

دۆزینەوە جۆراو جۆرەکاندا ، هەتا ئەگەر بە زمانە جۆراو جۆرەکانیش بنوسرێت ،لە کاتێکدا کە ڕۆمان ئەوەندە هەڵکشاوە بوعدێکی گەردوونی گرتووە ، چۆن لەو گەردوونیەتەدا خۆمان بدۆزینەوە ؟ چۆن بتوانین داهێنانی خۆمانی بخەینە سەر؟ چۆن ئاستەکانی ئەم ژانرە دیاری دەکەین کە پێویستە بەرە و جەو هەری پرسیار بچین ، ئەوانەی کە ئێمە بەرەو هاوبەشی بەگەردوونی بوون دەبەن، نەك ئەو قسانە کە لە دیداری ڕۆمانی کوردی لە لایەن کەسانێکەوە کراوە کە دیارە شارەزاییان لەسەر تیووری ڕۆمان نییە ، لە کاتێکدا ڕۆمان گەیشتۆتە فیزیای نوێ، ئەوانە چی خوێندنەوەیەکیان بۆ ڕۆمان کردووە ، چەند لێکۆڵینەوەو مەقالیان لە سەری هەیە؟ بە چی حوکمێك ئەو قسانەیان کردووە؟ لە کاتێکدا شیکردنەوەی ڕۆمانی کوردی پێویستی بە دەیەها لێکۆڵینەوەی جۆراو جۆر هەیە،ئەوسا دەگەینە خاڵی سفر .

لە کاتێکدا هۆکاری گرنگی ڕۆمانی کوردی لە ڕابردوودا نەبوونی ڕەوتی ڕۆشنبیری و کاریگەری فراوانی زمان بووە لە هەموو بوار و شێوازەکانیدا ، قسە کردنیش لەسەر جووتیاری ئەوەیە کە دەربڕینی کەسی کورد جووتیارانە بووە لەبەر ئەوە ی لە بوا رەکانی تردا تاقی کردنەوەی نەبووە . پێویستە شیکاری تەواوی زمانی کوردی لە ئێستا و ڕابردوودا بکرێت لە ئاماژە هاو بەشەکاندا.

(باختین) لایوایە داڕشتنی رۆمان و گەشە کردنی پەیوەندی بە فرە زمانییەوە هەیە ، کە دەربڕینی کار کەری هەیە لەم جیهانە نوێیەدا و فیکری رۆشنبیری نوێ و داهێنەر لە جیهانی فرە زمانیدا دەدۆزێتەوە، زەمانی زمانی هێمن لە نێوان زمانی نەتەوەکاندا بە کۆتایی دەزانێت و لای وایە , هیچ زمانێك لە زمانەکان ناتوانێت لە واقیعدا خۆی دەربخات بەهاو کێشە بوون نەبێت, لەگەڵ زمانەکانی تردا، ژیانی ئەو زەمەنانەی پێکەوە ژیان بەسەر چوو ، کە زمانەکان لە چوار چێوەیەکی روونی زمانێکی نەتەوەیی دیاریکراودا بوون, بەڵکو زمانەکان ئێستا لە دەرفەتی زمانی ئەدەبیدان و دێنە ناو پانتاییەکی زیندوو لە کار کردن و ئاماژەی





هاوبەش لێرەدا دێنە ناو فیکرێکی داهێنەرانە، بەم پێیەش رۆمان توانیوێتی لەسەر هەردوو ئاستی زمانی بونیادنان خۆی لەسەر جۆرەکانی پێشرەوایەتی دابنێ , کە گەشەیان بە ئەدەب و نوێبوونەوەی داوە .

هەر بۆیەش لێرەدا ئەو جیاوازیانەی رۆمان و مەلحەمە لای( باختین) دەردەخەین کە لەفرە دەنگی کۆڵیوەتەوە و بەدوا گەڕانێکی ورد بۆ مێژووی رۆمان دەکات و رۆمان لە یەك دەنگی مەلحەمە و زمانی مردووی ئەم جۆرە ئەدەبە دەگوێزێتەوە, هەر بۆیەش لە بە راورد کردنیو هاو کێشەی نێوان مەلحەمە و رۆماندا بابەتی مەلحەمە بەم سێ خاڵە بەر جەستە دەکات:-

١-پاڵەوانێتی رابردووی ئەفسانەیی نەتەوەیی دەبێت لە جێی بابەت بێ بۆ مەلحەمە ئەمەش( گۆتە و شێلەر) لێی دەرچوون و ناویان نا رابردووی رەها.

٢-ئەفسانەی نەتەوایەتی دەبێت بنەڕەتبێ بۆ مەلحەمە.

٣-جیهانی مەلحەمی دادەبڕێت لە زەمەنی ئامادە ، واتە زەمەنی شاعیری گەڕۆك ، واتە نووسەر و بینەرەکەی بە هۆی زەمەنی مەلحەمی رەها- [٢٣] ل٧٢.

بەم پێیەش باختین لای وایە، کە جیهانی مەلحەمی جیهانی رابردووی پاڵەوانێتی نەتەوەییە، جیهانی سەرەتای لوتکەکانە لە مێژووی نەتەوەییدا، بەم جۆرەش مەلحەمە بە جۆرێکی ئەدەبی دیاریکراو دەزانێت کە لەسەرەتادا قەسیدەیەك بووە لەگەڵ رابردوو ئاڕاستەی کەسێکی قسەکەرە لەگەڵ رابردوو ، بەم پێیەش قسەی مەلحەمی بە ئاکار و شێوەی وێنەکەیەوە دوور دەکەوێتەوە بە تەواوی لەو قسەیەی کە کەسێکی هاو چەرخ بە کاری دەهێنێت . بەڵام ئەوەی کەڕۆمان بەکاری دەهێنێت ئەزموون و مەعریفە و پراکتیکی ئایندەیە.

بەم جۆرەش جیاوازیەکانی یەك دەنگی کە مەلحەمەیە, فرە دەنگی کە ڕۆمانە لەوەوە دەردەخات مەلحەمە زەمەنی رەهای گرتۆتە خۆ و رۆمان

زەمەنی کرانەوە بە ڕووی جیهاندا ، هەر بۆ یەش مەلحەمە زەمەنی بەسەر چووە , تازە لە توانایدا نییە هیچ پێشکەوتنێك بۆ مرۆڤایەتی بکات.

لە کاتێکدا رۆمان لەدوای مەلحەمە چەندەها گۆڕان و قۆناغ و ئاستی گرنگی بڕی, لەم ترسناکییەی سەدەی ٢١ کە رۆمان ژانرێکە لەتوانایدا نییە شتی لە کەڵك کەوتوو کۆن بگرێتە خۆ ، بەردەوام لە شەڕێکی مەعریفی قوڵدایە بۆ باڵا دەستی لە نێوان ژانرەکانی دیدا، هەروەکو ( فلوبێر) دەڵێ (نووسینی رۆمان پاوانکردنی جیهانە) چونکە رۆمان فرە ناوەندێتی دەکات لە نێوان زانستەکاندا ، زانستی رەوشت و ئیستاتیکاو میتافیزیکا و هەموو مەعریفە جۆراو جۆرەکان، هەر بۆیەش رۆمان باڵا و باڵاتر هەڵدەکشێ و لەم ساتە وەختەدا کەوتۆتە پێشبڕکێیەکی ترسناك ، هەر بۆیە نەك لە توانایدا نییە بگەڕێتەوە بۆ چەمکی کۆن ، بەڵکو بەرەو زەمەنی ئایندە لە پێشبڕکێدایە لەسەر ئاستی مەعریفەو زانستەکان .

پاش ئەوەی پەیوەندی و جیاکاری فرە دەنگی و یەك دەنگیمان زانی لە مەلحەمەو رۆماندا ئێستاش پێویستە ئاستو پەیوەندییەکانی فرە زمانی بزانین کە لای باختین پەیدا بوونی فرە زمانی دەگێڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە کتێب و نووسینەوە پەیدابوە و لەو ساتەی کە بزاڤی رۆشنبیری رێچکەی خۆی داناوە . هەر بۆیەش پرسیاری سەر هەڵدانی رۆمانی کوردی لێرەدا خاڵێکی ترە, کە بە هۆی نەبوونی پێگەی رۆشنبیری نەبووە و نووسەر و نووسینو نووسینەوە لە سەدەی رابردوودا لای ئێمە دەستپێکردووەو کە شێوەیەکی گشتی هەبێت و بەرەو ئەوە بچێت کۆمەڵگە بەڕوی هۆشیاریدا بکاتەوە . هەر بۆیەش لەوەبەر داخراوبووە ، ئەم بوارە بە هۆی هۆکارەکانی پێشوو کە ئاماژەمان پێدا رێگر بووە لەوەی کە کۆمەڵگە بە گشتی بێتە ئەو بوارەوەو بە شداریی راستەوخۆ بکات .

کە دیارە رۆمان شێوەیەکە لە شێوەکانی زمان (باختین) لای وایە کە مرۆڤ لە ڕۆماندا دەستپێشخەری ئایدۆلۆژیاو زمان دەکات و وێنەیەکی





تر وەردەگرێت ، شێوەی وێنەی پێدراو دەگۆڕێت بەرەو رێچکەی تاك گەرایی نوێ، هەر بۆیەش رۆمان شێوەیەکە لە شێوەکانی زمان، چونکە زمان لە دەرەوەی قسە پێکنایەت، قسەش بەبێ دایەلۆگ نابێت و دەبێتە شتێکی بێگیان و لە مەنەلۆگدا دەمرێت, بۆیە لای وایە ژیانەوەی زمان لە دایەلۆ گدایە.

هەر بۆیە گەشە کردنی رۆمان لە پانتایی دایەلۆ گەوە بۆ زمان دادەنێت ، هەر بۆیەشە زمانی رۆمان بە مەبەست و پانتاییەکانیەوە دەوڵەمەندترە لە زمانی شیعر، لەبەر ئەوەی کەسایەتی جیاواز بە سروشت و بایەخی جیاوازەوە بە کاری دەهێنن چونکە دەقی رۆمانی پەخشانی بە مەبەستی فرە کەسێتییەکانیەوە فرە دەنگی بەر جەستە دەکات و ڕۆمان بەرەو کرانەوە دەبات,

بۆ رۆمان فرە مەعریفیە ؟ باختین بۆ ئەم قۆناغەی رۆمان و ئاستەکانی شیکردنەوەی زۆری کرد, کاتێك کارەکانی رابلیە و دۆستۆیڤسکی خوێندەوە و شیکردنەوەی لەسەر کردن گەیشتە دیار کردنی دوو شێواز:

لە شێوەیەکی کەرنەڤاڵی کەپشت بە ڕۆشنبیری گەل دەبەستێت و گرنگییەکی گەورە دەدات بە ڕۆشنبیری رەسمی ئۆرستۆکراتی بۆرژوازی واتایەکی بەرزی هەیە, ئەم شێوەیشی لە ڕۆمانەکانی رابلیە (گار گاتوام) و (بانتا گروئیل ) دا دۆزییەوە .

شێوەی دووەمیشی لە کارەکانی دۆستۆیڤسکیدا دۆزیەوە , ئەمەشی ناو نا رۆمانی فرە دەنگی یان فرە ئاسۆیی, کە پشت بە دایەلۆگی کەسێتی دەبەستێت . لێرەشدا وێنەی کەسێتی ونبوو ناکەن بەڵکو بەرامبەر دەدوێنن. ئەمەش دۆزینەوەی پەیوەندی ئاڵو گۆڕە لە نێوانیاندا, بەم پێیەش گوتاری رۆمان کراوەیە .

ئیتر چۆن لەم چەرخەدا باس لەو نووسراوانە دەکرێت کەسیفەتی بە روٚمانبوونیان تیادا نییە،کامەیە ئەو رێچکە هونەریانەی کە بەروٚمان بە ئێمەی بناسێنن ؟ یان بە چی بیرێکەوە دەیانکەنە بناغە؟ یاخود چی پێویستییەکی ئێستای ڕوٚمانن؟

هەر بۆیە رابردووی ئێمە کەتواناى بەرهەم هێنانی فرە زمانی نەبووە, ئەوا پەیوەندی بە بەرهەم نەهاتنی ئاستی رۆشنبیرییەوە هەبووە , بۆیەش رۆمانی بۆ بەرهەم نەهاتووە ، چونکە کۆمەڵگەیەکی داخراو بووە لە بوارەکانی پەیوەندییە نێو نەتەوەییەکان و لە ڕووی پیشەسازی و بواری کۆمەڵایەتی و بازرگانی و سەربازی و.. هتد داخراوو بووە لەجیهان و نەیتوانیوە بە شداریی گۆڕان و شۆڕشە باڵاکانی ئەوروپا و جیهان بکات, پێشکەوتن بەدی بهێنێت . تەنانەت دەربڕینەکانیشی لە زماندا دەربڕینێکی جوتیارانە بووە، دەربڕینی کۆیلەیی، دەربڕینی داخران .. هتد.

بەو هۆکارەی بەشداری شۆڕشی پیشەسازی نەبووە ، نەهاتۆتە ناو چەمکە زانستی و مەعریفی و فەلسەفیو چینایەتی و نێو نەتەوەیی.. هتد .شۆڕشی چینایەتی نەکردووە و هیچ بەشدارییەکی لە شۆڕشە جۆراو جۆرەکانی جیهاندا نەکردووە ، بۆیەش نەیتوانیووە ڕێکخستنی چینایەتی و نەتەوایەتی بکات ، ئەوە ی کە کارەساتی ئێمەیە بەش بەش بوونی کوردستانە، بەلام پرسیاری گرنگ ئەوەیە وا داگیر کەران بەشیان کرد لە ڕووی جوگرافییەوە ئەی ڕۆشنبیری کوردی چی هەنگاویکی ناوە تەنیا بۆناسینەوە و یەکگرتنەوەی کلتور و زمانەکەی؟ ئایا تەنیا دەسەلاتی دیکتاتوری هەولی لەناو بردنی کلتووری داوە؟ یاخود ئێستاش دەسەلات رۆشنبیری بۆپاراستنی پێگەی خۆی بەکار هێناوە ؟ یا کامەیە دووبارە بوونەوەی خوێندنەوە کە بوو بێتە نامەیەکی ڕخنەیی،؟ کە تێگەیشتنی ناکۆکیی لە پێگەکانی دەسەلاتدا بەرپا بکات ، جگە لەوەش پرسیاری جەوهەری ئەوەیە کامەیە ئەو گوتارە شارستانییەتە کار کەرەی کە توانیوێتی لە شتە باوە جێگرەکانی دەسەلا ت تێپەڕێت و ببێتە نامەیەکی ڕەخنەیی کەهە ڵگری پرسیاربن و دایەلۆژیان دروست کردبێت نەکو بردبێتینیانەوە بۆ دوای خالی سفر .

لێرەشدا ئێمە لە گەرداوەکانی پرسیار و سەر سوڕماندا چۆن خۆمان بدۆزینەوە؟ چۆن ئاستەکانمان دیاری بکەین ؟ چۆن ڕابردووی خۆمان و





زمان و کلتوور بخوێنینەوە ، چۆن ئێستا داهێنان لە زماندا دەکەین؟ چۆن زمانی کوردی لەناو ئاماژە هاو بەشەکاندا کار دەکات؟

لەکاتێکدا ڕۆمان داهێنانە لە زمانداو زمانی کوردیش زمانێك بووە کە لە ئێستاشدا نەهاتۆتە ناو مەعریفە جۆراو جۆرەکان و زانستەکان و فەلسەفە.

پێشکەوتنی زمانی میللەتانی تر ئاماژە بەم دەوڵەمەندییەی کلتوریانەوەیە ، زمانی ئەوان زمانی بیرمەندێکی تەنیا نییە, بەڵکو زمانی هەموو بیرمەند و بیریار و بوارە رۆشنبیرییەکانیانە لە هەموو ئاستەکاندا ، زمانی ئەدەبیە، زانستییە، فەلسەفیە، مەعریفە جۆراو جۆرەکان .. هتد.بەو جۆرەش زمانی ڕۆشنبیریان بەر جەستە بووە .

بەم شێوەیەش زمانی کوردی لەسەدەی بیستەم کە بە گشتی سەدەی کرانەوە و کرانەوەی رۆشنبیری و ئاستی نووسینەوەیەکە, کەبەر بڵاو بێت و بگاتە هەموو شوێنێك و بەشداریی کۆمەڵ بێت بە گشتی ، هەر لەم کرانەوەیەشدا زمان ماوێتی لەبەر ئەوەی کلتوری ئێمە لە ڕووی زانستەکان و فەلسەفەوە هیچی نییە، ئەوەی کە وەریگرتووە هی رۆژئاوایە، هی جیهانە، لەسەرەتای نوسینەوەو بڵاو بونەوەشدا زیاتر زمانی کوردی زمانی شیعر بووە کەمتر پەخشان , بۆیەش نەیتوانیوە لەسەر ئاستی فیکر بەرهەم هێنانی هەبێت . کاتێك کەتوانرا ئێمە بگەینە ئاستی بەرهەم هێنانی فیکر و توانیمان بە ئیشکردنی ئەو میتۆد و تیۆرەی جیهان لەکلتوری خۆماندا ئەوە جیاوازیەکی تر دروست دە بێت ، ئەم کار کردنەش ئاسایی نییە و پێویستە بە عەقڵێکی نوێوە خوێندنەوە بکەین ئێمە لە داخرانی مێژوودا ژیاوین لە هەموو بوارێکدا چۆن لەو تەوقە دەربچین ؟ چۆن چرایەك دابگیرسێنین لەناو ڕەوڕەوەکانی مێژوو زەمەندا خۆمان بدۆزینەوە؟ هەتا ئێستامان بۆ ئایندە بەر جەستە بکەین ؟ لە کاتێکدا ڕۆشنبیری کوردی ئیستا لە بارێکی سواوی جوینەوەو ڕش کردنەوەی لاپەڕدایە ، کارەساتێك ئێستا رۆشنبیری کوردی پیا تێدەپەڕێت زریانی نوسینەوەی بێ خوێندنەوە و ڕەخنە و توێژینەوەیە ، کە پێویستە بەرەو پرسیار و قوڵ

بوونەوە و داهێنان بچین ، چونکە هەر دەبێت هەوڵی پڕ بونەوەی پانتاییەکانمان بدەین یان هێڵێکی ئاسۆییان بۆ بکێشن, کەدیارە ئەوەش هەر بەسود وەرگرتن دەبێت لە جیهان، هەر بۆیەش پێویستە بە ڕووی جیهانی فیکردا بکرێنەوە و ڕۆشنبیری کوردی بتوانن داهێنان بکەن , چونکە ڕۆشنبیری ئێستا بوعدێکی گەردوونی هەیە و دیوار و سنووری نییە ، تەنیا سنووری لەو ئاستەدایە کە بتوانین کاریان پێ بکەین لەناو چەمکەکانی خۆماندا نەکو ورێنە کردن . چونکە ئیشکردن لەسەر پرۆژەی فیکری پێویستی بە دا هێنانێکی ترە ، هەموو نووسینێك پێویستە داهێنانێکی نوێ بێت لە بوارێك لەبوارە بۆشەکانی ئێمەدا و بتوانێت ئەو میتۆدە پەیڕە و بکات و پیادەی بکات لەسەر تێکستێك یان بوارێکی دەرونی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و فیکری و.. هتد.دەبێت ببێتە نامەیەك ، بە پێچەوانەوە هیچ سود بەڕۆشنبیری ئێمە ناگەیەنێت ، چونکە جیا کردنەوەی کەسێك کە ناوی ڕۆشنبیرە جیاوازە لە کەسێك کە بیرمەندە ، کاری بیرمەند داهێنانە ، کردنەوەی دایەلۆگی نوێیە، دووبارە کردنەوەی بەرهەمە، لێکدانەوەی دەقەکانە، دۆزینەوەی واتا شاردراوەکان و پەیوەندیەکانی ئامادەبوون و بزر بوون ، هەڵوەشاندنەوە.. هتد . پێوستە ئەو شتەی کە وەریگرتووە لەناو بونیادو چەمکەکانی ئێمەدا بە داهێنان کاریان پێبکات,. چونکە دەتوانین بپرسین بزانین تا چەندە .لەو ئاستەداین کە خودی خۆمان بخوێننەوە، ئەی بۆچی لە فەلسەفە و زانستەکان بێبەشین بۆ زۆربەی هەرە زۆری پانتاییەکانمان بەتاڵن ؟ بۆ.. بۆ..؟

هەرلەم خاڵانەوە دەگەینە ئەو ئاستە قەیراناویانەی ڕۆشنبیری کوردی , کە چون بیر لە بواری فیکر و داهێنان بکەینەوە ؟ کە جگە لە هەوڵی چەند کەسێك لە نوسەرانی " ڕەهەند " داهێنان کەمە و هەر بۆیە ئەو هەموو پانتاییە بەتاڵە و سەدان پرسیاری گرنگ روو بە ڕوومان دەبێتەوە . ئەگەر کاتێك لەم سەردەمەی هەموو پێشکەوتنێك بۆ



شوناسی نادیار و سروشتی ڕۆمانی کوردی صلاح جلال

ئێمە ڕەخساوە بتوانین بەرهەمهێنان بکەین, ئەوا ئاستی زمانی کوردیش بەرز دەبێتەوە کە دیارە مشتو مڕی کێشەی زمانی ئێمە پێویستی بە دەیەها بیرمەندی تایبەتمەند هەیە, دەیەها پسپۆڕ, ئایا چەند مەقالیان بۆ زمان هەیە ؟ ئایا تا چەندە دەتوانن کەمو کو ڕیەکان پڕ بکەنەوە ؟ کە گەورەترین کێشەی زمانی ئێمە ئەمڕۆ لە هاوبەشی فرە زمانی و فرە ڕۆشنبیریدایە بتوانن ئەو موفرەدە و فەرهەنگە جۆراو جۆرە ئەدەبی و زانستی و هونەری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتیانە بە کوردی بدۆزینەوە, کە بۆ زۆریان هیچمان نییە, چونکە کۆمەڵگەی ئێمە دەربڕین و پراکتیکی ئەو شتانەی نەکردووە. دیارە ئێستا بەرەو ئەوە دەچین کە زمانی ئێمە بەرەو پەیوەندیو تێکەڵاوی بەزمانو ڕۆشنبیری گەلانەوە دەچێتو تێکەڵاوی ئەدەب و هونەر و زانست و فەلسەفە دەبێت, بە تایبەتی لەبواری هەوڵی ڕۆماندا, ڕۆمان خۆی دایەلۆگی فرە زمانییە لەگەڵ زمانێکی تر و گەڕانی کەسایەتیەکان و دابەشکردنیان بە کەسایەتی تر و گوتار و مادەکانی خۆی لەزانستی کۆمەڵایەتی و مێژوو و دەروونزانیو ئەفسانەکان و هەتا فیزیای نوێ وەردەگرێت . بەم پێیەش ڕۆمان هاوبەشی هێنانی هەموو شتێکی نوێ دەکات, چونکە ڕۆمان لە خاڵی پەیوەندی راستەو خۆ لەگەڵ جیهانی هاوچەرخدا گەشەی کردووە و دامەزاوە , لەگەڵ دەرکەوتەی چەمکی زانستی نوێ کە دامەزاروەی ئەزموونی مرۆڤایەتیە وەکو باختین ئاماژەی پێدەکات پێوستی بە چەمکی نوێ هەیە, چونکە گوتاری ڕۆمان دابەشدەکات کەژانرێکی مەعریفیە لەسەر ڕەنگە جیاوازەکان لە ژانرە مەعرفیەکاندا,

رۆمان, هەموو ئەوانەی کەلە ناوەوە هەڵیدەگرێت هەموو ئەوانەن کەلە دەرەوە پێیدەگەن.

هەر بۆیە باختین توانی ئاستێکی باڵا بە ڕۆمان ببەخشێت ,کارتێکەری گەورەی هەبوو لەو هەموو داهێنانەی بۆ پەیوەندیەکانی مرۆڤایەتی کردی لەسەر ئەم ژانرە ، کە بەشدارە لە گۆڕانکاریەکانی مرۆڤ و گەشە سەندنیدا .

هەر لێرەشەوە ئێمە ئاست و خاڵە دیاری کراوو بێ سنوورکانی رۆمانمان زانی و ئیشکردنی زمان و پەیوەندی بەم ژانرە سەرسوڕهێنەرە پەیوەندیەکان لەسەر ئاستی کلتور . کە لەم سەردەمی ئینتەرنێت و مۆبایل و سەتەلایت و پەیوەندیە چرکەییەکانی جیهانەوە دەتوانین خۆمان رێکبخەین و ئاستی زمانو رۆشنبیری بەرز بکەینەوە و هاوبەشی جیهان بکەین . دیارە ئەوەش پرسیارێکمان بۆ دروستدەکات ئایا تا چەند دەتوانین هاوبەشی گۆڕانکاریەکانی جیهان بکەینو دایەلۆگی رۆشنبیری بکەینەوە ؟ تا چەند توانای ئیشکردنمان هەیە لە بوارەکانی فیکردا, ئایا ئاستی خوێندنەوەی ئێمە گەیشتۆتە لێکدانەوە یان هەر ئاستێکی زەلیلەو توانای لێکدانەوەی دەقەکانی نییە و خۆی هەڵدەخەڵەتێنێ . پێویستە ئێمە پانتایی ڕۆشنبیری شیبکەینەوە ئاستی خۆمان و داهێنان بزانین ، هەروەکو لای" عەلی حەرب" بیرمەند خوێنەرێکە ( بەڵکو ئەو خوێنەرێکە رووداو دەخوێنێتەوە و قەیران دەستنیشان دەکات بۆ وەرگێڕان بۆ کێشەیەکی هزری یان ئامرازێکی چەمکیانە [٢٤] ل ٣٣. حەرب بیرمەند بەو کەسە دەزانێت لێکدانەوەی کارەکانی دەکات و کەسێکە بەر لە هەموو شتێك کێشە ی لەگەڵ فیکری خۆیدایە و هەمیشە بە ڕووی ئێمە و جیهاندا دەکرێتەوەو ئەو کەسەیە کە جیهان بەفیکرەکەی دەگۆڕێتو خودی خۆی دەخوێنێتەوە.کە لای بیریاران لە کانتەوە شیکاری کراوە ( هید جر ) و بنڤانغر خودەکان شیدەکرێتەوە کە ( بۆڵدیمان ) شیکردنەوەی دەکات ، خودی چوارەم هەڵدەبژێرێت کە خودی خۆی دەخوێنێتەوە , خودێکە دەخوێنێتەوە و





ڕاستی لەسەر دەقەکان دەڵێ ،کە دوا جار دەبێتە ڕاڤە کارو هەڵوەشاندنەوە دەکات ، هەر وەك" حەرب" شیکردنەوەی دەکات ﴿ خوێنەرێك کە دوور دەکەوێتەوە لە کاریگەری , دان بەگرنگی و سودی دەقدا نانێت , خوێنەرێك دەخوێنێتەوە سوودمەند دەبێت و دەکەوێتە ژێر کاریگەریەوە بەڵام نکۆڵی لەو کاریگەرییە دەکات, خوێنەرێکی تریش دان بەکاریگەرییەکەدا دەنێت بە بارستایی پڕۆسەکردنی ئەو گاریگەری یە بۆ خوێندنەوەیەکی بەرهەم هێن کە هەڵگری نوێ بونەوە و کەڵەکە بونی زانینە بۆ دەقەکان / (٢٥) ل٢١٥ ).

نمونەی خویندنەوەی " صقر أبو فخر " دێنێتەوە , ئایا ئێمە دەتوانین چەند نمونە بهێنینەوە ؟ ئایا تا چەندە رۆحی داهێنانەکان لە لای ئێمە راستی دەرخستووە و بە بێ رق و قین و دوژمنایەتی و جیاوازی گروپ دەروانینە جیهانی داهێنان؟ چۆن بەرەو گەردوونییەتی داهێنان دەچین ؟ ئایا دەتوانین ڕۆحەکەی نیچە وەربگرین لە ئێستای ئەڵمانیاوە زەرادەشتی دەیەها سەدە لەوە بەری ئێرە بخوێنینەوە ؟ چۆن بەرەو پانتاییەکانی داهێنان دەچین ؟.چۆن خۆمان و ئەو و ئەوان بدۆزینەوە ؟ چۆن بەرەو دایەلۆگ و پرسیار و خوێندنەوە بچین ؟ چۆن هێڵی ئاسۆیی بۆ ئاینده بکێشین؟ چۆن خودی خۆمان بخوێنینەوە و بەرە و گەردوو نیەت بچین ؟!!

## ڕۆمانی کوردی و پرسیارەکانی ئێستا

لەم ناونیشانەوە دەکەوینە ناو ئەو پرسیارانەی کە تووشی ڕاڕیی و سەرسامیمان دەکات،دەربارەی ناز ناوی ڕۆمانی کوردی و چۆن پۆلێن کاری بکەین؟لە چی ئاستێکدا بیخوێنینەوە،لە کاتێکدا هیچ خوێندنەوەیەکی بەرایی بۆ نەکراوە؟ڕیشەیەکی تیئوریمان بۆی نەبووە، کە دیارە دەربارەی تیۆری ڕۆمان توشی پرسیارێکی زۆر قورس دەبین هەروەکو ڕەخنەگر (میشێل رایمۆن) ڕای وایە کە ڕۆمان (ژانرێکی بێ یاسایە[٢٦]ل١٠. ئەمەش پەیوەندی بەو داهێنانانەوە هەیە کە ڕۆژانە جیهانی ڕۆمان دەگرێتەوە.هەمیشەلە هەوڵی بالاّ دەستی دایە،لەناو ئەدەبدا و بۆتە ژانرێکی سەرسوڕهێنەر بە جۆرێك هەڵکشاوە، کە لەناو ژانرەکانی دیدا هەوڵی بالاّ دەستی دەدات، هەموو بناغەو سنوورێکی پۆلێنکاری لابردووە و بەرەو کرانەوەیەکی فراوان بۆ جیهانو مرۆڤایەتی و پەیوەندییەکانی مرۆڤ و بوونو ناوەندی کردنی مەعریفەو زانستەکانو فەلسەفە دەچێت,کار بۆ ڕوداو و پێشهاتەکانی ئایندە دەکات و چارەنووسی مرۆڤایەتی تیادا دەبینرێتەوە. کە تا ئەم ساتەش هیچ ریشەیەکی تیۆری لە ڕۆشنبیری ئێمەدا بۆ ئەم ژانرە گرنگە نەکراوە، ئەمەش جێگەی سەر سوڕمانێکی گەورەیە! هەر بۆیەش نازانین لە کوێوە قسە لەسەر ئەم باسە گرنگە بکەین؟! لە کاتێکدا کە دێینە سەر پێناسەکردنی تیۆری رۆمان خۆی تیۆرێکی ئەوروپییە، بەرهەم هێنانی ژیاری ئەو کۆمەڵگەییە، ئێمەش ئەم تیۆرەمان وەکو تیۆرێکی ئەوروپی وەرگرتووە.. وەکو هەموو میللەتانی تری جیهان، بەلاّم جیاوازیەکە لەوەدایە عەرەب و فارسو تورك .. هتد وەکو ئێمە وەریانگرتووە، ئەوان توانیویانە لە پرۆژەکانی خۆیاندا کاری پێبکەن لە هەموو بوارەکانی رۆماندا توێژینەوەی قوڵی جۆراو جۆریان هەیە و کتێبخانەکانیان لەم لایەنە گرنگەی ژیان بەتاڵ نییە،لە نوسینی دەقدا





توانیویانە جیاوازییەکان دەربخەن، لە بواری داهێناندا لە ڕوی ئەزموون وشێواز و تەکنیکی ڕۆمان کە توانیویانە لە ڕووی زمانەوە داهێنان بکەن، چونکە زمانی ئەوان جیاوازە لە زمانی کوردی کە تا ئێستا نەتوانراوە چاك سازی لە زماندا بکرێت،کە هەموو کۆمەڵگەیەك لە ڕێگەی شۆڕشەکانەوە شۆڕشیان لە زماندا کردووە،کۆمەڵگەی کوردی هیچ شۆڕشێکی بۆرژوازی پیشەسازی و ڕیشەیی نەکردووە،کە دیارە زمان تایبەتمەندێتی خۆی وەرناگرێت لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی دانەبێت کە هاوولاتیان بۆ ماڤ یەکسانی بەش دەبن،زمانێکی هاوبەش و کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی لە ماڤ هاولاتیان لە بوارەکانی ماف پەروەری و ڕامیای و ئابوریدا، باوەڕی یەکێتی نیشتمانی بەرجەستە دەکات،کە دیارە لێرەوە بەرەو زمانێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی دەڕوات،(لە کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوودا هیچ بوونێك نییە بەبێ زمانێك کە هەموو تاکەکانی بەیەك نەگەیەنێت،وە شوناسێکی نەتەوەیی بوونی نییە بە بێ زمانێك کە خەیاڵکراوێکی هاوبەش بەسەر سەرجەم تاکە کانی کۆمەڵگەدا دابەش بکات ٢٧ل٣٢) ،هەر بۆیەش لێرەدا تووشی پرسیاری ترسناك دەبین،ئایا ئێمە چیمان کردووە و دەبێت چی بکەین؟ ئێمە چۆن دەبێت شۆڕشێك لە زماندا بکەین؟ لە کاتێکدا شۆڕشەکانی تر نەکراون، شۆڕشی ئێمە نەیتوانیووە لە هەموو ئاستەکانی نەتەوایەتی و چینایەتیدا گۆڕان بکات ،هەتا لە بوارەکانی ئابوری و ڕامیاری و کۆمەلایەتی و زانستی و...هتد کۆمەڵگە بەرە و ئاستی داهێنان بەرێت،دوای ئەوەی کە دیارە شۆڕش لە ڕووی زەمەنی دریژ و قوربانییەوە کاملّ ببوو ،بە تەنیا نەکو لە ڕووی مەعریفییەوە،بەهۆی گۆڕانە قوڵەکانی جیهانەوە لە ناوچەکەدا پریشکی ئازادی بەرکەوت لە تەنیا پارچەیەکیدا،ئەمەش کاریگەری هەبوو لە سەر خۆڕیك نەخستنێکی شۆڕشگێڕانە،کە قۆناغەکانی دیموکراتی ببڕێت،هەر بۆیەش کورد کۆمەڵگەیەکی شیرازە پچڕاوە لە ڕووی نەتەوە و خاك و جوگرافیا و چینایەتی وکلتوورو زمانەوە...هتد بۆیە پێویستە ببێتە نەتەوەیەکی شۆڕشگێڕ ،چونکە هیچ شتێکی تر ئەم کۆمەڵگەیە یەك

ناخاتەوە جگە لە شۆڕش ،لەبەر ئەوەی شۆڕشی کورد لە ڕووی مەعریفەوە ناکامڵ بووە نەیتوانیوە قەڵاکانی لە هەموو بوارەکانەوە تۆکمە بکات،کە بە تاڵاییەکانی ئەوەندە زۆرە ،لەبەر نەبوونی ڕەخنە لاوازییەکانیان نیشانیان نەدراوە،بۆیە وا دەزانن کێشە نەماوە،دیارە دەسەڵاتەکانی بەرلە مانیش هەر بەو جۆرە بوون، بەڵام چونکە کاریان بۆ پانتاییەکانی مەعریفە و چەمکەکانی دەسەڵات و لایەنە گرنگەکانی تر نەکردووە چارەنوسیان ڕوخان بووە، چونکە هەموو ڕێکەوتێك ڕێکەوتی تری لە دواوەیە،کە پێویست بوو لەم ساتەدا دەسەڵاتی کوردی ئەو خوێندنەوەیە بکات بە جۆرێك بۆشاییەکانی کامڵ نەبوونی شۆڕش پڕ بکاتەوە،بۆشاییەکانی خۆ دۆزینەوەو خۆ ناسینەوە چی لێکۆڵینەوەیەك کراوە بزانین ئایا ئێمە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵین یان پیشەسازی؟چۆن پۆڵین کاری چینایەتی دەکرێت ،لە کاتێکدا لەبەر ئەوەی تەکنەلۆجیامان نییە نابینە پیشەسازی و بۆ زانستێتی کشتوکاڵیش تەنیا مەعریفە گشتییەکەمان هەیە کە کورد بەپێی مەعریفەی خۆی گەشەی پێداوە ،بەم جۆرەش کۆمەڵگەیەکی شیرازە پچڕاوە،کە دیارە ئەم جیاکارییانە لە شۆڕشەکاندا دەردەکەوێت ،ئەگەر بەراوردی زۆربەی شۆڕشەکانی جیهان بکەین دەبینین هەموو شوێنەوارەکانی ڕابردوویان لابردووە سەر لە نوێ داڕشتنەوەیەکی نوێیان لەگەڵ واقیع و کۆمەڵگەدا کردووە،توانیویانە بە فیکرەکەیان کۆمەڵگە بگۆڕن ،لینین کۆمەڵگەی رووسی گۆڕی بە پڕۆلیتاری ،خومەینی بە ئیسلامی،کە ئەمە نمونەی هەموو شۆڕشێکی سەرکەوتووی جیهان بووە،بەڵام نەك ئەوە نەکراوە ،کە هیچ گۆڕانێکی ڕیشەیی رووبدات و هەتا نەتوانراوە هەوڵی یەکگرتنەوەی زمان و خاك و نەتەوە و کلتوور بدرێت، بەڵکو پرسیاری دابەش بوونی کوردستان دوای دابەش بوونی داگیرکەران چی ناواخنێکە؟ چەندە هێڵێکی ترسناك و دوور لە هەموو بەهایەکە،کە هیچ وەڵام و پاساوێکی بۆ نییە و سەدان پرسیاری قورس و گرنگە لە ئێستا و ڕابردو و ئایندەماندا بەر جەستە دەکات.بەم پێەش لە ناو پچڕانی شیرازەکاندا چۆن ئاستێکی





ئاسۆیی بۆ ڕۆمانی کوردی بدۆزینەوە ؟ ئەوەشی کە خاڵی سەرەکیمانە زمانە و لەناو قەیرانە جۆراو جۆرەکاندا ماوەتەوە.

ئەی دەبێت چی بکەین؟ بەم پێەش ئێمە دەبێت لە سفرەوە دەستپێبکەین، ئەمەش حاڵەتێکی ترسناکە بۆ ئێستا و ئایندەمان چونکە ئایندە و وەچەکان ناتوانن لەناو قەیران‌و نەبوونی پرسیارە فیکرییەکانی ئێستادا بژین و بێ بەش بن لە ناسینەوەی خۆیان، لە مێژووی رۆحیان

چونکە ئێمەلەناو ئەوپرسیارانەدا گێژبووین کە ناتوانین باس لە شوناس بکەین؟کوا شوناسی نەتەوایەتی؟لە کاتێکدا کوردستان پارچە پارچەیە،ئەی شوناسی زمان کە پچڕ پچڕی بەش بەش بوونی پارچەیی کوردستان و شێوە دێلێکتە کوردییەکانە،چۆن بڕوانینە زانستێتی زمانی کوردی لە کاتێکدا پێویست بوو کار بۆ یەکگرتنەوەی کرمانجی سەرو و خوارو بکرایە ئایا ئەوەی ئایندە چی دەکەن ؟ تۆ بڵێی هەموو نوسینەکانی ئەم ڕۆژگارە جارێکی تر وەرنەگێڕنەوە؟یا خود دەبێت واز لەو پرۆژە گرانە بهێنرێت و کرمانجی سەرو خوارو ببنە دوو شێوەی جیاواز ؟ چونکە ئەوە کارێکی ئەوەندە قورسە نەوەی ئایندە دەبێت بکەونە گواستنەوەی شاخ بۆ شاخ ،ئەی چارەسەر چییە لە بوارێکی وەکو ڕۆشنبیری کوردی کە هیچ بیر کردنەوەیەك بۆ ئێستا و ئایندە ناکرێت ؟ دەبێت ئێمە بە دوای پرسیارەکاندا گێژ ببین ؟ کوا شوناسی ڕۆشنبیری لەو هەموو کەرت کەرت بوونەدا ؟ دەکرێت هەر پارچەیەی کوردستان خۆی کلتورێکی جیاواز دروست بکات ؟چونکە ئێستا جیاوازی لە شێوەی نوسینەوەدا هەیە،بەهۆی فرە دێلیکتییەوە،کە دەبێت کارێکی گرنگ بکرێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك،یان دەبێت لەسەر ئەوە بڕۆین کە ئەو دوو شێوە زمانە بە جیاکاری کار بکەن یان دەبێت هەوڵی یەکگرتنی بدرێت،ئەی ئێمە چۆن خۆمان بدۆزینەوە ؟ چونکە بە شێکی زۆری ڕۆشنبیری ئێمە لە پانتاییەکی فراواندا بیر ناکاتەوە بۆ داهێنان، بە قەد ئەوەی سیاسیانە سەر قاڵی هۆ و هۆکاری ڕووداوەکانن ، هەر بۆیەش ئەمڕۆ دەسەڵاتی کوردی بەر پرسە لە پارچە

کردنی ڕۆشنبیری کوردی قوتدانی بۆ ناو حیزبەکان ،لە کاتێکدا بواری ڕۆشنبیری کەلاوەیەکە،ئەو دام و دەزگایانەی کە بۆیاخی ڕۆشنبیری کراون چیان کرد بۆ شۆڕشێکی ڕۆشنبیری ؟چی پرسیارێکی فیکریان وروژاند؟ چی خوێندنەوەیەکیان بۆ دەسەلات کرد؟ کوا نامە ڕەخنەییەکەیان بۆ دەسەلات ؟ جگەلەوەی کە هەمیشە کاری ڕۆشنبیری حیزبیان ئەنجام داوە و کادرەکانیان حەساندوتەوە ،پاش ئەوەی پانزە ساڵ تێپەڕی بەسەر گۆنگرەی یەکێتی نووسەراندا چی پاساوێك هەیە کە ناگیرێتەوە ؟ چیان بۆ ڕۆشنبیری و نووسەران کرد، چی نامەیەکی ڕەخنەییان خستە ڕوو ؟ چی پرسیارێکیان ڕەخساند ؟ جگە لەوەی نوسەرانیان پەر تەوازە کرد و بێ باوك کردنی زۆربەی،کە دیارە مێژووی میللەتێك شایەدی نەوەکانی دوا ڕۆژەو مێژوو هیچ کاتێك نەخنکاوە،ئەی کێ ئەو بەر پرسیارێتییە مێژوو یيە دەگرێتە ئەستۆ لە سەرجەم پێگە ترسناکەکانی ڕۆشنبیریدا؟ کە بە هیچ شتێك باجیان نادرێتەوە؟ چونکە لە سەر مێز دانیشتنی پێگە ترسناکەکانی ڕۆشنبیری هەروا خەو بینین نییە کە سانێکی بێبەرهەم ،پاڵ بە مێژووەوە بنێن ، وا بزانن مێژوو عەرەبانەیە .بەڵکو پێویستیان بەو کەسانە هەیە کە ئەو جێگایانە بکەنە مەیدانی لە دایك بوون ،فەزای بەرهەم هێنان،بەم پێیەش ئێمە چۆن پرسیارەکانمان بەر جەستە بکەین ؟چۆن لەناو زریانی قەیرانەکاندا باس لە ڕۆمانی کوردی بکەین؟ هەر بۆیەش ئیتر نەوەی نوێ پرسیارەکانمان دەخوێننەوە،نەوەی قوربانی هەڵگری ئەرکە قورسەکانی مێژووی کورد ،نەوەی شۆڕش و خەباتی سەخت ، چونکە نەوەی ئێستا بوون بە نەوەی پشوو ، کە دیارە هیچ چارەیەك نییە جگەلە وەی لە ئێستاوە بەرەو گەردونییەت بچین ، چونکە لەم سەردەمەدا ئێمە ناتوانین چارە سەری ئەو کەلێنە گەورانە بکەین کە زەمەنێکی دور و درێژیان دەوێت ،پێویستیان بە دەیەها بیرمەند هەیە،لە لایەکی تر ئەوانە پەیوەندییان بە شۆڕشێکی نەتەوەیی بەر بڵاوەوە هەیە کە چەندین شۆڕشی گەورەش لە دوایەوە دەکرێت ،کە بتوانێت کورد لە چوار چێوەی یەك نەتەوە و یەك دەوڵەتدا یەك بخات،





چینەکانی کۆمەل ڕێك بخات . دیارە کە ئەمەش نەهاتە کایەوە ئیتر هەموو شیرازەکان بە پچراوی دەمێننەوە، بە تایبەتی لە ئێستادا کە ئەوە زۆر سەختەو پرسیارێکی دوورە لەم زەمەنەدا.ئەی کەواتە ئێمە دەبێت چی بکەین؟ ناکرێت هەر بەم جۆرە بمێنینەوە،ئەگەر جیهان بە جیهانی خۆمان بزانین و بتوانین داهێنان بکەین بەرەو ئاینده خاڵی سەرەتایی دەست پێدەکەین و لەناو برینەکانی ڕابردووی ئێمەدا کەمێك دوور دەکەوینەوە،چونکە رابردوومان ئەوەندە پڕ برینە لە خویندنەوە و ئاوڕدانەوە بۆی تووشی ڕاڕایی و سەرسوڕمان و بێهیواییمان دەکات. بۆیە ئێستا پێویستی بە شۆڕشێکی ڕۆشنبیری هەیە،ئەمەش بە هێنانە کایەی دەسەلاتی ئەدەبی دەکرێت دوور لە پاوان کردنی لە لایەن دەسەلاتی سیاسیەوە بۆ هێشتنەوەی خۆی،کە ئەویش بەفەزایەکی ڕۆشنبیری گەورە دەکرێت کە توانای دەرخستنی جیاوازیەکانی هەبێت، چونکە نەبوونی بواری ڕۆشنبیری بەرهەم هێن مانای گەندەڵ بوونی هەموو بەهاکانە،ئەوەی کە کۆمەڵگە دەگۆڕێت ناتەبابوونی ڕۆشنبیرییە لەگەڵ دەسەلات،بە پێچەوانەی ئێستاوە کە دەسەلا ت و ڕۆشنبیری هەموو چاوەڕوانی پیادە کردنی فەرمانن,هەر ئەمەش بواری داهێنان دەکوژێت و خۆمان نابینە خاوەنی هیچ تەنانەت خۆشمان،لە کاتێکدا نەتەوەی کورد خوێناوی ترین شۆڕش لە مێژوودا چاوەڕێیەتی،کامەیە ئامادەکارییەکانی ئێستا بۆی؟ دەبێت ئەمەش وەکو هەموو شتەکانی تر دابنێین بۆ نەوە هەژ بە سەرەکەی ئایندە،

هەر بۆیەش ئێمە لە ئێستادا دەبێت هەست بەو بەر پرسیارێتییە بکەین و پێویستە چیتر نەهێڵین چرکەیەکمان بە سەردا بڕوات, بۆ ئەوەی هەوڵی ئیشکردنمان بدەین بۆ ئەوەی بۆ ئاینده ئاسۆیەکمان هەبێت، ئەمەش کۆششێکی گەورەی دەوێت، چونکە کە سەیری ئێستامان دەکەین،ئەوا دیارە ناکرێت ئێمە بە دیار شۆڕشەکانەوە دابنیشین تا دەکرێت،پێویستە شۆڕشی ڕۆشنبیری ڕۆڵەکانی خۆی ببینیت و ببێتە چرایەك بۆ شۆڕشەکان .ئەی ڕۆڵی ڕۆشنبیر چییە؟ تەنیا نوسینەوەی ئەنفالە ؟ یا نوسینەوەی پاڵەوانێتی؟ چونکە بە

شێکی زۆری ڕۆشنبیری ئێمە لە پانتاییەکی فراواندا بیر ناکاتەوە بۆ داهێنان بە قەد ئەوەی سیاسیانە بە دوای ڕووداوەکانی ڕۆژانە و نوسینەوەی شتە دیارە نزیکەکان و ئەو شتانەی کە ئاسایی زانراون،کۆمەڵگە خۆی ئەنفالی دی هونەرمەندو نوسەران دەچن لێیان دەپرسن چۆن بوو ؟ دوایی بە نوسینەوە و نواندن نیشانیان دەدەنەوە،چونکە ناتونن،لە دۆزەخێکی تردا وێنای بکەن،چۆن بەرەو فەزایەکمان ببەن نەبینراو؟ ،لە کاتێکدا ئەرکی ڕۆشنبیر گۆڕینی ئێمە و واقیعی باوە،کە دیارە ڕۆڵی ڕۆمان لێرەدا زۆر گرنگە کە لە کار کردنەکانی دەتوانیت ئێمە و زەوی و جیهان بگۆڕێت بۆ ٔنیشتمانێکی نوێ،بە وێنەی ئەنتۆلۆژی، کە ڕۆمان نوس خۆی دەتوانێت شۆڕشێك لە زماندا بکات بە زمانێکی داهێنەرانە بەرە و لەدایك بونمان ببات و زمانێکی نوێ بتەقێنێتەوە کە ئەمەش پێویستە لە سەرەتاوە بەڕوانینێکی نوێوە جارێکی تر ئاستی خۆمان و ڕۆمان بزانین کە دیارە ئەم وەرگرتنە تیۆریەی ڕۆمان‌و ئەم بوارە گرنگەمان تەنیا لەسەر ئاستی تاقیکردنەوەی چەند دەقێکی رۆمان نووسینە، ئەمەش کۆششی چەند کەسێکە جۆراو جۆر، کە زۆریان بە پێی جیهانبینی و توانای رۆشنبیریەوە نووسیویانەو زۆریش توانای نووسینی مەقالێکیان نییە لەسەر ڕۆمان، کە ئەمە کارەساتی گەورەی ئێمەیە!لە کاتێکدا کە ڕۆمانی نوێی فەرەنسی لە ڕێی نوسینی ڕۆمان نوسەکانەوە دامەزرا.بەڵام زۆرلە ڕۆمان نوسانی کورد تەنیا مەقالیکیان نییە،جگە لەوەی کە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە زۆر لەو ڕۆمانانەی نوسراون ڕنگدانەوەی واقیع و ڕوداوی مێژوویی و نوسینەوەیەتی، زۆربەیان ئاستێکی نزمیان هەیە , یان چیرۆکێکی کورتەو بە زۆ ر درێژکراوە,یان ڕاناوی کەسی دووە بەزبری، کە چێژی زمان دەکوژن, یان فرە دەنگی تیا بەرجەستە نەکردووە و یان ڕوداوەکەی بەزنجیرەی کرِنۆلۆژی وەکو حیکایەت نوسراوە و کات و شوێن دیاری کراوەو ڕوداوەکان هەر ڕابوردون و هیچ هێزێکیان بۆ ئایندە تێدا نییە.یان لەمێژودا خنکاون یان لەبەر ڕۆمانی تردانوسراونەتەوە ،دەریا کراوە بەچەم و سەرباز بە پێشمەرگە ،ئەمە و





دەیەها شێوازی تر خەسڵەت و نمونەی ئێستای زۆربەی دەقە کوردییەکانن،نەیانتوانیووە بەرەو لادان لە واقیع بچن و نامۆ بوون بگرنە خۆ کە مانای مێژوو لە ڕۆماندا مانای مرۆڤ بێت،وە هەروەها لە ڕووی کەسێتییەوە توانای پۆلێن کاری و ئاستی نوییان نەبووە و ئێستاش هەر باس لە پاڵەوان دەکەن،کە بابەتی مەلحەمەیە،لە رووی ڕاناو و زمان و دایەلۆژ و تەکنیکەوە سوینەوەی ڕۆمان نوسینن،هیچ داهێنانیکیان تیادا نابینرێت،چەندین ڕۆمانمان هەیە کە باس لە ئەنفال دەکەن ڕۆمان نوسەکە خۆی تیایدا خنکاوە یان بەندیخانە و شۆڕش و خۆشەویستی ،کە هەموو شتەکان گۆڕاون جگە لە ڕۆمانەکە نەبێت ،ئەمە واتای چییە؟لەناو ڕۆمانە کوردییەکاندا ئەوەی بە شێوەیەکی سەرەکی خاڵی جیاکەرەوەیە چەند ڕۆمانێکە کە توانیویانە ئاستێکی باش بگرن لەوەی کە بچنە ناو بواری ئەزموون کاری‌و بە مەعریفەی ئاسۆیی گەیشتوونەتە بواری داهێنان، سیفەتی ڕۆمانیان وەرگرتووە و خاڵی جیاکەرەوەیان هەیە، بە تایبەتی داهێنان لە بواری زماندا کە سیفەتی سەرەکییە لە ڕۆماندا . داهێنانی هونەری و تەکنیك و شێوازدا ،ئیتر زۆر لە دەقەکانی تر تەنیا مەلحەمەن ،یان چیرۆکی درێژن ، یان بابەتێکە بە لاساییکردنەوەی ڕۆمان نوسراوە .ئەمەش پێویستە لە پرۆژەی تایبەت بە ڕۆماندا بە کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکی جدی ئاستەکانیان دەربخرێت, چونکە زۆربەی دەقەکان جێگەی پرسیارن چەندیان ڕۆمانن یان سەرو حەج نووسراون, بۆ ئەوەی بڵێن ڕۆمانێکی نووسی, وە زۆربەشیان ئاستێکی ئاسۆییان هەیەو لەناو قەیرانی ڕۆشنبیری کوردیدا نەخوێندراونەتەوە .کە پێویستە هەوڵەکانی ڕۆمانی کوردی بە داهێنان جیاوازی وەربگرن ئەمەش بەنوسینی دەقی نوێ و خوێندنەوەی لە پرۆژەکانی ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا.

ئەوە پرسیارێکە ڕوو بە ڕووی ئەو قەیرانەی ڕۆشنبیری کوردی دەبێتەوە, کە نەیتوانیوە هیچ ڕاڤەیەکی تەواو بکات و نەیتوانیوە بگاتە بچوکترین ئاست کە ڕاستیگۆتنە لەسەر دەقەکان،کە خوێندنەوەیەکی بەرهەم هێنە ،ئەمەش بەو خوێنەرە دەکرێت کە بۆڵدیمان و هایدگەر

ئاماژەی پێدەکەن ،کەسێك کە بەخوێندنەوەی بۆ پڕۆسەیەکی بەرهەم هێن بچێت،ئێمە و جیهان بگوێزێتەوە بۆ جیهانی لە دایك بوون،نەکو وڕێنە لەسەر دەقەکان بکات ، چونکە کارەساتی ڕۆشنبیری ئێمە لەوە دایە ڕاستگۆیی نییە. ئایا ڕۆشنبیری کوردی گەیشتۆتە ئاستی خوێندنەوەی بەرهەم هێن،کێ توانای خوێندنەوەی خۆدی خۆی هەیە، تا بگاتە ئاستی بەرهەم هێنان,جگە لە دوژمنایەتی و ناسین، یان بەرژەوەندی و کار بەدەستی ،بێت بە ڕاستگۆیی مامەڵە لەگەڵ دەقدا بکات, نەکو فەرد, هەر بۆیە بواری رۆشنبیری کوردی تا ئێستا نەیتوانیوە هەر هیچ نەبێت بەقەدەر چەندایەتی دەقەکانو ئاستیان ئەوەندەش چۆنیایەتیەکانیان دەربخاتو ئاستەکانیان بدۆزێتەوە. ئەمەش بەر پرسیارێتیەکی گەورەیە لەو بوارە.. چونکە زۆر جار ئەو هەوڵانە دراوە، بەڵام پێگەیەك کردویێتی بۆ بەرژەوەندی یان کەسێکی دیکتاتۆر و ڕق هەڵگر ، بە کۆمەڵێك پرسیاری ئێکسپایەر کە هیچ پەیوەندییان بە ڕۆمان و رەوت و گەشەو ئاستی ئێستایەوە نییە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە تا ئەم ساتە بواری رۆشنبیری ئێمە لە زۆر بواری گرنگ و پڕ بایەخ بێ بەش بووە, رۆشنبیری ئێمە پێویستی بە ئاستی خۆ دۆزینەوە هەیە،کە ئاسایی ئەمەش بە کەسەکانی فیکر و بەشەکانی زانکۆکان دەکرێت ،کە پاش سالآنێکی زۆر لە سەربەستی و بایەخی گرنگ بە زانکۆ دەبوو پرۆژەی بەرهەم هێن لە لایەن مامۆستا و قوتابییەکانەوە بکرایە و هەوڵی بەرز بوونەوەی زمانی کوردی و لایەنەکانی تر بدرایە ، ڕۆلان بارت،و زۆربەی بیریاران و توێژەوەرانی جیهان مامۆستای زانکۆ بوون، کە دیارە زانکو ئەرکێکی گەورەی گۆڕان کاری لەسەرە ، کە دەبوو باس و توێژینەوەکانیان ببوایەتە ئەنجامی دایەلۆژ ، دەبوو پرسیارە فیکری و مەعریفی زانستییەکانیان بخوڵقاندایە،کوا نامەکانی ماجستێر و دکتۆرا چییان خستۆتەسەر ڕۆشنبیری کوردی ؟ کامەیە ئەو گۆڕانە ئەنتۆلۆژییەی کە کردویانە؟ ئەی مانای ئەو نامانە چییە کە بۆشاییەك لە ڕۆشنبیریدا پڕ نەکەنەوە؟ نەبنە جیاوازی و خاڵێکی جیاکەرەوە و خستنە سەرێك نەبن بۆ سەر





ڕۆشنبیری و نەبنە مایەی هەژان و پرسیار و گۆڕان؟ بە ڕاستی بە پێچەوانەوە ، کە دیارە پێویستە زانکۆکان بۆ ئاستێکی خوێندراوەیی بەرهەم هێن خۆیان بگۆڕن ،بەرەو پێشکەش کردن و ئامادە کاری نوێ، چونکە ئەرکی زانکۆ هەر بەڕێکردنی نەوەکان و بەردەوامی زانکۆ نییە.بەڵکو داهێنان و کردنەوەی کەش و پانتایی نوێیە،دانانی پلانی ڕۆشنبیرییە بۆ نەوەکانی نوێ و خاڵی جیاکەرەوەیە،ڕاپەڕینی خوێندکارانی فەرەنسا ی ١٩٦٨ توانی ببێتە خاڵی گۆڕان لە هەموو یاسای فەڕەنسا ناسرا بە گۆڕانی فیکریی،بەڵام راپەڕینی خویندکارانی کورد دابین کردنی پاص و ئاو و حەمامە ، کە تا ئێستا نەیانتوانیووە پرسیارێکی مەعریفی و وروژێنەریان هەبێت، بۆیەش نەبوونەتە پێشەنگی گۆڕان . هەر بۆیە پێویستە بەرەو ئاستێکی نوێ بچین ، ئاستێك کە ئاستی ململانێی ئەدەب و رۆشنبیری و پرسیارە چرکەییەکان بێ ، نەك ململانێی کەسو تاقم و گروپ و.. هتد..چونکە ئەگەر بەرەو جەوهەری پرسیارە سەرسوڕهێنەرەکان نەچین ئەوا ناتوانین بچینە ناو پانتاییەکانی ڕۆمانەوە ، لە کاتێکدا رۆمان پانتاییەکی گەورەی لە ڕۆشنبیری گەلاندا دروستکردووە و بۆتە مایەی مشتو مڕی گەورەی ناوەندەکان ,لای ئێمە نەگەیشتۆتە ئاستێکی دیاریکراوی سەرەتایی،چونکە ئێمە جگە لە لاسایی کردنەوەی بواری ڕۆژنامەگەری سواو نەهاتوینە تەبواری داهێنانە و لەسەر ئاستی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، لە کاتێکدا رۆمان هەڵگری خوێندنەوەی جۆراو جۆرو روانینی فراوانو تایبەتمەندێتی جۆراو جۆرە, جێگەی یابەخی گەورەی هەموو گەلێکە لەم سەر زەمینە.بەڵام لای ئێمە نوسینەوەی چەند دێڕێکە کەلە رۆژنامەی تر و کتێبەوە وەرگیراوە.نوسینێکی سەر پێیانەیە،هیچ لایەنێکی شاراوە دەرناخات.

پاش تێپەڕ بوونی چەند سەدەی بە دوایەکدا هاتوو لە زەمەنی پێکهاتنی تیۆری رۆمانو گەشەسەندنی ئێمە دەبێت لە خاڵی سفرەوە دەستپێبکەین.. چەند سەدەی بەسەر چوو ئێمە لەسەدەی سەرسوڕمانو گومانو چرکەی چرکەیی گومانی کۆتایی هاتنی بوونو

مرۆڤ. سەدەی ترۆپکی ڕاڕایی لە پێشهاتەکانی هەنوکەیی‌و ئایندە و ترس لە تەکنەلۆژیا, کە لە یەك چرکەدا گسك لە هەموو ڕۆحەکانی سەر زەوی بدات . ئێمەش تازە گڕوگاڵ لەسەر ئەم ژانرە بکەین.. کە تەعبیرە لە هەموو ئەو شتانە و دەربڕین‌و نیشاندانی ڕووداوەکانی ئایندە و چارەنووسی مرۆڤایەتی بە گشتی, کە زۆر لە ڕۆماننووسان بە مێژووی ڕۆحی مرڤایەتی دەزانن، ئێمەش لە مێژووی ڕۆح لەم کەرنەڤاڵە فەزاییەی زمانی پەیوەندی نەتەوەکاندا چۆن بەشداری بکەین و چۆن دەست پێبکەین؟ لە کاتێکدا ئەوە مێژوو ڕابردووی ئێمەیە و پانتایی ڕۆشنبیریش بەو جۆرە کەلاوەیەکە ئەی دەبێت چی بکەین؟ چۆن خۆمان دروست بکەین،ئەگەر بەو جۆرە بکەوینە خویندنەوەی ڕابردو و ئێستا ئەوا تووشی ڕاڕایی و گومان دەبین ،بۆیە پێویستە ببینە نەوەی شۆڕش لە هەموو بوارەکاندا،ڕۆمانیش هەوڵی ئەوەی بدرێت لە ناو چەمکەکانی ئێستادا خۆی دابمەزرێنێت،ڕۆماننووسی بە توانا بتوانن فەزایەکی سەرسوڕهێنەر بسازێنن،کە لە ڕێگای گۆڕینی جیهانەوە ،جارێکی تر لەناو گۆڕانەکاندا وێنامان بکەنەوە و نیشتمانی لە دایك بوونمان بۆ بکرێتەوە،کوردستان بکەنە شیلاوگی لە دایك بوونی نویٚ،چونکە هەموو شتێك لەم خاکەدا پیربووە،تەنانەت ئەوانەی شیرە خۆرەن،پێویستە لە گۆڕانکارییەکاندا بۆ بوونێکی نویٚ لە دایك ببینەوە،ئەمەش بەوان و بەکەسەکانی فیکر و داهێنان دەکرێت، چونکە ئەمڕۆ ڕۆمان گەیشتۆتە ئاستێك کە هەڵگری دەیەها خوێندنەوەی جیاوازە، تایبەتمەندێتی گشتی نیەو تەنیا تایبەتمەندێتی لە لایەنێك لە لایەنەکانیایەتی,واتە ڕەخنەگرێك تەنیا تایبەتە بە شیکردنەوەی زمان یان کەسێتی یان زەمەن.. گوتار.. هتد نەکو کەسێك.لە مەقالێکی شەقوشڕی بیٚ بنەمادا ببێتە وەحی هەموو ڕۆمانی کوردی.ئیتر ئێمە لە پانتاییەکی وادا کە هەموو شیرازەکان پچڕاون،بە ڕۆشنبیری و کلتوور خۆیەوە،ئیتر چۆن ئاستێك بو ڕۆمانی کوردی دیاری بکەین؟

ئێمە ئەگەر خاوەنی چەند دەقێکی ڕۆمان بین بەبیٚ ڕاڤە و لێکۆڵینەوە بەبیٚ دەرخستنی ئاستەکانی ڕۆمان‌و کارکردنیان‌و سنور و فەزا و





جیهانبینی.. هتد بەبیٚ لێکدانەوە و ڕاڤەی ئەم دەقانە،ئەوا هەر سەر بە ڕیشەی تیئورەکەی دەبێت و جیاوازییەك بۆ ئێمە دروست ناکات،چونکە جیاوازییەکان لە داهێناندا دەردەکەوێت،کە ئێمە ئاستەکەی نازانین،چیمان کردووە لە تازەگەرێتی لە ئەزموون و تەکنیك و زماندا،.. چونکە ڕاڤە و بواری گرنگی ڕەخنەی ڕۆمان مانای وڕینە و ناو نانی چەند کەسێك ناگەیەنێت ناوی ڕۆمانەکان بەبیٚ توێژینەوە ریز بکات،بە پێی ڕق و خۆشەویستی ناو بنووسیٚ. بەڵکو دەقەکان لەو بوارەدا دەردەکەون کە کەسانی تایبەتمەندو ڕۆشنبیری بەرهەمهێن لە ئاستی ڕۆشنبیریدابن بە واتای ڕۆشنبیری بتوانن دەق بخوێننەوە و دەق بدوێنین و لێکدانەوە بکەن, نەك خۆشەویستی و ڕق و شەڕ. بەڵکو پێویستە کار لە پانتاییە فراوانەکانی ڕۆمانەکاندا بکەن‌و بتوانن جیهانبینی خۆیان‌و ئێمە و ئەوان بدۆ زنەوە.. مانا شاراوەکانی دەق‌و نهێنیەکان، ئاماژەو ئەو شتانەی لە میتا دەق و زەمەن‌و مێژوو.. هتد بدۆزنەوە بگەڕێن بە دوای نهێنییەکانی ئارکیۆلوژیای زمان.. تۆڕە دەلالیەکان‌و گوتاری ڕۆمان.. هتد.

هەر بۆیە پێویستە ئەو ڕاستییە بڵێیێن نووسینی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕۆمان ئەوە بەوە ناکرێت بێگارێك یان داواکاری کەسێك بۆ ژمارەیەك، یان هاوڕێیەتی.. هتد بەڵکو بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیەکانی ئێمە و ئەو و ئەوان‌و ئەوانی دواترە.. بۆ ناسینەوەی مێژووی ڕۆحی ئێمەو ئایندەیە..ئاشکرایە دایەلۆژ و دیدار لەسەر ڕۆمانی کوردی دەبێتە دایەلۆژیێك لەسەر مێژووی خوێندراوەی ئێمە،بۆ ئایندە ، دەبێتە جەنگە جیهانییەکی ڕۆشنبیری. هەر بۆیەش پێویستە ئەو کەسانەی کە تایبەتمەندن بەم بوارە دیسان بە تایبەتمەندێتی خۆیان لە بواری ڕۆماندا هەوڵبدەن.لە ڕووی نووسینی دەقی ڕۆمانەوە ئەوا جیهان بینی ڕۆماننووس دەتوانێت جیهان و هەناسەکانمان بگۆڕێت ،لە پرۆژەکانی تریشیدا کە دیارە لە ساتەوەختی ئێستادا ڕەنگە بەهۆی فراوانی ڕۆشنبیری و ئاستەکانی ڕۆمان‌و پسپۆڕی تایبەتمەند بۆ ئەم بوارە کەسانی کەممان هەبێت.لە کاتێکدا دەقی جوانیش لە ڕۆشنبیری

کوردیدا هەیە،کە بەشێوەیەکی ڕەخنەیی نەخوێندراونەتەوە،بۆیە ئێمە پێویستیمان بە خوێندنەوە هەیە.وە هەروەها دەوڵەمەندبوونی کتێبخانەی کوردی لە بواری ڕۆماندا،بۆ ئەمەش دەکرێت هەوڵێکی زۆر گەورە بدرێت بۆ ئەوەی لە بوارە جیا جیاکانی ڕۆماندا کاری وەرگێڕان ئەنجام بدرێت.. چونکە ئێمە ناچارین ئەوە پەیڕەو بکەین کە سنوور لە ڕۆشنبیریدانییە, رۆشنبیری بەرەوتێکی گەردوونی بزانین.. هەتا کتێبخانەی خۆمان لە کاری وەرگێڕانی جدی لە هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوە و دەقی چاك و گرنگ و پێویست بۆ بواری ئێمە.. هەتا رۆشنبیری کوردی بتوانێت سود لەو کارانە وەربگرێت و لە پرۆژەکانی خۆیدا پەیڕەویان بکات, بتوانێت بەرەو ئەوە بچێت کە خۆی داهێنان بکات.. لەبەر سود وەرگرتن لەو تیۆرەی کە ڕۆمان هەیەتی و رۆژ بەڕۆژ لە گەشە سەندندایە. بۆ ئەمەش سەرەتا پێویستی زۆرمان بە کتێبە تیۆریەکانی ڕۆمان هەیە, هەروەکو وەرگێڕانی کتێبی  تیۆری رۆمان کە پێکهاتەی چەند مەقالێکی گرنگە لەسەر سەر هەڵدانی ڕۆمان وئاستەکانی (٢٨) ئەمەو زۆر کتێبی تری تیئوری و ڕەخنەیی گرنگن بۆ ئەوەی چاکتر لە ڕۆڵی ئەم ژانرە گرنگە بگەین، کە دیارە ئەم بوارەش پێویستی بە وەرگێڕی باش هەیە نەوەکو کەسێك تۆزێك لە وەرگێڕان بزانێ و بچێت رۆمانێك وەربگێڕێت تەنیا لەبەر ئەوەی وەرگێڕانی ئاسانە، بەڵام ئەو دەقە لە ڕۆشنبیری ئەو میللەتە خۆیدا قورساییەکی نییە.. بەڵکو دەبێت هەوڵی وەرگێڕانی ئەو دەقانە بدرێت کە گرنگن بۆ ئەمڕۆی ئێمە، چونکە وەرگێڕان زمانی دووەمی دەقەو داهێنانەوەی سەر لە نوێی ئەو دەقەیە ,دەبێت زمانی دایك وەربگێڕن ،جگە لەوەش پێویستە داڕشتنەوەیەکی نوێی بکرێت، لەگەڵ دەقە کوردییەکاندا بۆ ئەوەی ڕیشەیەکی تیئوری دروست بکات، بۆیەش پێویستە لیژنەی پسپۆڕ بۆ کاری وەرگێڕان بۆ کوردی و زمانەکانی ترلە هەموو بوارەکانی ڕۆماندا هەبێت ، کە ئەمەش بە هێنانە کایەی دەسەڵاتێکی ئەدەبی دەبێت کە کار بۆ ئەدەب بکات بە ڕاستی نەکو بەپەردە پۆشی دەسەڵات، کە ئەم ئاستە بەهۆی شەڕی پێگە پێگەو هەر کەس بۆ خۆی تێکچووە و بواری ئێمەش پڕە لە





کەلێن, بۆیە پێویستە هەوڵێکی تەواو بدرێت لە بواری وەرگێڕان و بواری توێژینەوە و ڕاڤەو خوێندنەوەی دەقەکان و نووسینی دەقی نوێ هەتا بەرەو ئاستێك لە ئاستەکان بچین, هەتا لە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی ڕاستەقینەدا ئاستەکانی ئێمە و ئەوان خۆیان بۆ ئایندە دەربخەن . ڕۆمان و هەوڵەکانی ڕۆمان بە کوردی بەرەو ئاستێکی بەرز بچێت ، هەتا ئێمەش وێنەی بوونی خۆمانی تیادا ببینینەوە ، بەرەو گەردوو نییەتی ژیان بچین.

## فراوانی ڕۆشنبیری و پرسیارەکانی ئێستا
## " هەڵبژاردە ی ڕۆشنبیری "

لێرەوە دەکەوینە نێو ئەوپرسیارانەی کەناموٚمان دەکەن ،کەئێمە ناتوانین بیانخەینە ڕوانینمانەوە،ئەویش پرسیارەکانی ڕۆشنبیری کوردییە،کەتائێستا نەیتوانیووە دایەلۆژێکی ڕۆشنبیری دروست بکات ،جیاوازییەکی ڕیشەیی نییە و نەگەیشتۆتە ئاستی خوێندنەوەو بەرهەم هێنان ،تائێستا نەیتوانیووە بەخوێندنەوەیەك جیاوازی وخستنەسەری خۆی لەڕۆشنبیریدا دەربخات ،ئەمەش لەبەر نەبوونی توێژینەوە لەسەرئاستی تیئور و ڕەخنەوخوێندنەوە ،چونکە هەوڵەکانی لەبواری نوسینی دەقی شیعری وچیرۆك ونوسین و تاڕادەیەکیش لەئەزمونی ڕۆمان نوسیندا زۆر بووە پێویستی بەخۆدۆزینەوەیەکی تەواو هەیە هەتا ئاستی بەرهەم هێنانی دەربخرێت،کە دیارە لێرەوە دەکەوینە ناو زەریایەیەکی بیٚ ئامان،چۆن ولەکوێوە دەست پێبکەین؟چۆن دایەلۆژێکی ڕۆشنبیری بکەینەوە هەتا جەنگی جیهانی ڕۆشنبیری دەست پێدەکات؟ چونکە کارەساتی ڕۆشنبیری کوردی جەنگێکی گەورەی دەوێت ،هەتا لەو قەیرانە ڕزگاری بکات کەتێیکەوتووە،ئەمەش دایەلۆژی ڕۆشنبیرە یاخییەکانە و بەسیاسەت بۆیاخ کردن ناکرێت، پێویستی بە بەرپاکردنی شۆڕشێکی ڕۆشنبیرییە،کەبتوانێت گۆڕان لەسەرجەم پێگە و بونیادەکاندا بکات،ئێمە بۆ ٚزە وییەکی نویٚ ببات کەبیری نوێی تیادا لەدایك ببێت.چونکەڕۆشنبیری کوردی پێویستی بە شۆڕشێك هەیەکە تائەم ساتە نەیکردووە،گۆڕانێك کە بەسەریدا نەهاتووە،دەبێت لەجوینەوە و هێنانی باو بەرە وخوێندنەوە وداهێنان وبەرهەمهێنان بچێت. لەکاتێکدا،ئەم شێوە خوێندنەوەیە جۆرێکە لەسەرکێشی مەرگ لە بوارێك کەپڕە لەهەمووشتێك جگە لە ڕەخنە و خوێندنەوە و ڕاڤە و





تیۆر،ئەی چۆن بتوانین پرۆژەکانمان بخوینینەوە؟چۆن ئاستەکانی ئێستاو ئایندە و ڕابردوو دەزانین ؟

هەرلێرەوەپرسیارەکانمان لەو کار کردنانەوە بەرجەستە دەبێت کەبەبیٚ داهێنان وجیاوازی ، نمونەی وەزیفە دەنوسرێنەوە،کەناتوانن ئێمەبگۆڕن بەرە وناموٚ بوون و سەرسامی وگومان وپرسیار،بەرەو گواستنەوە لە جیهانێکی داخراوەوە بۆ جیهانێکی کراوە،بەرەو بەگەردوونی بوون ،ئێمەیەك کەلەساتەوەختی پرسیارەکاندایین و زمانمان گۆناکات ،چی نامەیەکی ڕەخنەیی دەممان پێدەکاتەوە ؟ کام گەردەلولەیە کە دەمانخاتە ناو شەپۆلی گۆڕانەوە؟ئەی کەواتە کامەیە ئەو نامەیەی کە ئێستا بو ٚئایندە بەرجەستە بکات؟چونکە ڕۆشنبیری بۆ جوانکاری مێژوو وێنەی ئەم نوسەر و ئەو نییە بەقەد ئەوەی نیشتمانێکە بۆ جیاوازی و دایەڵۆژ، وەکو "حرب " ئاماژەی پێدەکات،هەروەها بۆ نوسینەوە و ناو هێنانی بیریارانی جیهان وهێنان و ڕیز کردنی پەرتوك نییە،بەڵکو بۆ کارکردن وخوێند نەوە و خستنە سەر و داهێنانە.

ئاستەکانی رۆشنبیری کوردی دیارن،چۆن بتوانین بەرهەم هێنان لە زڕەخە و جیا بکەینەوە؟سیاسەت لە داهێنان،سیاسی لە داهێنەر،سیاسەت لە ئەدەب؟لەکاتێدا ڕۆشنبیری کوردی بۆیاخ کراوە و جگە لە دەنگی یاخی بوون دەنگێکی ترنییە کە دەنگی شۆڕشی ڕۆشنبیری وداهێنان و تەقینەوە ی ڕوانین وجیاوازی بێت،مانای ڕۆشنبیرچییە؟گۆڕانە لە سەرجەم بونیادەکانی ئێمەدا، یان کارکردنە بۆ لاواندنەوەی دەسەڵات؟یاخی بوونەلەسیستەمە باوەکان، یان پارێزگاری کردنە لێی؟دەبێت چۆن سیفەتی ڕۆشنبیربزانین لەکاتێدا بەدەیەها خوێندنەوەی جۆرا و جۆری لە هەموو سەردەمەکاندا لەلای هەموو بیریارەکان لەسەرکراوە؟چۆن ئەمە لە ڕۆشنبیری کوردیدا بد ۆزینەوە ؟ چی کەسێك کە جیاوازییەکانمان بۆ دەردەخات وخستنە سەری هەیە بۆ ڕۆشنبیری ؟،یان هیچی نییەو لە ئەنجامی نەبوونی خوێندنەوەی کوردییەوە بۆتە ڕۆشنبیر، ، لێرەوە دەبێت هەوڵی ئەوە بدەین کە ئاستەکانی ڕۆشنبیری شیبکەینەوە، چین و توێژەکانی کۆمەڵ

کەپەیوەند بیان بەڕۆشنبیرییەوە هەیە، ڕۆژنامە و کەناڵ و پێگە ڕۆشنبیریەکان ،ئەوسا دەچینە ناو قولایی پرسیار و گۆڕانکارییەکان.

ئەم گۆڕانانە چۆن دەکرێن و کەسەکانی ئەم پرۆژەیە کێن؟ لێرەدا مەبەستمان ئەو توێژە هەڵبژاردە یەیە کە توانای گۆڕانەکانیان هەیە، دە توانن لەپرۆژەکانی بەرهەم هێناندا ئێمە و ئەوان بگوێزنەوە بە چەمك و فیکر و خوێندنەوە ی نویێ، کە بتوانن جارێکی تر لەسەر ئاستی ئێستا و ئایندە و ڕابردوو لە زەمەنی پرسیار و گوماندا وێنامان بکەنەوە بە وێنەی ئەنتۆلوژی.چونکە بەتاڵاییەکانی ئێمە،شۆڕشێکی دەوێت تەنانەت وێنەی شاخەکانمان بگۆڕێت، بە تایبەتی لە بەتاڵایی بوارەکانی ڕۆماندا، کە دیارە هەموو ئەو هۆکارانە و نەبونی داهێنانە کە کارتێکەریان لەسەر دواکەوتنی رۆشنبیری ئێمە لە ڕابردوو و ئێستا و ئایندە دا هەیە، ئەمانەش لەپاڵ ئەو هەموو پانتاییە ترسناکانەی کە ئێستا ڕۆشنبیری ئێمەی گرتووە, بونەتە بەر بەستی پێشکەوتن.چونکە ڕۆشنبیری کوردی پێویستی بەو کەسانە هەیە کە بتوانن بیگۆڕن،ئەمەش لە کەسەکانی زانکۆکان و فیکر و بیرمەندی بەرهەمهێن ،کەسێك کە بڕەو بە ئەزموونەکەی بدات و ڕۆشنبیرییەکەی دەوڵەمەند بکات، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی داهێنەرانە شوناسی خۆی ڕێکبخات،وەکو"حرب"ئاماژەی پێدەکات : ئەو کەسەی کەممارەسەی تایبەتمەند ێتی خۆی بە وێنەیەکی جیهانی بکات ،بەم پێیەش ئەو کەسەیە کە کلتور و تایبەتمەندێتی و نیشتمان بگوێزێتەوە بۆ زەوییەك کە فیکری جوان و چەمکی داهێنەرانەی تیادا بڕوێت .بەپێچەوانەی بواری ڕۆشنبیری کوردی کە تا ئێستا خەریکی نەمر کردن و ڕازاندنەوە وپیرۆز کردن و تاقم کاری و بازرگانییە، بە قەد ئەوەی بەرە وپرسیارو دایەلۆژ و خوێندنەوە و هۆشیاری بچێت، بزانین چۆن بەرە و هۆشیاری ئەدەبی دەچین،لە کاتێکدا کێشەی هۆشیاری پابەندە بەهۆشیاری نەتەوە،چۆن بەرە وپانتاییەکانی گۆڕان و هۆشیاری هاتووە؟ ئەمەش لە داخراوی کۆمەڵگەی ئێمەدا دوای شورشێك ڕوویدا ،کە نەیتوانی شۆڕشی ڕیشەیی بکات وچین و توێژەکانی کۆمەڵ یەکبخات و





ڕێکخستنی چینایەتی و نەتەوایەتی بکات و پرۆژە یەکیشی نییە بۆیان. چونکە شۆڕشی کورد لە ڕووی فیکرو بەرهەمهێنان و مەعریفەوە ناکامڵ بووە، بۆیەش گۆڕانەکانی لەسەر کۆمەڵ نەگەیشتۆتە ئاستی بەرهەمهێنان، " ڕۆجی دوبرییە"یەکی نەبووە هەتا شۆڕش لە ناو شۆڕشدا بکات، ئەمەش کارێکی کردووە بەو شیرازە پچڕاوییە ماوەتەوە، ڕۆشنبیریش بەلاوازی و کەمتەمەنییەوە، لە دوای گۆڕانەکانی دەسەڵات دوای نەمانی دڕندەیی سەربەستیەکی وەرگرتووە جیاواز لەو، بۆیەش توانای شۆڕشی ڕۆشنبیری نەبووە، لەبەر ئەوەی هێنانی دیموکراتی و ناونانی پێویستی بە کارکردن وپیادەکرد ن و شیکردنەوە و ڕاڤە و تیئوری کارکردن و بەرهەمهێنانی فیکری و یاسا هەیە، بەتایبەتی لە ناو نەتەوەیەکدا کە لە هەموو ڕوویەکەوە شیرازەی پچڕاوە و تونای خۆ ڕێکخستنی نەبووە،لە کاتێکدا دیموکراتی پێویستی بە زەمینەیەکی پێشوەختە وە هەیە کە ئەمەش پابەندە بە هۆشیاری کۆمەڵ ،ئاستی خۆناسینەوە و بەرهەمهێنان و خۆڕێکخستن ،ئەمەش بەو ڕیشە تیئوریانە دەکرێت کە کەسەکانی فیکر و داهێنان دەیکەن، کە تائێستاش ئێمە هەوڵمان بۆ زانستی کۆمەڵایەتی کوردی نەداوە، بۆیە پێویستە کۆمەڵگەی کوردی ببێتە کۆمەڵگەیەکی شۆڕشگێڕ، چونکە بە پێچەوانەوە دەیەها نمونەی زیندوو دەبینرێت کە دەلالەتی دوور کەوتنەوەی دەسەڵاتە لەگەڵ کۆمەڵ، کە دیموکراتی مانای دەسەڵاتی گەلە،کە دەبوو دەسەلاتی کوردی بانگەشەی حکومەتی شۆڕشگێڕی بکردایە ،چونکە نە توانای ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و چینایەتی هەبووە و نە شۆڕشی ڕیشەیی کردووە،کوردستانیش بە خاك و نەتەوەوە بە دابڕاوی و پارچەیی و ژێردەستەیی ماوەتەوە، ئەوەی کورد وە ریگرتووە ئەو مافەیە کە بەکەمە نەتەوە یەکیش دراوە،دەبێت گەلێکی پترلەسی ملیون کەس و بەو پانتاییە جوگرافییە بەر بڵاوە وە نەبێتە حکومەتێکی سەربەخۆ؟ کە هەموو گۆڕانەکانی جیهان ئەمڕۆ ئەوە دەخوازن ،ڕۆژگارە ڕە شەکان تەواو بوون ،تەنیا کورد ئەمڕۆ خۆی کار کەری ئەو کارە مێژووییە نییە

و دایناوە بۆ قەدەری ڕۆژگار، لەبەر ئەوەی ئەم شۆڕشە چارەنووس سازە پێویستی بە توانای هۆشیاری کۆمەڵەوە هەیە بە شێوەیەکی گشتی کە کەسەکانی داهێنان بناغەی ئەو شۆڕشە دابڕێژن، کە دەبوو زەریای خوین جێگەی زەریای ئاوی بگرتایە تەوە؟ گەر وا نا تاکەی چاوەڕوانی واقیع و خەیاڵ ، پێویستە کورد خۆی بە بڕوا بوون بە خۆی و بەهێزی خۆیەوە هەوڵ بدات،کە ئەمەش لە فیکری نەوەی ئێستادا نییە،لەبەر ئەوەی ئەم نەوەیە دوورە لە داهێنان و جیاوازی ،لە خستنە سەرو دامەزراندن،لە بیرکردنەوە و دۆزینەوە،کە دەبوو کەسەکانی دەسەڵاتی کوردی وەکو" غاند ی" بەپارچە قوماشێکی شڕە وە بیانگوتایە: ئێمە نوێنەری گەلێکی ژێردەستە و برسین، دەبوو لە بری ئەوەی کۆشك بکەنەوە خۆیان بۆ پانتاییەکانی داهێنان تەرخان بکردایە، لەبەر ئەوەی کورد ئێستاش نەتەوەیەکە لە قۆناغی شۆڕشدایە،لەبەر ئەوەی چین و دەسەلات و دەستەی هەڵبژاردە و پێشڕە و و تیئوری شۆڕشی نییە بۆیە بە خۆی نازانێت، کە هیچ چارەیەکیشی نییە جگە لەوەی ببێتە شۆڕشگێڕ،کە ئەوەش کاری" نەوە "جەر بەزە کەی ئایندەیە،کە دەبنە پێشەنگی خویناویترین شۆڕشی نمونەیی و گەورە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا،ئەمەش نەوەی ئێستا دەخاتە بەر بەر پرسیارێتی مێژوویی ،چونکە تا ئێستا مێژوو بەڕی کراوە بەپیرۆزی ، توانای بەسەرا چونەوە و خوێندنەوەی نەبووە، تا ئێستا لە جەنگ و ئاشت بوونەوە و ساڕێژی زامەکاندا بووە و لە نۆشینی شەرابی سەرکەوتندا بووە، بواری ڕۆشنبیرییەکی فراوانی نەبووە کە لە داخراوییەوە بەرە و کرانەوە و جیهانبینین بچێت، نەکەو تۆ تە بەر خوێند نەوە و ڕەخنە لێگرتن، هەتا داهێنان و خستنە سەری هەبێت، بەم جۆرەش ڕۆشنبیری کوردی چۆن ڕیشەی خۆی دابکوتێت ؟ کە دەبوو ببوایەتە تەقینەوەی گەردونێك بۆ یەکێکی تر،بەلام دەسەڵات بایەخی نەدا بە ڕۆشنبیریی بۆ نەتەوە جگە لە ڕۆشنبیری حیزبی، کە بەمەش زیانی لەخۆی و لە نەتەوە داوە.کە دیارە تەنیا ئەوانە نەتەوە پێشدەخەن کە ڕەخنە دەگرن ، کە خوێندنەوە و خستنە





سەریان هەیە،باختین لە سەردەمی خۆی بۆ سیبریا دوور خرایەوە،کە ئێستا هەموو توێژینەوە و باسێك لەسەر ڕۆمان دەیەها جار ئاماژە ی پێدەکرێت. بەم جۆرەش ڕۆشنبیری دابەش بوو، ئەوەی کە خۆی نەدا بە دەست دەسەڵاتەوە پۆلین کراو ئەوی تریشی خۆی بە دەستەوە داو خۆی بۆ دەسەڵات پۆلین کرد، بۆ پیاهەڵدان و پارێزگاری لە سەرکەوتن و نوشستیەکانیان، بەمەش پانتاییەك نەمایەوە بو ڕەخنە و بەسەراچونەوە و گۆڕان،؟ کەواتە یاخییەکان دەبێت چۆن فراوانی ژیانیان بۆ بکرێتەوە،کە ئەوان هەڵبژاردەی گۆڕانن، کە دیارە ئێمە لێرەدا باس لە ڕۆشنبیری هەڵبژاردە دەکەین،کە هەوڵی پێکهێنانی مەعریفە دەکەن، ئەو خودانەی کە دەتوانن ئێمە بە جیهانی بکەن بتوانن پرۆژەکانی ئێمە بخوێننەوە، بۆ شاییەکانمان بە داهێنان پڕ بکەنەوە،هێڵی ئاسۆیی کار کردنمان بۆ بکێشن، لە جیهانی لەدایك بووندا، بەم پێیەش چین و توێژەکانی کۆمەڵ بەرە و ئاستێکی بەرز دەگوێزنەوە، ئەمەش کۆمەڵ بەرە و هۆشیاری دەبات،چونکە ڕۆشنبیر دەبێت هەوڵی دروست بوونی ڕای گشتی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی بدات بۆ هەستێکی ئەدەبی.هەروەکو "حرب "ئاماژە بە دەسەڵاتی ڕۆشنبیر دەکات:

(بەڵکو دەسەڵاتێکی رەمزییە،واتە دەسەڵاتی نوسین و قسەکردنە،بەڵام لەکۆتاییدا دەسەڵاتێکە بەسەرخود و عەقڵەکاندا پراکتیك دەکرێت بە هۆی ئەو بەرهەمە ڕە مزییانەوە کە لە فیکر و زانیاریدا خۆیان دەنوێنن ٢٩ ل٥٧ )

لێرەشەوە پرسیاری پراکتیك کردنی ئەو دەسەڵاتە ڕمزییە و ئاستی خوێنەر بۆ ئێمە دروست دەبێت؟ تا چەندە لەپرۆژەکانی بەرهەم هێناندا توانراوە پراکتیکی بەرهەمە رەمزییەکان بکرێت ؟ تا چەندە توانیومانە بە بەبیر و هەستێکی ڕۆشنبیریانە پرۆژەکانمان بخوێنینەوە ؟ کامەیە جیاوازی و ئاستەکانی خوێنەر کە واتای ڕاڤە و هەڵوەشاندنەوە بێت دوور لە وڕێنەو گروپ کاری، چونکە خوێندنەوەی بیرمەند خستنە سەر

و داهێنانێكه وەك خوێندنەوەكەی هیدجر بۆ هۆڵد رلین .یان نیچه بۆ زەرادەشت ،ئەمەش لەو ئاستەدا بەرهەم دێت كه ئەو خوده خاوەنی هۆشیارییەكی ئەدەبی بێت، هەر بۆیەش هەڵبژاردەی ڕوشنبیری دەخرێته بەردەم واقیعی پرسیاری سەرسوڕهێنەر،

ئیترچۆن باس له هۆشیارییەكی ئەدەبی بكەین؟ كه" بۆڵدیمان " شیكردنەوەی دەكات پرسیاری خود به تۆڕێك له دەركەوتنی جیاواز دەزانێت، ،زیاتر له نێوان خودەكاندا كه لەلای" كانت "له كرداری دەسەڵاتدا هەیه كه له عەقڵی خوێنەردا ڕوو دەدات،دوایی له پەیوەندی ئاڵوگۆڕی خود ێتیدا لەسەر ئاستی نوسەر و خوێنەر،كەپەیوەندی كێشەكانە،له نێوان خودی پێكهاته و زمانی پێكهاتەدایه،له كۆتایدا ئەو پەیوەند ییەكه خود له ڕێگەی ناوەند ێتی كارەكەوە لەگەڵ خۆیدا بەراوردی دەكات،" كه ئەمەش له لای" هیدجەر" هەمیشه و بەردەوام ئەوەی ڕەتكردۆتەوە كه پرۆژەكەی بگاته ئەنسرۆپۆلۆژیای فەلسەڤ ،به واتای كانتی وه ئامانجەكەی بۆ ٚبه ئامانج گەیشتنی ئەنتۆلۆژیای بنەڕەتی بووه، نەكو بو ٚزانستی مرۆڤی ئەزمونگەری، بەڵكو پێشنیازی پرسیاری خود ناكات لەم چەمكەوە،ئەزموون گەری یان دەروونزانی تەنانەت مێژوویش كه لای" دلتا "ی هەیه بەلكو ئەو پێشنیارەكەی له ڕێگەی پەیوەند ی بەوتەی پێكهاتەی ٚبوونەوه یە،كه له لا ی" فۆكۆ "ڕێرەوی دیاردەیی و هایدگەری بۆ زۆر ڕێچكەی جیاواز دەڕوات ،بۆیه ئەو بەره و پرسیارەكانی خود قوڵ دەبێتەوە، كه" بۆڵدیمان "بەم جۆره خودەكان شی دەكاتەوە: له سەرەتادا چوار جۆری جیاواز و چاوەڕوانكراو له لایٚ"لودڤنغ بنز ڤانغر" دیاری دەكات:

(ئەو خودەی كه بڕیار دەدات ،ئەو خودەی كه دەخوێنێتەوە،ئەو خودەی كه دەنوسێت، ئەو خودەی خودی خۆی دەخوێنێتەوە،،قوتبوونەوەی كێشەی پەیبردن بەو ئاستە هاوبەشەی كه ئەم خودانە تیایدا پێكدەگەن،وه پاشان دامەوزراندنی یەكێتی هۆشیاری ئەدەبی،سەرەتای ئاستەنگە مێتۆدیه سەرەكیەكانە كه لێكۆڵینەوە هەراسان دەكات۳۰ ص۷۷)





بەم پێیەش ئاستێكی ئەدەبی بەر جەستە دەبێت كه بواری ڕۆشنبیری ڕێك دەخات..بۆیەش تا ئێستا پرسیاری جیاوازییەكانی ڕۆشنبیری دروست دەبێت،چی بۆ یەكێتی هۆشیاری ئەدەبی كردووە؟ چی لەپەیوەندی ئێمه و ئەوان و ئەوانی تردا كردووە؟ كامەیه دایەلۆژ و پرسیاره سەر سوڕهێنەرەكانی؟ كامەیه ئامادەكاری و نامەكانی بۆ ئاینده؟ كامەیه خوێندنەوەكانی خود؟ كامەیه ئەو دەسەڵاته ڕۆشنبیرییەی كه هەیه؟ كامەیه ئەو نامه سەرسوڕهێنەرەی كەپرۆژەی گۆڕانی ئێمەو ئەو و جیهانه؟ كام به سەرا چونەوه و پیشنیاز و ڕەخنەیەی هەیه؟ كام خوێندنەوەیەی بۆ دەسەڵات كردووە؟ كامەیه نامه ڕەخنەییەكەی؟ ئایا خوێندنەوەكانی ئێستا بەم پرسیارانە دەستپێدەكەن كه هەن، تەنانەت توانای بەر جەستەكردنی پرسیاریان نییه،زۆر لەو چاوپێكەوتن و دیدارانەی كەدەكرێن جێگەی سەر سوڕمانن، كه جیاوازییەكانی نێوان چیرۆك و ڕۆمان نەزانن و ڕۆمانی كوردی بەر جەسته بكەن، یان له هەموو شتێك ترسناكتر ئەوەیه فێربوون به جیهانی بكەن ،له كاتێكدا پرسیاری ئێمه ئەوەیه ئایا دەتوانین بڵیین ڕۆمانی كوردی؟ له كاتێكدا ڕۆمان ئاستێكی خوێندراوەی له ڕۆشنبیری كوردیدا وەرنەگرتووە؟ ،هیچ ڕاڤەیەكی بۆ نەكراوه هەتا جیاوازییەكانی بزانین ،ئیتر له چییەوە ئەم باڵه ئەفسانەییه بۆ ڕۆمان دروست دەكرێت؟ له كاتێكدا ڕۆمان به هەر زمانێكی تر بنوسرێت دەچێتەوە سەر ڕیشەی تیئورەكەی كه ئەوروپییه،ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ ماركس و فرۆید و لۆكاتش و هیدجر،كه ڕۆمانی كوردی هیچ ڕۆڵێكی تیئوری نییه و نەیتوانیوه له زەمەنێكی مێژوویی بەره و كۆمەڵگەیەكی نویٚ جیا ببێتەوە، كه زەمەنی ئایندەیه.بەم ئاستەشەوە دەتوانین بڵێین ڕۆمانی كوردی كه نەمانتوانیبێت جیاوازییەكان دروست بكەین؟ ،ئایا كامەیه جیاوازییەكانی ڕۆمانی كوردی لەگەڵ جیهانیدا؟ كارەسات لێرەوەیه؟ چۆن ئەم بڕیارانە دەردەكرێن؟ له كاتێكدا ڕۆمان ژانرێكی سەرسوڕهێنەره و له دایەلۆژی ڕۆشنبیرییەكان و زمانەكان دروست بووەو، بەشداری و ناوەند ێتی مەعریفە جۆرا و جۆرەكانە و گوتارەكەی

له زانستەکان و فەلسەفە دەخوازێت وە کار لە سەر ڕەنگە جۆرا و جۆر و جیاوازەکان دەکات، و بەرە و ڕوداوەکانی ئاینده دەچێت بۆ گەیشتن بە فیزیای نوێ، ، کە ئێمە لە ڕووی زانستەکان و فەلسەفەوە نەگەیشتو ینەتە زەمەنی سەرەتاییش ،ئیتر چۆن باس لە جیهانی بوونی ڕۆمان دەکرێت ؟ کەوتنە خوارەوەی جیهان لێرەوە دەست پێدەکات ،لەوە ترسناکتر ئەو وەڵامانەیە کە حەرفێك بە لای بە جیهانی بووندا ناڕۆن،بە جیهانی بوونی ڕۆمان چییە؟ چۆن ڕۆمانی کوردی بەجیهانی دەبێت؟لە کاتێکدا کە هیچ خوێندنەوەیەکی بۆ نەکراوە کە ئاستێکی بەرهەم هێنی هەبێت وجیاوازیەکانمان نیشان بدرێت ؟،لەکاتێکدا ڕۆمان بەبێ دەرخستنی جیاوازییەکانی لەڕووی ئەزموون وهۆکارەکانی تەکنیك وشێوە و زمانەوە شوناس و جیاوازی خۆی وەرناگرێت ،ئەمەش پرسیار و وەڵامێکی تەواو ترسناکە، بەبێ ئاست وجیاوازیی چۆن باس لە جیهانی بوون بکرێت؟"،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بە هۆی زەلیلی ڕۆشنبیری کوردی هەموو کەسێك دەبێتە بیرمەند،کە لە لای هەموو بیریارانی جیهان، بیرمەند ئەو کەسەیە کە بەر لە هەموو شتێك کێشەی لەگەڵ خودی خۆیدایە و خودی خۆی دەخوێنێتەوە، نەکو پیاهەڵدانی خۆی،مانای بڕیاری لابەلا چییە،کامەیە ئاستەکانیان .

(خوینەر ئەوەیە، یەکەم شایەتحاڵێکە دەبینێت و دەبیستێت ،ئەند ێشە دەکات و خۆی دەنوێنێ ،تێدەگات و نرخی دەزانێ ،وە هیچ نرخ زانینێك بەبێ گەواهی ناکرێت، وە خوێنەر دووەم شیکەرەوە و لێکدەرەوەیە،ڕووداوەکان شیدەکاتەوە بەئەندازەی لێکدانەوەی گوتراوەکان ،وە هیچ تێگەیشتنێك نییە بەبێ شیکردنەوە یان لێکدانەوە وە، لەدوا جاردا خوێنەر بریتییە لەڕاڤە کار و هەڵوەشێنەر.(٣١ل ٣٣)

کە دیارە بەپێچەوانەو لە ڕۆشنبیری کوردیدا پۆلینکاری نییە و زۆربەی هەرە زۆری خۆی کردوّتە بیریار و بڕیاردەر، کەپێویستە ئەو کەسانە دەیەها لێکۆڵینەوەیان هەبێت، ئەوسا بگەنە ئاستی بەرهەم هێنان، بە بڕیار و قسەی کۆن و لا بەلا ڕۆمان دەبێتە جیهانی کە بۆ تەنیا





حەرفێك ناچن بەلای ئایندەدا؟ ناتوانن ڕاڤەیەکی زەمەن بکەن ، ڕۆمان بە نووسینەوەی مێژوو دەژمێرن کە بەشێوەیەکی دیکە کە مێژوونوسان فەرامۆشی دەکەن، یاخود ڕۆمان کلێشە دار دەکەن ،یا سەرکەوتنەکانی لە تێکەلاوی دوو مێژووی ڕابردوودا دەبیننەوە، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی زۆری واقیعی ڕۆمانی کوردییە، ئەمانەو دەیەها ڕای تر کە ئێمە بەرە و گەرداوەکانی مێژوو دەبەنەوە و ، ،کە بەپێچەوانەی هەموو ئەو ڕایانە ڕۆمان ئەمڕۆ ژانرێکە لە لای باختین کلێشە و هونەری تاك وەرناگرێت، لە نوسینەکەی لەسەر فروئید ڕونی کردەوە کە مێژووی ڕۆمان بەکۆ خۆی دەناسێت نەکو بەسیفەتی تاك ،لای وایە کە ڕۆمان هەمیشە کار بۆ ئاینده و ڕوداوەکانی دوا ڕۆژەوە دەکات، و ژانرێکە هەمیشە گەنجە،وە هەروەها لای زۆر لە توێژەروان هونەرێکە بێ یاسایە،ئیتر کامەیە ئەو کلێشە بەند ییەی بۆ ڕۆمان دەکرێت ؟ کە کلێشە وەرناگرێت؟ لێرەشدا کامەیە ئەو نمونانەی بۆ بە جیهانی بوونی ڕۆمانەکانی دە هێننەوە دەیانکەنە داهێنان ،کە دەکرێت زۆریان وەك ڕە مزێکی زۆر تەقلیدی ناو ببرێن، کە ناتوانن پێشبینی دەبابە یان کۆلارەیەکی ئەفسانەیی بکەن لە سەد ساڵی ئاییندەدا؟ یان هەر شتێکی تر،چونکە ڕۆمان ئەمڕۆ کار بۆ پێشبینی ڕووداوەکانی ئاینده دەکات، لە کاتێکدا ڕۆمان لە زە مەن و جێگەی تەقلیدی ناوچەیی دەرچووە و دەبێتە گەردوونی و جیهانمان بۆ دەکاتە گوندێك، هەر بۆیەش لەوە دەرچوو کە کارکردن بێت بۆ مێژوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێو یستە لە سەر ئاستی خوێندنەوە و نوسین زەمەنی نوێ بەر جەستە بکات کە "دراج" شیکردنەوەی ڕۆمانی عەرەبی دەکات کە لەسەر ئاستی نوسینەوە سەر بە زەمەنی نوێگەری گەردوونییە ،بەڵام لەسەر ئاستی خوێندنەوە سەر بە زەمەنی تێکەڵە بە نوێگەری .بۆیەش ئێمە کە زە مەنی نوسین و خوێندنەوە مان د یار نییە و چۆنیش لە مێژوودا کار کراوە؟ کامەیە مێژوو واتاکەی؟ لێکدانەوەی مێژوو لە ڕوانینی ڕۆماننوس و نوسەرانی کوردە وە شێوازی تاکی وەرگرتووە یان

تاكو كۆیە لە یەك كاتدا؟ جگە لەوەش ئایا مێژوو لە ڕۆمانی كوردیدا چۆن دەبینینەوە؟ كام مانایە لە سەر مرۆڤ بەرجەستە دەكات؟

(لەبەر ئەوەی مانای مێژوو لە ڕۆماندا مانای مرۆڤ دەگەیەنێت كە سەردەمانێك چاوەڕوانی كاتێكی ئارەزوو پێكراوی دەكرد، كە پێی نەگەیشتبو و، چونكە بە بێ پێشبینی كردن بە سەردەمانێك گەیشتبوو كە هەرگیز ئارەزووی نەكردبوو، كە هەموو كاتەكان لە هەنوو كەیەكی ژیاودا تیایدا دە توێنەوە ،ڕابردوویەك پێی گەیاند ووە كە تێكەڵە بە تاریكی و ئایندەیەكی ناد یاری لێدە ردەچێت .٣٢ ص٣٦٦ )

هەر بۆیەش چۆن دە روانن‌ەپەیوەند ی و ئاست و قۆناغەكانی مێژوو،چۆن مانای مێژوو بەرجەستە دەكەن؟ ئایا چی كێشەیەكە لەم ڕۆژگارەدا ئێمە بۆ ڕوداوەكانی ڕابردوو ببەنەوە و جگە لە مێژووی باو باسی ئایندە ناكەن ؟ لە كاتێكدا ئەم باسانە زۆر كۆنن و هی چەرخی نۆزدەی ڕۆمانن، هەروەك "دراج"شیكردنەوەی دەكات : لە لای هێگەڵ كێشەی دەرچوون لە مێژوو سەری هەڵداوە و ئەو دوای ئەوە كۆتایی مێژوو دەبینێت كە واتاكانی لە سەر ناپلیۆن بەر جەستە دەبێت كە ڕۆحی شۆڕشی فەڕنسای بەر جەستە كردووە، كە سەرە تایەكی سەدیمی و دوایی كۆتاییەكی تەواو كەری بۆ مێژوو هەیە ،لای ماركس مێژوو بە ڕۆڵی خۆی كۆتاییەكی تر دە بەخشێت،لەوەی كە جاری وا هەیە كۆمەڵگەی شیوعی پێگەی دەوڵە تی بڕوسی دەگرێتەوە تیایدا ماملا نێی چینایەتی ناپلیۆن لەسەر پشتی ئەسپەكەی دێنێتە خوار لە هەندێ جاری تردا، ئەم دوو هەڵوێستە ئەوە دەردەخەن كە مێژوو بە ترۆپكی كۆتایی گەیشتووە، لە ڕێگەی تاكەوە یان بە ناكو ٚكیی چینایەتی كراوە كە تێپەڕی تاكەكان دەكات، لەم دوو حاڵەتەشدا ئایدۆلۆژیای سەركەوتوو دەبینرێت كە مرۆڤ دەخاتە شارێكی مەزنەوە، دوای ئەوەش فەلسەفەی ڕۆشنگەری لە كۆتایی مێژوودا دەركەوت كە بە پاڵپشتی بیری پێشكەوتن، زەمەنی كەردوونی بە زەمەنی ئەورووپی پێوا، لە ئێستایەكی سەركەو توو ئایندەیەكی لێ





جیابوەوە كە دژ كاری و جیاوازی لێ داڕێژرایەوە ، وە لە ئاید ۆلۆژیایەكی سەركەوتوو مرۆڤی تەواوی بۆ ئەوانی تر بەسەرچاوە دانا ،كە بزووتنەوەی مێژو دەبێتە بزوتنەوەی پێشكەوتنی ، بۆیەش پێشكەوتن دەبێتە ڕۆحی مێژوو، وەكو نوفالس دەڵێ: مێژوو دەبێتە پەرتووكێكی خودایی .

بۆیەش شۆڕشی زانستی وپیشەسازی بە گۆڕانی كۆمەڵایەتی دەناسرێت ،كە ئاڵوگۆڕی پەیوەند ییەكانی نێوان ، مێژوو،پێشكەوتن،ڕەها، وای لە" فالتر بنیامین " كرد كە لە زەمەنی پێشكەوتن خوازدا زەمەنی دەسەلاّ تداریّتی وا ببینێت كە زەمەنی شۆڕش بۆ ڕۆژێكی دیاری نەكراو دوابخات .

زەمەنی پێشكەوتن لە شۆڕشی زانستی وپیشەسازیدا پەیوەند ییەكی نوێی لە نیوان مرۆڤ و سروشتدا دامەزراند، هەروەكو لای ماركس گواستنەوەی جیهانی نوێ بە كتێبێكی كراوە دەبینێت، كە جارێكی تر لا هو تی ڕۆشنگەر ئامادە دەبێت ،بەم پێیەش ڕۆمان توانی لەگەڵ ڕەوتی گۆڕاندا پێشبكەوێت ، مێژووی پێشكەوتن لە مێژووی گێڕانەوەی دیاری كراوەوە دانرا،ڕۆمان لەگەڵ مێژووی پێشكەوتن خوازدا ڕێكەوت و جیاوازی لەگەڵ دا دروست كرد،بە دابەش بوونی یەكێتی واقیعی و خەیاڵكردنەوە و دەرچوونی لە ئێستاوە بۆ ئایندە دابەش بوو، چووە ناو مرۆڤی سەر زەویەوە كە بەپرسیاری نوێ با گراوی كراوە، بەم پێەش مرۆڤی ڕۆمان لە ناوی میرات گری ڕزگاری بوو،بەو پێیەی بەیانی ناوی تر دادەهێنێت ،چونكە مرۆڤی نوێ نمونەی مرۆڤی خەیاڵكەرە،بەرە و زەمەنی نوێگەری گەردوونی هات قوناغێكی پێكهێنا جیاواز لەوەی مێژوو بنوسێتەوە ،بەڵكو مێژووی ئایندەیەك دەردەخات كە ئێمە ئێستا نەماند یووە

(ڕۆمان مێژوو لێكدەداتەوە و ڕە تیشی دەكاتەوە ،لێكدانەوەی ڕەتكراوە داڕشتنە هەمەجۆرەكان دەخوازێت ، مێژوو بریتییە لەدەسەلاّتێكی خراپەی تازە بوەوە. ٣٣ل ٣٦٧)

ڕۆمان کار لەسەر نامۆ بوونی مرۆڤ دەکات،چونکە نامۆ بوو لە توانای دا هەیە ناوەرۆکی ونبوو هەڵبگرێت ،چونکە ڕۆمان واقیعێکی تر بۆ مرۆڤ بەر جەستە دەکات هەتا ئەوەی نامۆ بوو وونی کردووە و چاوەڕوانیەتی کە نایدۆزێتەوە، بۆیەش هیچ ڕۆمانیك و ڕۆماننوسێك نییە کە بە ئێستا دەست پێنەکات ،بەم پێیەش ئێمەپێویستە بەدوای دۆزینەوەدا بچین لەو دیمەنانەی لە ڕابردوو نیشانماند راوە،ئایا چی پرسیارێکیان لەسەر ئاییندە خوڵقاندووە ؟ چۆنمان دەگوێزنەوە؟ لەو چاوپێکەوتنانەی ،لەسەر شیعر و ڕۆمان و ئەدەب جگە لە ناو هێنانی خۆیان و ئازیزانیان،ئیتر هیچیان تیادا نییە، کامەیە کیشەکانی ڕۆمانی کوردی ؟ ،دەکرێت بە جیهانی بکرێت؟ لە کاتێکدا ئەم کێشەیە لە ڕۆمانی عەرەبیشدا جێگەی مشتومڕە ،کە دراج جیاوازی لە نێوان کۆمەڵگە و تاکەکانی نوسەردا دەکات

(ڕۆمانی عەرەبی ئەو کەسانەی دۆزییەوە کە دەینوسنەوە، نەك لە کۆمەڵگایەکی نوێ  کە بانگەشەی نوسینەوەی دەکات، لێرەدا ڕۆمان سۆزداری زمانی نەتەوەیی و چاك سازی زمانەوانی و کۆمەڵگای مەدەنی و ماڤ بەهاوڵاتی بوون دەکات،گرە و لە سەر ڕابردوو دەکات لە بری ئەوەی رابردوو بکات بە کۆن ،وە بەگریمانەکان ڕازی دەبێت و لە یە قینیش دڵنیایە ٤ ٣ل ٣٦ )

بەم جۆرەش ڕۆمانی کوردی زیاتر ئیشکرد نە لە مێژووی ناوخۆ، کە کاری ڕۆمان تێپەڕاندنە لە مێژووی  باو بەرە و مێژووی گەردوونی،پێویستە زەمەنی هاوچەرخ  بنوسێتەوە  کە مێژوونوسان نەیاننوسیو وە،پەنجەرە و فراوانییەکی نوێ کە لەوە بەر نەبینراوە,پێشبینی ئەنفالێکی تەکنەلۆژیای نوێ بکات ،نەك سەد جاری بنوسێتەوە نەیکاتە ئەدەبێکی زیند وو.چونکە هەڵەبجە و ئەنفال بوونەتە دوو پرۆژەی بازرگانی بۆ زۆر دەستەو گروپ و تاك و ئاوارە و لایەن، گرنگ ئەوەیە جگە لە وێنەکەی خۆیان کە ئێستاو سەد  سالی ترو ...هتد دەماندوێنن و دەمانخەنە بەردەم بەر پرسیارێتی و گفت و گۆ ئیتر وێنەیەکمان نەدی کە بڵێ دەلالەت لە هەڵەبجە و ئەنفال دەکەم





،کێ کۆرپەکەی عومەری خاوەری کرد بەزریانێکی سەدەی بیست و سێ ؟ کێ هەڵەبجەی گواستەوە  بۆ  مارد ین ؟ یا سیروان  بڕێژنە ناو زەریای سپییەوە ؟...هتد

هەر بۆیەش پێویستە ڕۆشنبیری کوردی هەوڵی خوێندنەوەی خۆی بدات و بتوانێت پرۆژەیەك بکات، لە بری بازرگانی هەوڵی خوڵقاندنی جیاوازی پرسیارەکان بدات ,ئەمەش  بەو  بیرمەندانە دەکرێت کە کەسەکانی فیکر و داهێنانن، لە پێناوی  گۆڕانی پەیوەند یدا بە خودی خۆیان و بیرەکەیان و جیهان.

کە دیارە ئەم گۆڕانانە بەشیکردنەوەی واقیعی ڕۆشنبیری دەکرێت،لە هەموو بوارەکانیدا ،بە هەموو پێگەکانییەوە ،کە ئێمەخاوەنی ڕاگەیاندنێکی کوردی نین ،کە توانیبێتی  هەنگاوی جیاکەرە وە بنێت و بەبێ لاسایی کردنەوە و جوینەوە کاری کردبێت، قەیرانەکان بەبێ تیئوری ڕاگەیاندن بەڕێوە دەڕۆن؟ بەبێ ڕافە و خوێندنەوە و جیاکاری، ئەی کەواتە ڕۆڵی ڕاگەیاندن چییە؟ چۆن تۆڕی پەیوەند ییەکانی ئێمە و ئەوانە؟ چۆن دەبێتە ئاڕاستەیەکی کارتێکەر لە داڕشتنەوەی پەیوەندی و ئاکار و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی؟ لە کاتێکدا ڕاگەیاندن بەرەو بونیادەکانی کۆمەڵایەتی هیچ  هەنگاوێکی ڕیشەیی نەناوە؟ کە ئەرکەکانی پەیوەند ی  بە گۆرانە ڕیشەییەکانەوە هەیە,پەیوەند ی بەو گۆڕان  و دایەلۆژەوە هەیە کە ڕۆژانە دەبێتە دایەلۆژی گشتی و زمانی ئاخافتنی  تاك و کۆمەڵ لە پانتاییەکانیدا، ئەمەش بە داهێنان دەکرێت لە هەموو بەشەکانی ڕاگەیاندندا ،کە جیاوازییەك دروست بکەن لە ڕووی شێوە و تەکنیك و زمانەوە ، چونکە لەم  ئاستەدا  توانای  کار کردنی  نییە بۆ هەستی  کۆمەڵایەتی ، چی جیاوازییەکیان هەبووە بۆ گواستنەوە بەرە و گۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەو شێوە خوێندنەوە سەقەتانە دەکرێت کە بۆ گەنجانی دەکەن، زۆر  بابەت بڵاو دەبنەوە لە سەر کچ و کوڕ و سێکس، بە ڕاستی جێگەی  قێز لێبوونەوەن،نازانین کوا پرۆژە و ستراتیژیەت و تیئوری ڕاگەیاندن ؟ کام پلان و نەخشەیەی هەیە بۆ گۆڕانی کۆمەڵ ؟ چۆن لەو بارە سەختەوە کورد بەرەو

جیهانێکی نویٚ دەبەن ؟ پێویستە ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی داهێنەرانە لە هەموو بوارەکاندا کۆمەلگا بگۆڕێت بەرە و جیهانی نویٚ ، ئەمەش پابەندی ئەوەیە کە ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆمان نییە کە جیهانی داهێنان دایمەزراند بێت ، کە ئەمەش کاریگەریی ئەوەی هەبوو کە هەر حزبە پێگە لە رۆژنامە و گۆڤار و کەناڵی راگەیاندندا بە گشتی بکاتەوە. کە دیارە بۆ فراوانی ئەم پێگانە ، دەبێت ئاستی رۆشنبیری ئێمە شیبکرێتەوە ئایا لە توانایدا هەیە بە داهێنان و کاری جدی بۆشاییەکانی ئەم پێگانە پڕ بکاتەوە ؟ ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە بۆ ئێمە،حیزبیش ماڤ خۆیانە ڕاگەیاند نیان هەبێت ، بەڵام نەبێتە جێگری ڕۆشنبیری، ئەمەش ئەنجامی نەبونی شۆڕشی فیکرییە کە بۆشاییەکانی خۆیان بە ڕۆشنبیران پڕکردەوە، لێرەشدا کێشەی ئێمە ئەوەیە کە ئەو پێگانە کار بۆ بوارەکانی داهێنان ناکەن ، کە تا ئێستا پرسیارێکی فیکرییان نەخوڵقاند ووە،کەناڵەکان جوینەوە و سو ینەوە بوون و ڕۆژنامەکان هیچیان نەخستۆتە سەر ڕۆشنبیری کوردی،چیی دایەلۆژێکیان خولڤاند هەتا ڕۆشنبیران بخەنە گەردەلولی گفتوگۆوە ؟،چی پرسیارێکیان وروژاند ؟ کام تاریکییەیان ڕۆشن کردەوە ؟ تا ئێستا چی لێکۆڵینەوەو بە دوادا چونێکیان کردووە کە ببێتە نامەیەکی ڕەخنەیی ؟ چی ترسێکیان بۆ دەسەڵات دروست کردووە ؟،کە هەولی بە سەرا چوونەوە و گۆڕان بدات ؟ کەدیارە بەهۆی نەبوونی ڕاگەیاندنێکی ڕاستە قینەوەیە کە هەموو شتەکان بەرە و بۆگەن بوون دەچن ، بە جۆرێك شیرە خۆرەکانیش بە بۆن کەوتوون,

هەر بۆیەش زۆربەی ئەو گۆڤار و رۆژنامانە وا تایەك نابەخشن جگە لە زەلیلی رۆشنبیری کوردی نەبێت، ئەم قەیرانە بە هۆی نەبوونی دەسەڵاتێکی جەماوەری و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و نەبونی شۆڕشی ڕیشەیی دروستبوو ، کە دەبوو دەسەڵاتی ڕۆشنبیری ڕۆڵی خۆی بگێڕایە،پێگەی رۆشنبیری پەیوەند ی بە دەسەڵاتی مەرکەزیەوە ببوایە لە ڕێی داهێنان و زەمینەی ڕۆشنبیری خۆی و تەقینەوەی داهێنان و





جیاوازی و ڕۆڵی ئەو یەکێتی نووسەرانەی کە لەدوای کۆنگرەوە کەس نەیزانی چی لێهات ؟ بە دوو لە تی پتر لە پانزە ساڵ مایەوە و نەبوونی فەزای داهێنان و چە قبەستوویی کۆمەڵگا لە باری دواکەو تویی خۆی ، نەبونی کەناڵی رۆشنبیری گۆڕانکەر، کە دیارە ئەم قەیرانە لەو ساتەدا چارە دەبێت کە ڕۆشنبیری کوردی تەوژمێك لە خۆی بگرێت ،ململانێی فیکری بێتە ئاراو پرسیاری فیکری و کردنەوەی دایەلۆگی فیکری . پێویستی بەو کەسە تایبەتمەندانە هەیە کە لە بوارەکانی فیکر و داهێناندا سەر قاڵن.ئەمەش لەپۆلێن کارییەکدا دەکرێت کە لە ڕۆشنبیری کوردیدا بکرێت ، پێویستی بە شۆڕشێکی ڕۆشنبیری هەیە،لە لایەن یاخی بووەکانی ڕۆشنبیرییەوە . نەکو ئەوانەی کە پروژەی ڕۆشنبیریان گۆڕی بۆ سەرچاوەی بازرگانی ، کە زۆر لە پێگە رۆشنبیریەکانی ئێمە تەنیا د یکتا تۆریەتی تاکە کەس زاڵە بە سەریداو ، بە پێی بەرنامەی داڕێژراو کار دەکات، بەم جۆرەش چۆن ڕۆشنبیری جیاوازی لە خۆی دەگرێت و خۆی جیا دەکاتەوە؟

ئیتر لە کوێوە پرسیار لە سەر لایەنە گرنگەکانی ڕۆمان بکەین ؟ تا چەندە بواری ڕۆژ نامە گەری کوردی توانیویێتی تەوژمێك بە بواری توێژینەوە و ڕەخنەی ڕۆمان بدات؟ تا چەندە بە ئاست و بەر پرسیارێتی ڕۆشنبیرییەوە دوور لە گروپ کاری و خاترانە و ئازیزایەتی و پلە شتی نوسیوە کە بلاو بوونەتەوە.؟ هەر بۆ یەش رۆمان ئاستێکی رەخنەیی نەگرتووە، چونکەپرۆژەی رەخنە وخوێندنەوەی ڕۆمانمان نییە و ئاشکرایە رەخنە بەوە ئاست دروست ناکات کە وەکو بێکاری و داوا کاری بنووسرێت، یان نووسینێکی سەر پێیانەی رۆژ نامە نووسی کە زۆربەی رۆماننووسەکانی جیهان بێزاریان لەسەر دەردە بڕن، رۆماننووسە عیراقیەکان بە گشتی لە چاوپێکەتنێکی گشتیدا ئەو ناڕەزاییە لە رۆژ نامەکانا دەدردە بڕن، کە بەهۆی رۆژنامەوە زۆر لە ڕۆمانە خراپەکان بازاڕی باش پەیدا دەکەن . زۆر ناحەقی تر کە لە بواری رۆژنامەوە بەرامبەر بە ڕۆمانەکانیان دەکرێت. چونکە رۆژنامە زیاتر کاری سەرپێی و کورت کردنەوە دەکات

له ڕۆمانەکە و پێکهاتەکانیدا، ئەمەش لە سەر ئاستی جیهاندا زۆر تورەیی ڕۆماننووسانی زیاتر کردووە لە وانەش ( فیرجنیا ولف و گراهام گرین) و دەیەها ڕۆمانووسی تر، ئایا دەبێت لە بواری ڕۆژ نامە نووسی ئێمەدا چی ڕوبدات ؟ کە زۆر لە ڕۆژنامە نووسانمان ئەوەی لە ڕۆژنامە دە یزانن تەنیا نووسینەوەی وەزیفەیەکە. کە (عبدالستار جواد) بە قوڵی ئەرکەکانی ڕەخنە گری ئەدەبی و ڕۆژنامە شیدە کاتەوە شێوازی رەخنە و زمانی ڕۆژنامە نووس دەردەخات کە زمانی ڕۆژنامە نووسی نوێ زمانی دەربڕینە لە هونەرەکانی ڕۆژنامە نووسیدا کە زمانی تایبەتی رەخنە گری ڕۆژنامە نووس لە زمانی بڵاوکراوە و هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی ڕۆژانە جیا دەکاتەوە.[٣٥]

کە دیارە بواری ڕۆژنامەی کوردی لاسایی کردنەوەی ڕۆژنامە نووسییە،بۆ یەش لە توانایدا نەبووە،پرسیارە فیکرییەکان بخوڵقێنێت و دایەلۆژ دروست بکات، توانای لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامە نووسی نەبووە کە ئەرکی گرنگی ڕۆژنامەیە، بۆیەش نەیتوانییوە ئەرکەکانی ڕۆژ نامە نووسی بە جێ بهێنێت ئیتر لە کوێوە لەسەر ڕۆمان بنوسێت؟

کە گرنگی ڕەخنە گری ڕۆمان جیاوازیەکی زۆری هەیە, پێویستە ئەو کەسانەی کە لە سەر بوارەکانی ڕۆمان دە نوسن، هەر هیچ نەبێت مێژووی ڕۆمانیان خوێند بێتەوە ، بە ڕاستی جێگەی سەر سوڕمان لێرە وەیە لە بابەتێکی دوور و درێژدا ناتوانن حەرفێك لە سەر ڕۆمان بڵێن، هونەر، تەکنیك، زمان، کەسێتی، سیستەمی گێڕانەوە و، گوتار، زەمەن، چنین، .. هتد زۆر لەو باسانە تەنیا کورت کردنەوەی ڕۆمانەکەیە و کراوە بە چیرۆکێکی کورت، هەر لەو نمونەیەوە دەبینیت ڕۆمانێکی تەواو تە قلید یە، کە چی چەند ڕستەیەك دەبینیت لە سەر ئەو ڕۆمانە،جۆرێکی ترە،ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەبێ مەعریفە دە نوسن و حەرفێك لە تیۆری ڕۆمان نازانن. ؟! ، نووسینەکانیان ناچنە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و مە قالی ئەدەبی و ڕۆژ نامە نووسی.ئەوەی لە ڕۆشنبیری کوردیدا جێگەی ئاماژە پێکرد نە چەند هەوڵێکی سەرەتاییانەی " عگا نهائی " و " سابیر رە شید " و "





سیامەند هادییە " کە سەرە تاییەکیان لە ڕەخنە و توێژینەوەی ڕۆماندا هەیە,

ئاشکرایە ئەو کەسەی کە لە هەربوارێکی ڕۆمان خۆی تا قیبکاتەوە پێویستی بە ڕۆشنبیریەکی بەر فراوان هەیە, لە هەموو ئاستەکاندا پێویستە توانای دواند نی دەق و دۆزینەوەی نادیار و رەمز و هێما و ئاماژە و یەکەی دەلالی هەبێت، لێکدانەوەی دەق بکات, بتوانێت گوتاری ڕۆمان و سیستەمی گێڕانەوە و زەمەن و زمان شیبکاتەوە، ببێتە داهێنەرێکی ترو ئاستە جیا جیا کانی ئەو دەقە دەربخات، بە پێچەوانەوە زۆر لەو انەی دەنوسن دەگەڕێن بە دوای شتی ئاسان، یان بە مەبەست ،نەکو بۆ ئەوەی کارێك لە فیکر و ڕۆشنبیریدا بکەن، ئایا تا چەندە ئێمە و ئەوانیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە ؟ هەر بۆیەش زۆر لەو بابە تانەی بڵاو دەبنەوە بەشێکن لە وڕێنە، یان ئاستی خوێندنەوەی خوێنەرێکی ئاسایی، چی پەیوەند ییەکیان بە ڕۆمان و ئەدەب و ڕۆشنبیرییەوە هەیە؟ لە کاتێکدا کە ناتوانن راڤەیەکی ئەو دەقە بکەن؟ بزانین ئەو دەقە چی ئاستێکی هەیە، لە چیدا سەرکەوتووە؟ لە چیدا ئیفلیجە، رەخنەکانی چین؟ بە راورد و لێکدانەوەی دواند نی دەق، وا تا شارد راوەکان، (میتا زمان، دەق، مێژوو). هتد.چونکە ئەوانە دەگەڕێن بە دوای دەقی کۆن ، ڕووداوی بەدوا یەکدا هات و بە زنجیرەی کرنۆلۆژی و د یاریکردنی شوێنکات و ناسینەوەی کەسێتی و ئاشنابوون پێی، بینینی ڕووداوەکان لە ڕابردووی خۆیان، لە کاتێکدا ڕۆمان لە هەموو ئەو ئاستە کۆنانە زەمەنی بە جێهێشتووە و ئێستا ڕوداوەکانی دەچێتە ئایندە. ،هەر بۆیەش ئاستەکانی ڕۆمانی کوردی و ئەزموونەکانی دیار نین، .زۆر لەو بابەتە سواوانەی دەنوسرێن جگە لە فوویەك هیچی تر نین .

ئەگەر لێرە وە بگەڕێینەوە بۆ بە راورد یك ،دەبینین ڕۆمانی کوردی لە ئێستادا زەمەنی چاو کردنەوەیەتی، لە بوارەکانی ڕۆمان و ناسینەوەی دە قەکانیدا دەتوانین ئاستێکی سەرەتایی بد ۆزینەوە. لە کاتێکدا کە

ئەزموونی نووسینی دەقی رۆماننووسین تا ڕادەیەك مێژوویەكی درێژی هەیە:

( "ئیبراهیم ئەحمەد" ساڵی ١٩٣٥ رۆمانێكی سوتاند ووە، ئەگەر نەیسو تاندایە و بڵاوی بكردایەتەوە دەبووە یەكەمین رۆمانی عیراقی.٣٦)

هەرچەندە لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوەی رۆشنبیریمان لە ئاستی رەخنە و لێكۆڵینەوەی رۆماندا بەو جۆرە هەژارە، ئەوا هەر هەمان ئاستی ئێستامان دەبوو : خۆ (ژانی گەل) ١٩٥٧ نووسرا.. یاخود (بگاقە یانصیب) ی" فەلە كەدین كا كەیی" و (پێشمەرگەی)"ڕەحیمی قازی" و چەند دەقێكی تر، كە لەگەڵ هەر كەمو كوڕییەكیان ئەگەر لە بواری رۆشنبیری ئێمەدا ڕاڤەیان بكرایە، ئێستا ئێمە ئاستێكی باشمان دەبوو بۆ ڕۆمان.لەگەڵ ئەوەی كە كۆمەڵگەی كوردی دوا كەوتوش بووە ، بەڵام كاریگەری تەواوی بۆ ئێستا دەبوو، هەر بۆ یەش پێویستە ئەوە بزانین كە لەئێستادا رۆمانی كوردی بێ شوناسە، هەروەها ئاستەكانیشی دیار نین, پێویستە بۆ ناسینەوەی ئاستی خۆمان و پەیوەند ییەكانمان لە ئێستا وە بۆ ئایندە كار بكەین.بەم جۆرەش لە ناو جیهانە فراوان و سەرسوڕهێنەرەكەی رۆماندا پێویستە خۆمان بدۆزینەوە, كە ڕۆماننووسی لیبی (أبراهيم الكوني) رۆمان بە مێژووی رۆحی مرۆڤایەتی دەزانێت ٣٧

كە پێویستە ئێمەش لە مێژووی رۆحی خۆماندا هۆشیار ببینەوە و بەشداریی بكەین لە پەیوەند ییە نێو نەتەوەیی و فرە زمانی و فرە رۆشنبیری و فرە دەنگی و فرە ئاسۆییدا بەرە و كرانەوە و نوێبوونەوە و گەشەسەندن بچین, پێویستە دایەلۆگی فیكری نوێ بكەینەوە, بە ڕووی خۆمان و جیهاندا بكرێینەوە هەر وەكو لای" حەرب" فیكر فەزایەكی فراوانترە بە زیاتر لەپانتایی جوگرافی بۆ كۆمەڵگەكان و نیشتمانەكانی. دەزانی ٣٨ ل ٢١٣ ).

شكاند نی بەر بەستەكانی نێوان زمانەكان و ڕۆشنبیریەكان و نەتەوە و كیشوەرەكان دەبەستێتەوە بە بەشداری بیر مەندان بە بیر و چەمكی





داهێنەرانەیان (بڕوانە اوهام النخبه)، كە ئێمەش ئێستا لە ئاستی پەیوەند ییەكانی جیهاندا گەیشتوینەتە ئاستە چركەییەكان و تەنیا ئەوەندە ماوە كە بتوانین بە شداری لە گۆڕانەكانی واقیعدا بكەین و رۆشنبیری كوردی بەرە و ئاستێكی تر بچێت, كە پرسیار و گومان لە ڕۆڵی خۆمان و ئەوانی تر بوروژێنین و بتوانین پرۆژە فیكریەكانمان بەرهەم بهێنین, بەرە و دایەلۆگی فیكری نوێ و كرانەوە بەڕووی خۆمان و جیهاندا بچین هەروەكو ( فۆكۆ ) رۆشنبیر بە ڕۆشنبیری گەردونی دەزانێت كە موڵكداری حەقیقەت و نوێنەری گشتییە. ( ٣٩ ل ٤٠

پەراوێز و سەرچاوە کان:

١- نظرية الروايه و الروايه العربية/ د. فيصل دراج/ المركز الثقافي العربي/ الطبعة الاولى لسنة ١٩٩٦ص٨١.
٢- الممنوع و الممتنع نقد الذات المفكرة/ على حرب/ المركز الثقافي العربي/ الطبعة الاولى ص٢٧.
٣- نفس المصدر ص ١٦.
٤- ئەهلی گێژەڵوکە، ناو نانی منه بۆ زۆر لەوانەی کە بەبێ بنەمای ڕۆشنبیری و بەهۆی گەردەلولی ڕۆژگارە وە بەڕێکەوت فڕێ دراونەتە ناو ڕۆشنبیری کوردیەوە.
٥- الممنوع والممتنع /نفس المصدر السابق/ص ٢٨٤/٢٨٣
٦- الممنوع و الممتنع انفس المصدر السابق/ ص ١٦.
٧- الحوار مع الدكتور المورخ / هاشم يحي الملاح, حاورة عبدالوهاب النعيمى/مجلةعمان العدد ٤٣ فى سنة ١٩٩٩ص ٤٤
٨- د.هاشم الملاح/نفس المصدر السابق "ص٤٣
٩- نفس المصدر ص ٤٣
١٠-نفس المصدر ص ٤٣
١١- الممنوع والممتنع انفس المصدر السابق / ص ١٠٦ .
١٢- الممنوع والممتنع انفس المصدر السابق/ ص ١٠٦.
١٣- الممنوع والممتنع انفس المصدر السابق/ص ١٠٥.
١٤- الممنوع والممتنع انفس المصدر السابق / ص ١٠٩.
١٥-الممنوع والممتنع انفس المصدر السابق /ص١٠٦ .
١٦- الراوية و اليوتوبيا/ محمد كامل الخطيب، دار المدى للثقافة و النشر
١٧- الملحمة والرواية/ ميخائيل باختين/ دراسة الرواية، مسائل في المنهجية/ د. جمال شحيد/ معهد الانماء العربى/ بيروت ١٩٨٢.





١٨- نظرية الرواية و الرواية العربية: نفس المصدر السابق.
١٩- سوود لە هەموو نووسینەکانی میخائیل باختین و هەموو ئەو نووسینانەی لە سەری نووسراوە وەرگیراوە.
٢٠- الملحمة و الرواية/ نفس المصدر السابق ص ٢٩ .
٢١- أ-ئارکیۆلۆژیای شانۆی کوردی، لەگەڵ دوو لێکۆڵینەوەی تر بە کتێبێکی بچوك بەناوی بەرەو دامەزراندنی شانۆی کوردی چەند ژمارەیەکم لێبڵاوکردەوە, دوایی بەسێ ژمارەی گۆڤاری مرۆڤایەتی بڵاو بونەوە، کە لەگەڵ چەند لێکۆڵینەوەیەکی تری شانۆیی ئامادەن بە کتێبێك بڵاو بکرێنەوە ئەگەر دەزگایەك بۆم بکات.
ب-کوردستان جوگرافیاو دەسەڵات لەڕۆژنامەی هاو بیری ژمارە (٦)٢٠٠٢ بڵاوبۆتەوە
. ٢٢- الرواية و تاويل،نظرية الرواية و الرواية العربية، د ، فيصل دراج ،الطبعة الأولي ٢٠٠٤ دار البيضاء المغرب
٢٣- الملحمة و الرواية /ميخائيل باختين نفس المصدر السابق ص٣٢ .
٢٤- بروانة أو هام النخبة أو نقد المثقف" على حرب "- الطبعة الثانية / ١٩٩٨، المرطز الثقافى العربى/ ص ٣٣.
٢٥- اوهام النخبة/نفس المصدر السابق ص ٢١٥
٢٦- مستويات دراسة النص الروائي/ مقاربة النظرية/ د.عبد العالى بوطيب الطبعة الاولى لسنة ١٩٩٩.
٢٧- الروايةوتاويل/نفس المصدر ص ٣٢
٢٨- تيۆرى ڕۆمان/ وەرگێرانی بۆ کوردی (محەمەد کەریم) چاپی یەکەم /دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم
٢٩ - اوهام النخبة/نفس المصد رالسابق/ص٥٧
٣٠- العمى و البصيرة"مقالات في بلاغةالنقد المعاصر"تاليف" بول دى مان"ت " سعيدالغاني الطبعةالاولي ١٩٩٥٣٠
٣١ - اوهام النخبة نفس المصدر ص ٣٣
٣٢- لروايةوتاويل ص٣٦٦

٣٣- نفس المصدر ص٢٦٧

٣٤- نفس المصدر ص٣٦

٣٥-النقد الصحفی د. عبدالستار جواد /دار الشؤن الثقافية العامة لسنة ١٩٩٩

٣٦- ئاستەنگەکانی رۆمانی کوردی/ مەلا بەختیار/ لەکتێبی لەپێناوی ئەدەبدا بڵاو بۆتەوە.

٣٧- اطلالة على عالم الرواية/ ناصر بن صالح الغيلانی، مةقالیَكة لة ئةنتةرنیَت وةرم طرتووة.

٣٨- أوهام النخبة أو نقد المنقف/ نفس المصدر السابق ص ٢١٣.

٣٩- أوهام النخبة/نفس المصدر : ص٤٠

٤٠- فراوانی بەرامبەر بە زاراوەی الفچاو ی عەرەبیە،پاش قوڵبوونەوەیەکی زۆرم لەسەر الفچا گەیشتمە ئەو ڕایەی کە فراوانی پڕاو پڕ واتای خۆی دەبەخشێت و بەرامبەرەکەیەتی بە کوردی.

٤١- بەشەش ژمارە ٢١٥ی ٢٠٠٢/١٢/١٣ تا ژمارە ٢٢٠ لەپاشكۆی ئەدەبو هونەری رۆژنامەی کوردستانی نویٚ دا بڵاوبۆتەوە،دوا تر لە ڕۆژنامەی هیومانیزم لە ژمارە( ١٠ ) تا ژمارە ( ١٦ ) جارێکی تر بڵاو بوونەتەوە ، بە گۆڕانێکی زۆرەوە ، لێرەدا زۆر ئیشم لە بابەتەکاندا کردۆتەوە بە شێوەیەکی بەر بڵاو دەوڵەمەندم کردوون،جگە لەوە دوای ئەوەش بۆ مەبەستی چاپ کردنیان بە کتێب،جارێکی تر دیسان کارم تیا کردوونەتەوە و هەڵەکانیشم راستکردۆتەوە . چاوەڕوانی جێگەیەکین بۆمان بکاتە کتێب.جگە لە مۆنتاژ هیچی تری ناویت ، بزانین چی جێگەیەك جیاوازی خۆیمان نیشان دەدات و چاپی دەکات.